# ژیری دەستکرد

# و مەترسییەکانی بۆ ژیان لەسەر زەوی

نووسینی: نادر
فەتحی بۆکانی
(شوانە)

مانگی
پووشپەڕی
٢٠٢٢ی
زایینی، ئاڵمان



www.rojhalat.de

www.bokan.de

Email:  redaktion@rojhalat.de

## پێرست:

پێش گوتە:.......................................................... ٢
ڕێگای ژیان.......................................................... ٥
لێهاتوویی مرۆڤ .......................................................... ٩
ڕزگارکردنی سەرمایەداری و ئەرکی ژیری دەستکرد ...................... ٢٠
لەسەر مرۆڤی ئاسایی و مرۆڤی کامیل .................................. ٢٦
مرۆڤخۆشەویستیی هێزداران!.......................................... ٣٢
ئەو شتانەی زۆر کەم باسییان لێوە دەکرێ! ............................ ٣٩
ژیری دەستکردی ژیر یا سەرووەری داهاتووی مرۆڤ........................ ٤٤
"ژیان" و چارەکردنی کێشەکان.......................................... ٥١
کەرەسەی چێکراو و ئەخلاقی ئینسانی .................................. ٥٨
ژیری دەستکرد و هەڵس و کەوتی نائینسانی ............................ ٦٩
شێواندنی ژینگە.......................................................... ٧٧
ژیان لە جیهانێکی مەجازی(ناڕاستەقینە)دا.............................. ٨٧
شوێنی ژیانی بوونەوەران.............................................. ١٠٥
گوتەی کۆتایی .......................................................... ١١٧

## پێش گوتە:

مرۆڤی ئەمڕۆ دەتوانی لە خۆی پرسیار بکات ئایا "ژیری دەستکرد[١] چی بەسەر ئێمەی مرۆڤ و بۆچوون و وێناکردنەوەکانی لە جیهاندا دێنێ و چلۆن کارتێکەری لەسەر ژیانی داهاتووی دەبێ؟"

بۆ زۆربەی مرۆڤ ڕوون نییە ژیری دەستکرد لە ڕوانگەی تێکنیکییەوە چلۆن کار دەکا یاخود چ دەورێکی گرنگ لە ژیانی ئەمڕۆ و داهاتووی ئێمەدا دەگێڕێ؟ پرسیار لێرەدا لەسەر جیهانی داهاتوو و ڕۆڵی مرۆڤە. جیهانێك کە تێکنۆلۆژی وەك کەرەسەیەکی ئۆتۆماتیکی ئیش ناکات بەڵکوو ئۆتۆماسیۆن خۆی بە شێوازی ئۆتۆماتیکی و سەربەخۆ دەستکاریی ژیانمان دەکات. ئێمەی مرۆڤ چلۆن دەبێ لەو کارە تێبگەین؟ ئایا ژیری دەستکرد کام هەست لە ئێمەدا پێك دێنی و کام هەستمان لێ دەستێنێتەوە؟ کام سنوور دەبێ دابنێین بۆ ئەوەی ڕێگای ژیانی داهاتوومان شێوازێکی هێمن و ئارام بەخۆیەوە بگرێ؟

ئەم نووسراوەیە لە ڕۆژانێکی گەلێك گەرمی هاوینی ئەم ساڵدا نووسراوە و هێشتا کۆتایی بە مەترسی ڤیرووسی کۆڕۆنا لە جیهاندا نەهاتووە. 'بیۆسیاسەت'[٢]ی شاراوە کە مەودای نێوان مرۆڤەکان دیاری دەکا، بە شێوازێکی سامناك و بە ژان و ئازارەوە هەم لە ڕوانگەی کۆمەلایەتی و هەم لە ڕوانگەی بیۆلۆژیکییەوە بۆمان ڕوون دەکاتەوە ئێمە چەندە بوونەوەرێکی لاوازین. چ دەرسەدێك لە ئێمەی مرۆڤ هەستیان بەو لاوازییە کردووە؟ کام لە ئێمە لەمڕۆدا لەجیاتی پەیوەندی لەگەڵ مرۆڤەکانی دیکە، گیا، ئاژەڵ و ژینگە، پەیوەندایەتی زیاتر و سۆزداریی نیزیکترمان لەگەڵ تەلەفۆنە مۆبایلەکەماندا هەیە؟

---

[١] هزری دەستکرد لە وشەی ئاڵمانییەکەیەوە "Künstliche Intelligenz" وەرگیراوە و بە ئینگلیزی دەبێتە "Artificial intelligence"

[٢] بیۆ پۆلیتیك بە مانای هێزێکی سیاسی و تێکنیکییە کە کارتێکەریی لەسەر هەموو مرۆڤی کۆمەڵگاکان دادەنێ.

وێدەچێ زانستی تێکنیکی، پەیوەندایەتی مرۆڤ لەگەڵ بوونەوەرانیتر و ژینگەی سڕ کردبێ و ڕێگایەکی نوێی بۆ دیاری کردبێ. دەیان ساڵە مرۆڤ خۆی بە مەترسی ڤایروسی کامپیۆتێرییەوە خەریك کردووە و وێدەچێ مەترسی ڤایروسی ڕاستەقینەیان لە بیر چووبێتەوە. کام گەنج ولاو لەمرۆدا لە هەنبەر ڤایروسی بیۆلۆژیکی گوێدەداتە سلامەتی خۆی؟ ئەوە ڤایروسی کامپیۆتێری بوون بارودۆخی ئابووری جیهانیان ئیفلیج کرد نەك ڤایروسی بیۆلۆژیکی. ڤایروسی بیۆلۆژیکی سیستەمی سلامەتی مرۆڤ دەخەنە ژێر مەترسییەوە و ڤایروسی کامپیۆتێری هەڕەشە لە پەیوەندایەتیی کۆمەڵایەتی و ئابووریمان دەکەن. شکی تێدا نییە هەر دووك ڤایروسەکان مرۆڤ لە خەوی نوقم بووی ناو جیهانی تێکنیکی مودێڕن هەڵدەستێنێ. ڕاستەقینەی ڕاستییەکان دیجیتاڵی نییە. بەڵام لە خەونەکانی جیهانی سیلیسیۆم تاڵ "Silicium-Tal"[٣] دا سروشتی چاوەڕواننەکراو بوونی نییە، بەڵکوو تەنیا پێشکەوتوویییەکی بەردەوامی تێکنیکی نوێ لەبەر چاودەگیرێ. بۆ بڕیاردان لەسەر هەڵس و کەوتی داهاتووی مرۆڤ کەرەسەی ئاڵۆزی ژیر، دڵسۆزیی بۆ مرۆڤ دەکەن. مرۆڤ لێرەدا وەك بەشێکی سروشت لە ئەژمار نایە بەڵکوو بەشێکە لە ژیری دەستکرد. ئێمە خۆ حیسابکەرێکی بیرکاریی نین، بەڵکوو بوونەوەرێکی ئاستەم، خەسارهەڵگر و بەسۆزین کە بەسەرهاتی ژیانی خۆمان دەگێڕینەوە بۆ ئەوەی بە هەستەکانمان بیانڕازێنینەوە. ئەگەر هاوسەنگیی ئاسایی ژیان پەکی بکەوێ، شێوازی ئاسایی ژینمان دەشێوێ و ڕادەوەستێت، نائارامی گەشە دەستێنێ، وارسکەمان (غەریزە) هاندەدرێ و دەبێتە هۆی وەکارخستنی بیری بیرمەندان.

ئەگەر گێڕاوەی بەسەرهاتی ژیانمان بکەوێتە ژێر پرسیارەوە، مرۆڤ لە دوورەوە و بەتایبەت کۆمەڵگاکان بە مەوداوە سەیری یەکتر دەکەن، لەپڕێکدا و لە دوورەوە مێژوویەکی ڕاهێنانی سەیروسەمەڕە پێك دێ! سیاساتوانان بۆ بەرپرسایەتی گشتیی خۆیان لەسەر بارودۆخی سلامەتی مرۆڤ، هەروەها حاڵەتە ڕەوانی و دەروونناسی کۆمەڵایەتییەکان بەدوای ڕێگا چارەدا دەگەڕێن. بارودۆخی ئابووری بۆ ماویەکی کەم دەست لەپێشی و سەروەری خۆی لە دەست داوە. سروشتی دەوروبەرمان چێژیان لە ئاتموسفێر وەرگرت و مرۆڤیش پشوویەکیان خستە نێو بیرکردنەوەکانیانەوە.

---

[٣] 'سیلیسیۆم تال' یان 'سیلیکۆم ڤالی' شوێنێکە لە باشووری سانفرانسیسکۆ کە وەك ناوەندی تێکنۆلۆژی نوێ ناسراوە. نادر، ئەو تاڵە ئاڵمانییە و دەیلی ئینگلیزی هەمان دۆڵی کوردییە بە واتای دەرەی مێوان دوو بەرزایی.

پەنجێرەکان وەك ئالترناتیڤێك بۆ بیرکردنەوە ماوەیەك بە کراوەیی مانەوە. چونکە بەو جوانییەی ئیمە ژیانی ڕۆژانەمانی پێوە دەڕازێنینەوە ئیتر نازانرێ خۆ بە چ شتێکەوە چڕ کەینەوە، بەڵام نیگا و لایەنی سەیرکردنەکەمان شەففاتر دەبێتەوە: لەسەر شێوازی بەڕێوەبردنی ژیانمان لە چوارچێوەی شێوەکاریی گشتییدا زانستی ئابووری و تێکنیك وێنەی بەختەوەریی داهاتووی ئێمە دەکێشنەوە. ئەم نووسراوەیەش جیا لەوە، هیچ هەوڵێکیتر نادات.

لێرەدا جێگای خۆیەتی ڕێز و خۆشەویستی خۆم بۆ بەڕێزان کاك ئەنوەر سوڵتانی و کاك مەنسوور سدقی لە ناخی دڵمەوە دەربڕم کە بە پێداچوونەوە و ساغکردنەوەی هەڵەکانم یارمەتیان داوم و بابەتەکەیان بۆ ڕازاندوومەتەوە. دەستتان خۆش و هیوادارم لە ژیانتاندا سەرکەوتوو و بەختەوەر بن.

نادر فەتحی بۆکانی (شوانە)، ئاڵمان

## ڕێگای ژیان

ئاخافتنەکە هەر لە سەرەتاوە هەوڵی لێك تێنەگەییشتن دەدا. لەسەر پرسیاری "ئایا کورەی زەوی ڕزگاریی دێت؟" ئەگەر من بایەم وەڵامم دەداوە: دوو پرۆسەی سەرەکی دەبینم کە مرۆڤ دەتوانێ ناوی هەڵس و کەوتی گەشەسەندنیان لەسەردا بنێت. یەکەمیان ئەو هەوڵدانەیە کە پرۆسەی بێ بەزەییانەی گەورەبوونەوە و هەڵمسان بوەستێنێ و لەجیاتی ئەوەی تەنیا سروشت وەك کانییەکی کانزایی سەیر بکا و کەڵکی لێ وەرگرێ، سروشتی زیندوو هەمیسان بدۆزرێتەوە. ئەو بزوتنەوە و چالاکییە درەنگ یا زوو هەوڵی پێشکەوتن لە سەرمایەداریی دەدا. هەر کەس ئەوەی نەوێ، دەبێ بیر لە ئالترناتیڤی یەخسیربوونی مرۆڤ بکاتەوە، کە مرۆڤی ساپییەن خۆی لە گاشەبەردی بیۆلۆژیکی ڕەها دەکا، تایبەتمەندییە کەسییەکانی و داهاتووی لە داتای پاشەکەوتووخراو لەسەر کەرەسە دیجیتالییەکان داوا دەکا کە بە تاقمێك بەڵینی و ژیانی هەمیشەییەوە بەستراونەتەوە.

ڕەنگە تاقمێك مرۆڤ دڵی خۆیان بە سەرمایەدارییەوە گرێ نەدابێ، بەڵام بارودۆخەکە زۆر جیددییە. ئەگەر لە سەد ساڵی داهاتوودا مرۆڤی مێژووناس هێشتا هەر مابن، لەسەر نیوەی یەکەمی سەدەی بیست ویەکەمدا دەنووسن: مرۆڤ هەوڵی داوە جێی خودا بگرێتەوە، هاوکاتیش پلانێتی زەوییان وەها خاپوور کردووە کە لەڕاستیشدا تەنیا خوداکان دەیانتوانی لەسەر زەوی بژین.

مەترسییەکی گەلێك گەورە و مەزنە، سەردەمێکی گەلێك کورتە و خەڵکی داهاتووی ئەم هەردە زانیارییەکی ئەوتۆیان لەسەر ژیانیان نابێ چونکە دواتر مێژووناسێك بوونی نابێ مێژووەکەیان بۆ تۆمار بکا. ئایا دەتوانین پلانێتی زەوی لەو مەترسییە ڕزگار بکەین؟ یاخود ئایا مرۆڤایەتی لەو بەڵایە ڕزگاریی دێت؟ لە کاتێکدا تاریکایی مێشکی خۆمان دەدۆزین، و ڕووداوەکان بە وێنەی ڕەنگی تۆمار دەکەین، ئێمە تەنیا پەلەقاژەی ئینسانی بەڕێوە دەبەین – نەك ڕێگایەك بۆ گەیشتن بە "مرۆڤی کامیل" کە نیتچە لە

سەردەمی خۆیدا ئاماژەی پێکردووە. ئەو شانازییەی کە مرۆڤی بەهۆی لێهاتووییەکانیەوە لە ئاژەڵ جیا کردەوە و گۆڕانی بەسەر پرۆسەی گەشەسەندن دا هێنا و کردیە سەروەری ئەم جیهانە، لە لایەکەوە بەرە بەرە بوونە هۆی تووناکردنی ژینگە، کانزا سروشتییەکان و ئاژەڵان و لەو لاشەوە بۆ پاساو دۆزینەوە و مانادان و درێژەدان بە ژیانیان چەمکگەلی وەك کۆیلەداری، فئۆدالیزم، ئایین، ناسیۆنالیزم، سەرمایەداری، کومۆنیزم، ئاتئیسم و لەو چەشنانەیان دۆزینەوە، کە ئەمرۆش مەترسییان بۆ درێژەدان بە ژیانی خۆیان، ژینگە و هەموو بوونەوەرانیتر پێکهێناوە.

کێ پێی خۆشە چەشنە مرۆڤی ساپییەن بە جیددی وەرنەگیرێت و لە داهاتووشدا وەك بوونەوەرێکی سەرکەوتوو لەسەر زەوی نەمێنێتەوە. بەهۆی زانیاریی و تێگەیشتووییەکەیەوە دەتوانێ بەرەکەت بە خۆی، ئاژەڵ و ژینگەی دەوروبەری بگەیێنێ بەو مەرجەی سنوورەکانی خۆی بناسێ. بەو ڕادەیە کە ئێمە لەسەر بارودۆخی پلانێتەکەمان زانیاریی زیاترمان هەبێ و بزانین کاری تێکنیکی پێشکەوتوو چلۆن بەڕێوەدەچێ، بەهەمان ڕادەش بە ڕوونی دەیبینین کە ژیری دەستکرد ناتوانێ بە تەواوەتی جێی مرۆڤی ساپییەن بگرێتەوە. ئێمە لە داهاتوودا کێ دەبین و چ ئەرکێکمان دەبێ، کەمتر پەیوەندیی بەوەوەهەیە چلۆن هەڵس و کەوت لەگەڵ کەرەسەی خوڵقاندنی دەستی خۆمان دەکەین، بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ تێگەییشتووییمان سەبارەت بە دنیای بیۆلۆژیکی کە ئەمڕۆ بەهۆی کەمتەرخەمییەوە گرنگایەتی پێ نادەین، سەرەڕای ئەوەیکە دەشزانین ئێتر هیچ ئاڵترناتیڤێکیتر ناتوانێ جێگای ئەومان بۆ بگرێتەوە. بەڵام ئایا ئاگایی کۆمەڵگا لە سەرووی 'کات'ەوەیە؟ ئایا تێگەییشتوویی ئاساییمان لێ دەگەڕێ یاخود بەسە بۆ ئەوەی بزانین ئێمە کێین و هێندە باوەڕبەخۆییمان تێدا بەدی بکرێ لە هەنبەر کەرەسە و ژیری دەستکردی خۆمان مەترسیمان تێدا پێك نەیەت؟

لە سەردەمی گەورەبوونەوەی مەترسی لە هەنبەر کارەساتی کەش و هەوا و بەگورجی هەڵمسانی کارەساتی ئابووریی جیهان زۆربەی نیشانە و پێوانەکان گۆڕانیان بەسەردا هاتووە. مرۆڤ ناتوانێ ئێتر لەسەر داهاتوو بدوێ وەك لە ڕابردوودا دەدوا. دیارە تێکنۆلۆژیای نوێ کارتێکەری لەسەری هەیە و مێژووی تێکنیك یەك لە سەرەکیترین سەرکەوتوویی و کەرەسەی گرنگی مرۆڤی ساپییەنە، کە خۆی بەسەر سروشتێکدا زاڵ بکا کە هیچ بەزەییەکی پێیدا نەیە. ئەوەیکە مرۆڤ بەرە بەرە دەبێ

سەرنجی خۆی بە سروشت بدات، ئەزموونێکی گەلێك پێشکەوتنخوازانەیە. ئەزموونەکانی شەست و حەفتا و هەشتاکان ئیتر کۆن بوون و پێشکەوتوو نەماون. بە شێوەیەکی سەرسووڕهێنەر و گورج لەمڕۆدا ئەو ئەزموونانە بۆمان بێگانە بوون.

ناکرێ لە ساویلکەیی سەدەی بیست و یەکەم، واتە پرس وڕا، ئاگایی و زانیاریی خۆش بین. بە هەمان شێوە سەبارەت بە بۆچوونی زانایان، بەرهەمەکانی پیشەسازیی وەك ئەو شتانەی تا ئەمڕۆ دەیانناسین و بوونەتە هۆی لەناوبردنی کانزا سروشتییەکانیش. ڕەنگە کارێکی دژوار نەبێ مێژووی پێشکەوتوویی زانیاریی تێکنیکی هاوکات لەگەڵ مێژووی پێناسینی ژینگەی وڵاتە ڕۆژئاواییەکان بگێڕینەوە. بە بڕوای من ئەو گێڕانەوەیە بەستراوەیی بە ڕوانگەی کاتی و کولتووری مرۆڤی جیاواز لە یەکتر نییە. بە واتایەکیتر ئەو مێژووە هەموو بەش و ناوچەکانی ئەم زەوییە و مرۆڤەکانی دەگرێتەوە.

هاوکات لەگەڵ پەرەسەندنی ژیری دەستکرد و ئاسایی بوونی لەناو کۆمەڵگاکاندا، خەمخواری بۆ ژینگە لە حاڵەتی گشتی هاتۆتە دەر و بۆتە کێشەیەکی کەسی مرۆڤەکان. مرۆڤ شێوازی گیاخواری، نەخواردنی گۆشت و بەرهەمی ئاژەڵان، هەروەها گرنگیدان بە ژینگەی کردۆتە پیشەی خۆی بەڵام بەداخەوە تەنیا لە بازنەیەکی بچووکدا. تاقمێك لە حیزبەکان پرۆپاگەندا بۆ ژیانی سروشتی و پاراستنی ژینگە دەکەن کە بەداخەوە لایەنگریان بە هەڵسەنگاندن لەچاو حیزبە سەرەکییە سوننەتییەکان گەلێك کەمە. ئەو جیهانەی لە لایەن مرۆڤەوە دروست کراوە پەرە دەستێنێ و جیهانی سروشتی بە پێی کات تووشی هەرەسهێنان هاتووە. لە حاڵێکدا سیاسەتوانانی سەردەم و بەرپرسانی ڕێکخراوە سەرمایەدارییەکان لەسەر باشییەکانی جیهانی نوێ و ژیری دەستکردی مرۆڤ ئاخافتن دەکەن، مەزنترین کاولکاریی لەسەر بیر و مێشکی مرۆڤ بەرێوەدەچێ. بەڵام سەیر ئەوەیە لە کاتێکدا مرۆڤ بە ووردی فێرکراوە خۆی بە بارودۆخ و بەرهەمی پیشەسازیی، ناوەندی کارەبا و هەوا، شەقام و کەرەسەی هات و چۆی بەستراوە بە کاربۆن و ماکە زیانبارەکانیتر بۆ ژینگە خەریك بکات، بە شێوەیەکی سەیروسەمەرە لەهەنبەر لایەنی ئەرێنی و نەرێنی جیهانی دیجیتاڵی بێدنگی لێهێناوە. کامپیۆتر، لاپتاپ، تابلێت، تەلەفۆنی مۆبایل و ... بە بێ باتری کار ناکەن. ماکەی لیتیۆمی بەکارهاتوو بۆ ئەو کەرەسانە لە وڵاتانی شیلی، بۆلیوی یا ئارژانتینەوە

سەرچاوەدەگرن و کارتێکەرییەکی گەلێك نەرێنییان لەسەر ژینگە، ئاژەڵ و مرۆڤ هەیە. تەپ و تۆزی ژەهراویی، توانەوەی بەفر و بەرزبوونەوەی ئاوی سوێر و کەمبوونەوەی ئاوی شیرین لە جیهاندا کێشە بۆ داهاتووی مرۆڤ و بە گشتی بوونەوەران پێك دێنن. بەهۆی چالاکیی شەڕخوازیی لە چەند گۆشەیەکی ئەم جیهانە ڕێکخراوە سوپاییەکان بە چاندنی مین لەناو زەوییەکاندا مەترسییان بۆ مرۆڤ و بەتایبەت منداڵان پێکهێناوە. وڵاتانی دیکتاتۆریی وەك ئێران و تورکیا بە ئەوپەڕی بێ شەرمییەوە لە پێش چاوی هەموو جیهان پێشلکاریی مافی مرۆڤ دەکەن، کەڵك لە سامانی وڵاتەکە و خەڵکەکەی وەردەگرن، بۆ بەڕێوەبردن و پشتیوانیکردن لە شەڕی خوێناوی نێوان وڵاتان و نەتەوەکانیتر. لە باشووری ئەفریقا بەهۆی چاوچنۆکی بۆ وەدەستهێنانی ماکەی پلاتین زۆربەی مرۆڤ زەوی و ماڵ و ژیانیان لە دەست داوە. تەواوی ئەو کارانە بۆ ئەوەی کەرەسەی نوێی پێ دروست بکەن و ژینگەی پێ پیس بکەین. لە ساڵدا زیاتر لە ١٥٠ هەزار تۆن کەرەسەی خراپ بوو یاخود لە مۆدکەوتووی ئەلکترۆنیکی تەنیا لە وڵاتی ئاڵمانەوە دەچێ بۆ وڵاتی چین.

بەڵام تاقمێکی گەلێك کەم تامەزرۆییان بۆ دوو لایەنەکەی دیکە هەیە: خەمخواری و پێویستی بۆ مانەوەی ژیانی بیۆلۆژیکی، و پێشکەوتوویی تێکنیکی لە لایەن ژیری دەستکردەوە. لەو ناوەڕاستەشدا پرسیارە کۆنەکان هەمیسان قوت دەبنەوە، مرۆڤ بوون بە چ مانایەکە؟ چاوەڕوانییە ڕاستەقینەکانمان کامانەن؟ داهاتوویەکی باش و پڕ لە ئاسایش چ مانایەکی هەیە؟ کام یەك لە بەها ئینسانییەکانی تێدا دەگونجێ؟ بەو هۆیەی باس و گفتوگۆکردن لەسەر پێشکەوتوویی زانستی تێکنیکی کە ئەو هەستە ئینسانییانەی تێدا بەدی ناکرێ و ناتوانی بیانناسێ، مەترسی بۆ داهاتووی مرۆڤ پێکدێنێ.

## لێهاتوویی مرۆڤ

چەندە حەیف دەبێ ئەگەر مرۆڤ نەتوانێ لە کاتی خۆیدا ئاوڕێك لە ڕابردوو و هەڵەکانی بداتەوە و پێش بەو هەموو زیانە بگرێ کە بە خۆی، ژینگە و بوونەوەرانیتری گەیاندووە. مرۆڤ دەتوانن بە ئەزموون وەرگرتن لەو بەشە کۆتاییانەی مێژوودا گەلێك زانیاری لەسەر چۆنییەتی ژیانی خۆیان فێر بن. ڕووداوێکی گەلێك ناخۆشە لەمڕۆدا بە ئاشکرایی دەبینین ژیری دەستکرد بەرۆکی بە فەلسەفە گرتووە و ناچاری کردووە مرۆڤ و بۆچوونەکانی بە چاوێکیتر سەیر بکا. هەر وەك وەرگری خەڵاتی نۆبێل هربێرت ئا. سایمن "Herbert A. Simon" (١٩١٦ - ٢٠٠١)ی ئەمریکایی ساڵی ١٩٧٧ فۆرموولەی کردووە: "گرنگترین پرسیار ئەوەیە کامپیۆتر چ کارێکی بەسەر مرۆڤ، وێناکردنەکەی و شوێنی ژیانی لەسەر ئەم ئونیوێرسامەدا هێناوە و لە داهاتوودا دەیهێنێ؟"

زیاتر لە دوو هەزار و پێنج سەد ساڵە مرۆڤ خۆی بە سروشتەوە هەڵواسیوە. بەهۆی لێهاتویی، ژیری و چالاکیی بەردەوام و پەرەسەندنی زمان، فەرهەنگ، داب و نەریت و لێهاتوویی بڕیاردانی، ڕێگای خۆی لە بوونەوەرانیتر جیا کردۆتەوە. هەستی خۆناسین، بیرکردنەوە، ژیربوون و هەروەها لێهاتوویی هەژماردن و لێکۆڵینەوە ئەو تایبەتمەندیانەی بوون کە توانیویە شارستانییەتی پێ بونیات بنێ و خۆی بە شێوەیەکی خێرا بەسەر ناوچەکانی ئەم پلانێتەدا بڵاوکاتەوە. بەڵام کەرەسەی تێکنیکی و بەتایبەت ژیری دەستکرد دەتوانن باشتر لە مرۆڤ ببینن، گوێیان لێ بێ، حیسابات و لێکۆڵینەوە بکەن. ئەوە بارودۆخێکی نوێیە و بۆ ئەوەی ژیری دەستکرد وەپێش مرۆڤ نەکەوێ و نەیکاتە کۆیلەی خۆی، مرۆڤ ناچارە دەبێ ژیرتر و چالاکتر لە جاران بیر بکاتەوە و هەڵس و کەوت بکا.

بارودۆخەکە پارادۆکسە، هاوکات لەگەڵ ئەوەدا کە مرۆڤ دەبێ خۆی لەگەڵ ئاژەڵ و سروشت ڕێکبخات، زیاتر و زیاتر خۆی لەگەڵ کامپیۆتردا هاڵدەسەنگێنێ. ئێستاش

با بزابین بە چ ڕادەیەکی کەم توانایی کامپیۆتر و ژیری دەستکرد لەگەڵ بلیمەتی مرۆڤ یەك دەگرنەوە. ئەو هیواداریی و چاوەڕوانیەی زانایانی ئەو بوارە هەیانبوو کە لە ماوەیەکی کەمدا پێشکەوتوویی لە ڕەهەندی بیر و هزری مرۆڤ پێك بێ، هەرەسی هێنا و بە ڕاست وەرنەگەڕا. هەمان بۆچوون لەملاشەوە هەر بێوەڵام ماوەتەوە. خولقێنەرانی ژیری دەستکرد لە شەستەکانەوە تا ئەمڕۆ لەسەر ئەو باوەڕەن کاتێکی گەلێك کورت ماوە بۆ ئەوەی بە ئامانجەکەیان بگەن. ئەوان بەردەوام خۆیان بە بایەخی ئینسانییەوە خەریك کردووە و هەوڵی خۆگونجاندن لەگەڵ ژیری دەستکرد دەدەن. هەموو جارێکیش کارەکەیان هەرەس دێنێ. چونکە ناسینی ووردی سیستەمە ئامارییەکان ناتوانێ بلیمەتی ڕاستەقینە پێك بێنێت.

هزر یاخود بلیمەتی ئینسانی لەسەر لۆجیك و ئەندازیاریی لە تەمەنێکی دیاریکراودا کارتێکەری دەبێ. بلیمەتی ئینسانی هەمیشە لەژێر کارتێکەریی هەست، ئارەزوو، خورسکی ئینسانی و پەیوەندییەکانیدایە. بیر و بۆچوونێکی سالم دژ بە ژیربوونی عەقڵانییەت ناوەستێ، بەڵکوو بە هەمان ڕادە بەها ئینسانییەکان لە ژێر کارتیکەریی بارودۆخەکاندا گۆڕانیان بەسەردا دێ. مرۆڤ بە گشتی زۆر کەم بیردەکەنەوە و لەویش کەمتر بیرکردنەوەی لۆجیکییە. ئەگەر باس لەسەر داهاتووی ژیری دەستکرد بێ، ڕەخنەگرتن کارێکی لۆجیکییە بۆ مرۆڤ. ئەوەیکە بیرکردنەوەی مرۆڤ کارێکی لۆجیکی بەتەواوی مانایە، بۆچوونێکی بەتەواوی هەڵە و زێدەڕۆیانەیە.

زۆربەی زانایانی ئەو بوارە لەسەر ئەو بۆچوونەن کە ژیری دەستکرد تەنیا ووشەیەکی بازاڕیی و تەبلیغاتیی ئەمڕۆییە بۆ ترساندنی مرۆڤ. بە پێچەوانەی کامپیۆتر مرۆڤ لەسەر شێوازی "ڕێسا و یاسا" بیر ناکەنەوە. جیهانی بڕیاردانیان بە ووردی سنووردار و دەورگیراو نییە و بە بارودۆخ و هەستەکانیانەوە بەستراوەتەوە. ڕۆحی ئینسانی خۆی ناخاتە چوارچێوەی سیستەمێکی پرۆگرامییەوە، بەڵکوو لە سەرەتاوە هەست، بیر، قسە و کردەوەکانی بڕیاردەر و بەرپرسن بۆ هەڵس و کەوتەکانی. بەڵام کامپیۆتر بە پێچەوانەی مرۆڤ کەرەسەیەکی ناتەوانە لەوەدا کە زانستی خۆی هەبێ و لێی تێ بگا. ئاڵفا گۆ "AlphaGo" پرۆگرامی کامپیۆتری ڕێکخراوەی گووگل خۆی نازانی چ کارێک بەڕێوە دەبا و ناشتوانێ ڕوونی بکاتەوە بۆچی. مرۆڤ چوارچێوەیەکی بۆ ئەو ژیرەە دەستکردە دیاری کردووە و لەو

چوارچێوەیەدا دەتوانی هەڵس و کەوت بکا. هەر کارێك جیا لەو چوارچێوەیە بێ نایناسێ و ناتوانی هەڵوێستی لەهەنبەردا بگرێ.

ئەو کارانەی ژیری دەستکرد لەمڕۆدا بەڕێوەی دەبەن، دیارە جێی خۆشحاڵییە کە بڕێك ئەرکی ئینسانی بەرێوە دەبەن، بەڵام بە هیچ شێوازێك ناتوانین لەگەڵ بلیمەتی ئینسانی هەڵیانسەنگێنین. ژیری دەستکرد ڕەنگە لە تاقمێك ڕوانگەوە بلیمەت بێ، بەڵام بە هیچ شێوەیەك بە تێگەیشتوویی یاخود ژیریی خۆیەوە پەیوەندیی نییە. ئەوەیکە لە داهاتوویەکی دیاریکراودا گۆڕانی بەسەردا بێ، هەر وەك دەیبینین جێی باوەڕ نییە. ئەرکی کامپیۆتر ئەوە نییە بە زوویی جێگای ئێمەی مرۆڤ بە تەواوەتی بگرێتەوە. گرنگتر لە هەمووشتێك ئەو دۆزراوەیەیە کە کامپیۆتر ناتوانێ جێگای مرۆڤ بگرێتەوە. کامپیۆتر فێری مرۆڤ دەکا لە ڕوانگەی ئاڵۆزیی لەڕادەبەدەر و ئاڵۆزیی چاوەڕواننەکراوی داهاتوودا خۆمان زیاتر بە بیرکردنەوە و دۆزینەوەی ڕێگاچارەی کێشەکانمانەوە خەریك بکەین. زۆر لیهاتوویی بەرز و بە نرخ لە مرۆڤدا بەدی دەکرێ کە جیاوازیی نێوان مرۆڤ و کەرەسەی دەستکردی خۆمان دیاری دەکا.

ئەو ژیری دەستکردەی کە یاری شەترەنج لە مرڤ دەباتەوە، هیچ هەستێکی ئینسانی تێدا نییە. دیارە هەر وەك زۆربەی فەیلەسۆفانی سەردەمی کەونی یۆنان و فەیلەسۆفانی سەردەمی ڕۆشنگری وەك ئیمانوئیل کانت لەسەر ئەو باوەڕە بوون، کوڵی دەروون یاخود هەستیاری، کەمایەسیەکی نالۆجیکی ئینسانی نییە. بە بێ هەستەکانمان عەقڵ و فام ناتوانێ تێ بگا چ کارێك دەبێ بەڕێوە بەرێن. ئەوە پاڵنەری خواستی سۆزداریی و وەدیهێنانەکەیانە دبنە هۆی گەڕان بەدوای شادی ژیانی مرۆڤ. تەنانەت هەستکردن بە ئەرکەکانیشمان زیاتر لە "هەست" شتێکیتر نییە. ئەو ڕاستییە کە ژیری دەستکرد بە یارمەتی سێنسۆری هەستپێکەری ئەلکترۆنی دەتوانێ لاسایی تاقمێك لە هەڵس و کەوتە ئینسانییەکان بکاتەوە، بە هیچ شێوازێك نایانهێنێتە پلەی هەستیاریی مرۆڤ. ژیری دەستکرد ناتوانێ هەموو هەستەکانی ئینسانی بخوێنێتەوە. هەستەکان کاتێ پێك دێن کە هەستیاریی ببێتە هۆی هاندانی ئیدەکان. شێوەی ئاڵۆزی خەمباریی وەك بەزەیی پێداهاتن، پەشیمانی یا تەنیایی، هەروەها شێوەی ئاڵۆزی خۆشحاڵیی وەك شانازیکردن یا متمانەبۆخۆیی گەلێك دژوار دەخوێندرێنەوە. ئەوەیکە ئایا زانیاریی کۆکراوەی سێنسۆری ئەلکترۆنی، سەرلێشێواوی یا واق و وڕمان، ناهومێدی یا تۆڵەساندنەوە،

کونجکۆڵی یا هیوادارییە، ناتوانێ هەستیان پێ بکا و تەنانەت جار و بار بە تەواوی، خۆیشی ناتوانێ بزانی ئەو زانیارییانەی هەیە. ماشێنی دەستکردی مرۆڤ ناتوانن ووردەکارییەکانی هەستە ڕاستەقینەکان وێنا بکەن و لێیان تێ بگەن.

هەستیارە سۆزدارییەکانی ئێمەی مرۆڤ بە ڕادەیەك ئەستەمن کە مرۆڤ لەگەڵ خوڕسکیی سروشتی بوونەوەران گرێ دەدا. لەو خاڵەدا تەنانەت نیزیکی ئێمە لە گیاو گژەکان زیاترە هەتا لە ماشێنەکانی دەستکردی خۆمان. کارەساتی ڤایرووسی کۆڕۆنا کە زۆربەی مرۆڤی لە لاوازیی جەستەی خۆیان لەهەنبەر مەترسی نەخۆشیی ئاگادار کردەوە، دەبێ مرۆڤ لەو خەوە هەستێنێ کە دۆزینەوەی دووبارەی هەستە سروشتییەکان تەنیا بە ترسی هەستپێکراوەوە نەلکێندراوە. هاوکاتیش سەفەرێکی سەرنجڕاکێشە بۆ ناو شوێنێکی بیۆلۆژیکی کە تا ڕادەیەکی زۆر هێشتا زانیاریمان لەسەری نییە و لە تاریکیدا ماوەتەوە. مرۆڤ دەبێ تەنیا بیر لە سەد بلیۆن باکتری بە هەزاران چەشنی جیاواز بکاتەوە کە لەناو ڕیخۆڵەکانماندا ژیان دەکەن. قورساییی هەموو ئەو باکترییانە پێکەوە تەنانەت لە قورسایی مێشکمان زیاترە. ئەو باکتریانە کە زۆربەیان تەمەنیان لە مرۆڤ زیاترە، نەك هەر کارتێکەرییان لەسەر هەزمی ناو گەدە و ڕیخۆڵەکانمان، بەڵکوو لەسەر بیرکردنەوەشمان هەیە و لەوانەیە تەنانەت کارتێکەرییان لەسەر هەڵس و کەوتیشمان هەبێ؛ چەشنە ئوکۆ سیستەمێك کە ئێمە هەر وەك زۆربەی شتەکانیتری ناو سروشت هێشتا لێیان تێ نەگەییوین و زانیارییەکی ئەوتۆمان لەسەریان نییە.

زانایانی بیۆلۆژیکی نوێ کەمتر چاویان لەوەیە بزانن ژیانی بوونەوەرانیتری ناو سروشت چ گرنگایەتییەکیان بۆ مرۆڤ هەیە. ئەو زانستە زیاتر هەوڵی ئەو تێگەییشتوویییە دەدا کە هەستیاریی، تێگەیشتن و ژیانیان لە هەنبەر بوونەوەرانی زیندوو بە چ مانایەکە. جا شەمشەمەکوێرە بۆ مرۆڤ چ گرنگایەتییەکی هەبێ، بە ڕاشکاوییەوە جیاوازیی هەیە لەگەڵ ئەوەیکە بۆ شەمشەمەکوێرە چ گرنگایەتییەکی هەیە کە شەمشەمەکوێرەیە. چارلز داروین جارێکیان گوتوویە هەر کەس لە پاویان (چەشنە مەیموونێکە) تێ بگا، فەیلەسۆفێکی مەزنترە لە جان لاك "John Locke". بەڵام تێگەیشتنی ڕاستەقینە لە پاویان بەو مانایەیە: "پاویان بوون بۆ پاویانێکیتر چ مانایەکی هەیە". ئەو چەشنە تاقیکارییە هەر وا بە ساکاریی چاوەدێریی بوونەوەرانی زیندوو

ناکا، بەڵکوو چاوەدێریی ئەوە دەکا کە ئایا بوونەوەران لە ڕوانگەی خۆیانەوە چلۆن چاوەدێری یەکتر دەکەن. زانایان لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا ڕوونیان کردەوە کە بوونەوەران تەنیا لە ژینگەیکدا ناژین، بەڵکوو هەر بوونەوەرێك لە ژینگەی تایبەت بەخۆیدا دەژی.[٤] ژینگەی من ئەو شوێنەیە کە من وەك ژینگە دەیناسم و دەیڕازێنمەوە – جا جیاوازی نییە لای مێش، پەپوولە یا شێر و پلینگ یاخود لای مرۆڤ بێ. هەروەها سنووری شوینە هەستپێکراوەکەم سنووری ئەو جیهانەیە کە تایبەت بە منە. شوێن و کات، هەڵس و کەوت و ماناپێدان تەنیا دەسکەوتی زەینین – ئەزموونێك کە بە پێی زانایان دەبێ لە ناوەندی هەر بیۆلۆژییەك ڕاوەستابێ بەڵام تا ئەمڕۆ هیچ چالاکییەك لەخۆی نیشان نادا.

تەنیا لە دەیەی ڕابردووەوە ئەو پرسیارە کە چلۆن چەشنە بێگانەکان لە بیگانەبوونی خۆیاندا بە شێوەیەکی گونجاو و شیاو لێك تێدەگەن، هەمیسان ڕووناکایی خراوەتە سەر و ئەو دیاردەیە لە ئیان بوگوست "Ian Bogost" ئاکادمیسیەنی ئەمریکایی لە ئەنستیتۆی جۆرجیای تێکنۆلۆژیی ئاتلانتا لەژێر ناوی "دیاردەناسیی بێگانە" دا زیندوو کراوەتەوە.[٥]

هەستیاریی مرۆڤ و ووشیارییەکەی تەنیا دوو لە چەندین لێهاتوویی و تایبەتمەندییەکانیترین. ئەگەر بەشی "عەقڵانییەت"ەکەی جیا بکەینەوە – دەبێ چ بوونەوەرێکمان بۆ بمێنێتەوە؟ ئەوە تەواو ئەو "جیهانی ئەزموون"ی کامپیۆتریەیە کە پرسیاری "دیاردەناسیی بێگانە" دەخوڵقێنێ. جیاوازیی خۆشەویستانەی وەك نێوان مرۆڤ و ئاژەڵ، سروشت و کولتوور، بکەر و بەرکار، بە گرنگ دانانرێن و لە بەر چاوی مرۆڤ بەتەواوی کەمڕەنگ دەکرێنەوە. لەحاڵێکدا مرۆڤ، ئاژەڵ و گیا و بوونەوەرانیتر بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ ژیری دەستکرد، لێك نیزیکترن. بەڵام جیاوازیی نێوان "دیاردەناسیی بێگانە" گەلێك زۆرە. کتێبێك بە ناوی "چلۆن مەیموون جیهان

---

[٤] Jakob Johann von Uexküll: Umwelt und Innenwelt der Tiere, Springer ١٩٠٩; ders.: Theoretische Biologie, Springer ١٩٢٨, ٢. Aufl.

[٥] Ian Bogost: Alien Phenomenology, or What It’s like to Be a Thing, University of Minnesota Press ٢٠١٢.

سەیر دەکەن" دەنووسرێ،[٦] بەڵام کتێبێك لەژێر ناوی " کامپیۆتر چلۆن جیهان سەیر دەکەن" بێ مانایە و تەنیا بۆ جەفەنگ پێکردن دەبێ. ژیری دەستکرد هیچ جیهانێك دروست ناکا و بە دڵنیاییەوە هەستی بوون لە جیهانێکی ئەوتۆیدا تێدا پەروەردە نابێ. بەڵام تەواو ئەو هەستە واتە "لە ناو جیهاندا بوون" پێداویستییەکی گرنگ بۆ هەموو ئەزموونە ئینسانییەکانە (هەر وەك بۆ هەموو بوونەوەرانیتری سەر ئەم هەردەش) کە چ شتێك پەیوەندیی بەوانەوە هەیە یا نییەتی. کۆگایەکی مەزن لە زانستی کول و بێ دەنگ ژیانی ڕۆژانەی ئیمەیان پێکهێناوە کە هەڵس و کەوت و زمانمانی پێی دیاری دەکرێت. ماناکان بە شێوەی عەقلانی پەرە ناستێنن بەڵکوو گوێڕایەڵی کۆنتێکستەکان دەبن. بیرکردنەوەمان بۆ هەست، ئەخلاق و هەڵس و کەوتی ئاڵۆزمان گەلێك ئاستەمن. هەر تەوەرێك لەسەر ئاسۆی زانستی پێشووی کولتووری و بنەماڵە بۆمان دیاری دەکرێ. لەڕاستیدا بیرکردنەوەی مرۆڤ ڕێگاچارەی لۆجیکی کێشەکان نین و بە پێچەوانەی ژیری دەستکرد بەوەوە نەبەستراوەتەوە کە چێ دەبینین، بەڵکۆ خاڵی گرنگ ئەوەیە کە چلۆن دەیبینین. مەبەست "لە ناو جیهاندا بوون" بە ناچار بەو مانایەیە کە ئێمە دیاردەکان بە شێوەی ناچالاك و پاسیڤ هەست پێناکەین. ئەوەیکە ئیمە باوەڕمان هەبێ شتێکی ڕاستە یا نا، زیاتر پرسیارێکی ئیمانداربیە، زۆر بەربڵاوتر لەوەیە کە خۆمان بیری لێ دەکەینەوە. زۆربەی کێشە و گرێکانی ژیانمان بە تێکۆشان یاخود بە چالاکیی بەردەوام دەتوانین لەسەر ڕێگا لابەرین. بۆ ئەوەی بتوانین خۆمان لەگەڵ ژیانمان ڕێك بخەین، زۆر کەم پێویستیمان بە بەڵگە هەیە. زۆر زیاتر ئێمە خۆمان بە متمانەکردن و بێ متمانەیی خۆمانەوە هەڵدەواسین. مرۆڤ، ئاژەڵ، شتەکانی دەوروبەرمان و مێدیاکان لەسەر ئەو شێوازە و بە بەردەوامی، بە چەکی هەستەکانمان ڕەنگ دەکەین و بە ڕاستەقینەیان دادەنێین. هەڵیاندەسەنگێنین و لەو شوێنەی شتێك نرخێکی لەسەر دانرابێ، دەبێ پێوانەیەك هەبێ کە ئەو چەشنە نرخ لەسەردانانەمان بۆ گۆنجاو بکا. لەڕاستیدا هەر بەو شێوەیەی هەستی پێ دەکەین جیهانی دەوروبەرمان زیاتر و بەهێزتر لەسەر نرخ دانان ساغ بۆتەوە هەتا لە ماکەی ئەتۆم. ئەگەر ئێمە متمانەکردن، ڕاستەقینە، ئازادی، دۆستایەتی، ڕێزلینان، پێزانین، ئەمەکداریی، وەفاداری، یارمەتیدان و هتد... بە بەهاکانی ئینسانی دابنێین و بیانناسین – و ئەو کارە

---

[٦] Dorothy L. Cheney und Robert M. Seyfarth: Wie Affen die Welt sehen. Das Denken einer anderen Art, Hanser ١٩٩٠.

بەڕێوەبەرین کە زۆربەی مرۆڤی ئەم جیهانە بەڕێوەی دەبەن – ئەوکات تەنیا وەك بەهاکانی زەینی خۆمان سەیریان ناکەین بەڵکوو بە شێوەی چاوەکی بەڕاستیان دادەنێین. لە ژیانی ڕاستەقینەدا لە هەموو زمانێکی فەلسەفی بەها ئینسانییەکان ڕۆڵێکی گەلێك بەرچاو دەگێڕن: وەك هەستی زەینی لە دنیای خۆماندا وەریان دەگرین، بە شێوەیەك کە وەك شتومەکی چاوەکی دەوروبەرمان سەیریان دەکەین.

ژیری دەستکرد بە پێچەوانەی مرۆڤ هەست بە هیچ بەهایەکی ئینسانی ناکەن. تەنانەت ئەگەر مرۆڤ هەوڵ بدا پرۆگرامی تەیبەت بە بایەخە ئینسانییەکانیشیان تێدا بگونجێنێ، هێشتا هەر ناتوانن بە شێوەی مرۆڤ هەست بە گرنگبوونی خۆیان بکەن. چونکە بایەخێکی ئینسانی کە نەتوانرێ هەستی پێ بکرێ، مانا و نرخیشی نابێ. چۆنیەتیی و چێژی خۆشەویستی، دۆستایەتی، جوانی، دڵڕفێنی، زانست و تێگەیشتوویی بە بێ هەستکردن و بەشداربوونی پێنج ئەندامی هەستیاریی مرۆڤ لێ تێگەیشتنیان گەلێك دژوارە. جێی سەرسووڕمان نییە کە کارێزمای کەسەکان لە لایەن سەگ، دۆلفین و فیلەکانەوە زۆر باشتر هەستی پێ دەکرێ بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ ژیری دەستکرد. هەر کەس بیەوێ ئەو بایەخە ئینسانیانە بە شێوەی پرۆگرام بنووسێ، دەبێ بەوەش ڕازی بێ کە بۆن و بەرامیان، چێژ و جوانییان لێ کەم دەکرێتەوە و سارد و سڕ بە بێ هەستپێکردن و تێگەیشتوویی، هەڵس و کەوتیان لەگەڵدا دەکرێ. ئەو ڕاستییە کە هەڤاڵێکی باش بۆ ئیمە جێی ڕێز و خۆشەویستییە تەنیا بە هۆی کاتی پێکەوە ڕابواردنمان، پەیوەندیی نێوانمان، ژمارەی ووشەکانی گوتراوی نێوانمان، دڵۆڤانی و خۆشەویستی یا دیاری و نیزیکیەکانیترەوە بایەخی ڕاستەقینەی هەیە. هیچ ژیرێکی دەستکرد ناتوانێ تێبگا بۆچی چالاکییەکانی ژیان بۆ مرۆڤ هێندە گرنگایەتییان هەیە و بەو شێوازە کاتێکی زێڕینیان بۆ تەرخان دەکرێت. ئەو وێنانەی مرۆڤ لە ژیانیدا بینیویە و ئەو ئەزموونە تاڵ و شیرینانەی تاقی کردوونەوە و بە گۆشت و پێستەوە هەستی پێکردوون، لە لایەن ژیری دەستکردەوە هیچ بایەخێکی نییە.

ئەوەیکە بایەخە ئینسانییەکان بە شێوەی چاوەکی سەیر دەکرێن، دەتوانین لەسەری باس و لێکۆڵینەوە بکەین، بەڵام ناتوانین نەڵێین کە بۆ مرۆڤ گرنگایەتییەکی گەلێك حەیاتییان نییە. تەنانەت ئەو کاتەی ئەو بایەخە سەرەکییانە لە زۆربەی کولتوورەکاندا بەهایان وەك یەك بێ و بە چاوێك سەیر بکرێن، هێشتا ناتوانێ لە ڕوانگەی هەموو

مرۆڤێکەوە بە باش یا دادپەروەرانە هەستی پێ بکرێ. بۆ وێنە کارە هوونەرییەکانی پیکاسۆ دەتوانی بۆ کەسێك لەو پەڕی جوانیدابێ و بۆ کەسێکیتر ناشیرین بێ. ڕەنگە بۆ کەسێك دادپەروەرانە بێ ئەگەر هەموو مرۆڤێك داهاتیان وەك یەکتر بێ، و بۆ یەکیتر وا نەبێ. بایەخە ئینسانییەکان ڕەنگە لای مرۆڤ وەك یەك سەیر بکرێن بەڵام بەستراونەتەوە بە بازنەی کولتووری و داب و نەریتی تێگەیشتوویی مرۆڤ. لێرەدا بەو هۆیە ناتوانرێ بایەخە ئینسانییەکان وەك پرۆگرام لە ژیری دەستکرددا بگونجێندرێن چونکە لە هەر شوێنێکی ئەم هەردە سەرەڕای جیاوازیی کەم لە نێوانیاندا بایەخە ئینسانییەکانیان لە ڕوانگەی خۆیانەوە سەیر و مانادەکرێنەوە. بۆ وێنە ئەگەر بایەخە ئینسانییەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوایی بە مەحەك دابنێین ئەوانیش بە نۆبەی خۆیان بە پێی کات گۆڕانیان بەسەردا دێ و بە شێوەی ڕێژەیی سەیر دەکرێن.

کاتێ مرۆڤ ئەو چەمکانەی دێتە سەر ڕێی ژیانی بە بێ شك و گومان ڕایدەگرێ یاخود وەلای دەنێ، ڕێزی لێ دەگرێ یا شەرمی لێ دەکات و هاوکاتیش ئاوێتەی داب و نەریتی خۆی دەکا، ئینجا خووی پێ دەگرێ و کارتێکەرییەکی گەلێك مەزن لەسەر هەڵس و کەوتی دەبێت. مرۆڤ بە شێوازی ژیرانە دەوروبەری ژیان و ژینگەیان ڕێك و پێك ناکەن، بەڵکوو زیاتر تامەزرۆییان بۆ بارودۆخی زەینی ڕووداوەکانی ژیانیان هەیە. تامەزروویی سروشتی گیا بۆ تیشك، بەربەرەکانی ئاژەڵ لە هەنبەر برسێتی و ڕاوکردنی بۆ درێژەدان بە ژیان، لە مرۆڤی ساپییەندا جیاوازیی هەیە. هەر مرۆڤێك لە ڕوانگەی کەسایەتی کەسییەوە جیاوازی لەگەڵ ئەویتر هەیە. مرۆڤ ڕاو ناکا بۆ ئەوەی تەنیا خۆی پێ تێر کا بەڵکوو ڕاو دەکا چونکە چێژ لە ڕاوکردن دەبینێ. ئەوەیکە ئایا مرۆڤ کەوتۆتە دوای چێژوەرگرتنی زیاتر لە ژیانی، یا تا ئەو جێگەیەی بۆی گونجاو بێ لە ئازار و ناخۆشییەکانی ژیانی دووری بکا، بەستراوەتەوە بە ڕوانگەی مرۆڤەکانەوە. ئەو شتەی ئیمە بۆ لای وێنەکانی ژیان، مۆسیقا، فەلسەفە، وەرزش یا نووسینی بەرنامەی کامپیۆتێری ڕادەکێشێ بڕیارێکی لۆجیکی نین، تەنانەت بەو هۆیەی هەموو شتێك ڕێژەییە، لە ڕێگای لۆجیکیشەوە مرۆڤ ناتوانی سەداسەد بڕیاری لۆجیکی بدا. لەوانەش گرنگتر ئەوەیە چلۆن گەورە دەکرێین و لە چ بازنەیەکی کۆمەڵایەتیدا ڕادەهینرێین و بۆ چ کار و چالاکییەك تامەزرۆیی لەخۆمان نیشان دەدەین. ئەو کارە دەبێتە هۆی ئەوەیکە مرۆڤ بە شێوازی جیاواز لەیەك و بەستراوە بە داب و نەریتی خۆیانەوە هەست بە بایەخە ئینسانییەکان بکەن و هەڵس و کەوتی لەگەڵدا بکەن.

هیچ کەسێك بە تەنیا و لە فەزایەکی بێ هەوادا گرنگایەتی بە بایەخە ئینسانییەکان نادا. مرۆڤ بوونەوەرێکی بەستراوە بە کۆمەڵن و چالاکییەکانیان بۆ ئەوە نییە کە ئامار یاخود ئەندازیارییەکانی پێ دیاری بکەن بەڵکوو کارتێکەرییان لەسەر مرۆڤەکانیترە – تەنانەت ئەگەر کەسێکی نەناسراو، هونەرمەند، سیاسەتوان، زانیار و هتدیش ... بن. بایەخە ئینسانییەکان و تامەزرۆییەکان ئەگەر گۆاستنەوی لەگەڵدا نەبێ و لەناو مرۆڤە جیاوازەکاندا ئاڵ و گۆڕ نەکرێن، مانایان نابێ. بە پێچەوانەی مرۆڤ، ژیری دەستکرد بەو شێوەیەی ئەو دیاردانە بۆ مرۆڤ گرنگایەتی فیزیکی و حەیاتییان هەیە، کۆمەڵ ناناسێ و کولتووری کۆمەڵایەتی و هەست بە ناسین کردن و بایەخدان بە بەها ئینسانییەکان ناتوانی تەخمین بکا. ئیمە چین و خۆمان بە چی دەزانین، ئەو شتەیە کە مرۆڤیتر لە ئیمەدا دەیبینن و بۆخۆمانی دەگێڕینەوە. چونکە جیاواز لە کەرەسەی چێکراو، مرۆڤ لە پەیوەندایەتی خۆی و بەستراوە بە مێژووەوە بوونەوەرێکە کە بە مەیلەوە لەسەر خۆی و ڕووداوەکەنی مێژوویی دەوروبەری چیرۆك دەگێڕێتەوە. لەڕاستیدا زۆربەی کاتی ژیانی ڕۆژانەمان لەسەر ئێستا و حاڵی حازردا ساغ نەبۆتەوە بەڵکوو بەردەوام وێنەکانی ڕابردوو یا داهاتوومان وەربیر دێتەوە بۆ ئەوەی بە ئاوێتەکردنی لەگەڵ ئێستای ژیانمان بەستێنێکی مانادار و پڕبایەخی لێ ساز کەین و هیچ گرنگیش نییە ئەو بەستێنەمان ئەزموون کردبێ یا تەنیا گێڕاوە بن یاخود لە فیلمدا بینیبێتمان. ئێمە خوومان گرتووە لەگەڵ خەونەکانمان باشتر و ووردتر هەڵس و کەوت بکەین بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ ڕاستەقینەی ژیانمان. ئیمە سەرەڕای ئەوەیکە دەشزانین ڕاستەقینە نییە، کاتێ سەیری فیلمێك دەکەین، هەستی سۆزداریمان هاندەدرێ و دەگرین یا بە هاندانی هەستی خۆشەویستی خۆمانی پێ بەختەوەر هەست پێ دەکەین.

ئەو لیهاتووییە کە مرۆڤ بتوانێ لە ئێستای ژیانیدا لەگەڵ داهاتوو و ڕابردووی ژیان بکا، بارودۆخێکە کە هیچکات ژیری دەستکرد ناتوانی لێی تێ بگا. هەر ئەزموونێکی ژیان خۆی لەخۆیدا بێ وینایە تەنانەت ئەگەر دووپاتیش بێتەوە. تا چ ڕادەیەك ژیانمان بە چرکەیەکی دیاریکراوەوە بەستراوەتەوە و لە چ ئاسۆیەکی کاتییدا پێك دێ، ڕووداو و چالاکییەکانی ژیانمان پێك دێنێ. دیارە ئەو کاتە سنووردارە و لە هەر سەردەمێکی ژیاندا وەك یەك نییە. لە سەردەمی منداڵیدا زۆر بە ئەسپایی تێپەڕ دەبێ و لە سەردەمی پیریدا گەلێك بە پەلە. ئەگەر مرۆڤ بۆ هەمیشە ژیانی کردبایە ڕەنگە بە کۆکردنەوەی ئەزمونی زیاتر بڕیارەکانی ژیانی بە تەواوی بە شێوەیەکیتر و جیاواز دەربڕیبا و

لەوانەیە بۆ بایەخدان بە ڕووداوە جیاوازەکانی ژیانمان کێشەیەکی گەلێك مەزنترمان بۆ دروستبوایە.

هەست، تامەزرۆیی، بایەخە ئینسانییەکان و کات بۆیە لە ژیاندا گرنگایەتییان هەیە چونکە ئیمە وەك هەستی کەسیی خۆمان ئەزموونیان دەکەین. بە پتوونی هەستپێکردنەکانم و خۆناسینم تەنیا لە دەوری "من" دەگەڕێن، ناوەندێك کە سەرەڕای ئامارەکانی پشکێنەری مێشك و فەیلەسۆفان کە ئاماژەی ڕاستەوخۆی پێ ناکەن، هەستی پێدەکەم. ئەو "من"ە لە ژووری بەرزترین قاتە، کە هەموو هەڵس و کەوتی ڕۆحی، سۆزداریی و ویستەکانم تێدا هات و چۆ دەکەن. تەواوی ئەو هەستانە کارتیکەرییەکی مەزنیان لەسەر هەڵس و کەوت، بایەخدان بە بەها ئینسانییەکان و چلۆنایەتی ئەخلاقمان هەیە. تەنیا بەو هۆیەی ئیمە خۆمان وەك "من" هەست پێدەکەین، دەتوانین بیر لەسەر هەڵس و کەوتەکانمان بکەینەوە و بەرپرسایەتیان لە ئەستۆ بگرین. تەواوی ئەو کارە وورد و ئاستەمانە لێهاتووییەکی ئینسانین کە هیچکات ژیری دەستکرد ناتوانی هەستیان پێ بکا.

هەستەکانمان، بایەخە ئینسانییەکانمان، خۆناسینی کاتیمان، هەست بە"من" کردنەکانمان و لیهاتوویی ئەخلاقیمان بۆیە بەو شێوەیەن کە هەن، چونکە لە درێژەی مێژووی گەشەسەندندا سەلماندوومانن. ئەوانە هەموویان خۆگونجاندنێکی نەخوازراون لە بوونی سنوورداری کاتیی ئیمە لەسەر زەوی. ئیمە بە یارمەتی ئەوانەوە ڕێگای خۆمان لە ژینگەیەکی ئاڵۆزی فیزیکی - بیۆلۆژیکی و کولتووریدا دەدۆزینەوە. ئەزموونەکانمان نرخێکی رەوانیی نەبەستراوەی مرۆڤایەتی نییە بەڵکوو لە پێناو خزمەتکردن بە خۆگونجاندنمان لەگەڵ ژینگە و مرۆڤەکانی دەوروبەرماندایە. بڵیمەتی و ووشیاری ئێمە گەلێك مەزنن، بەڵام نەك بۆ سەیرکردنی جیهانێکی چاوەکی و بابەتی، بەڵکوو بۆ ئەوەی خۆمانی تێدا بگونجێنین و ژیان بکەین. چالاکیی و توانای خۆناسینی ئێمە بۆ وێناکردنی جیهان و هاوکاتیش ئەو هەستەی بۆ خۆمان پێکی دێنین کە لە ناو ئەو جیهانەدا ژیانی پێ بکەین، پێویستی بە لێهاتووییەکی ژیرانەیە کە ژیری دەستکرد هەرگیز ناتوانێ پێی بگا.

ژیری دەستکرد جیهانێکی دەستی سێهەمە. جیهانی دەستی یەکەم ڕاستەقینەیەکی چاوەکییە لە هەموو شتەکان کە لە ژووری خۆناسینی مرۆڤدا شاراوە دەمینێتەوە و مێشکی مرۆڤ بە تیگەیشتوویيەکی سنووردارەوە ناتوانێ هەستی پێ بکا بەڵکوو تەنیا وەك جیهانێکی دەستی دوو دەتوانێ لای خۆی وێنای بکا. ئەگەر بەشەکانی ئەم جیهانە بە چەمکەکانی دیجیتاڵی وەك بیت، بایت، کیلۆبایت و مێگابایت هەڵسەنگێنین بەرهەمیکی ئینسانی پێك دێنین کە هەمان جیهانی دەستی سێهەمە. ئەو جیهانە سەرەڕای لیهاتوویيە پێشکەوتنخوازەکانییەوە زۆر ئاڵۆز نییە، بەڵام بە شێوەیەکی بەرچاو ڕێك و پێکە. ئەو جیهانە لە ژمارەی کامیلی بیرکاری پیکهاتووە: ژمارەی باینێری، لۆژیکی نەگۆڕ، پێناسەی وورد و ئالگاریتمەکان. ئەوان تەواو بەو شێوەیەن کە مرۆڤ خۆی ئارەزووی کردوون.

ئەو گوتەیەی بەردەوام لە لایەن کاربەدەستان و سیاسەتوانانەوە دووپات دەکرێتەوە کە "ئەرکی داهاتوو دەبێ لەسەر شانی مرۆڤ بێ" پێویستی بە شۆڕشێکی بیر و هزر و تێڕامان لە سەر ڕێگای ئەمڕۆی ئێمەوە هەیە. چونکە ئەگەر لە ڕاستیدا ئەرکی ژیان لەسەر شانی مرۆڤ دابنرێ، ئیتر ئەرکی تێکنیك وەك بازاڕێکی پارە دەرهێنان و هێزبەدەستەوەگیراو نامینێ و ئەو شتەی لێی دروست دەکرێ ئیتر ماڵوێرانکەر نابێ بەڵکوو زیاتر سەردەمیکی بیۆلۆژیکی ڕێزلێنان لە یەکتر و کات بۆ ئارام بوونەوە و ڕاوەستاویی لێ بەرهەم دێ. ئایا سەردەمێکی داهاتووی لەو چەشنە جێی وێناکردنە کە لەوێدا کەسەکان بەرژەوەندی خۆیان لە ناوەڕاستی ئەو چاخەدا ببیننەوە؟ ئەوانە کێن کە هاندەری پێشکەوتوویی بۆ پەرەپیدانی ژیری دەستکردن؟ هەروەها پرسیارێکیتر: بۆچی و لەبەرچی تامەزرۆیی زیاتر بۆ تێکنۆلۆژیای ووشیار و ژیری دەستکرد لە خۆمان نیشان دەدەین؟

## ڕزگارکردنی سەرمایەداری و ئەرکی ژیری دەستکرد

کۆمەڵگای پیشەسازیی سەدەی بیست و یەکەم کێشەی ناسنامەی زانستیی نییە ــ کە وابوو پێویستیشمان بە هێزێکی لەڕادەبەری وەك ژیری دەستکرد بۆ دۆزینەوەی چارەسەر نابێ. ئەگەر دۆنالد ترامپ خۆی لە ڕێککەوتنامەی کەش و هەوای کیۆتۆ و ڕێککەوتنامەی ئەتۆمی ئێران دەکشێنێتەوە و لەسەر بەرژەوەندی سیاسی و ئابووری خۆی نەتەوەی کورد لە سوریا بەجێ دەهێڵێ و سەگ و گورگی ئوردۆغانیان تێ بەردەدا، نەتەوەیەک کە بۆ سەرکوتکردنی داعش بە گیان و دڵ هەزاران شەهیدیان دا، ئاڵترناتیڤێکی وەك ژیری دەستکردیش هیچ کارێکی لەدەست نەدەهات و بە دڵنیاییەوە نەیدەتوانێ هەڵوێستی ترامپ بگۆڕێ. ئەگەر ژیری دەستکرد بهاتبایەتە سەر ئەو ئیدەیە و ڕێگای بە ئینسانییەت نیشاندابایە چلۆن بتوانن بەسەر سەرمایەداریدا سەرکەون، کێ لەسەر ئەو ڕێنومایییەی خۆشحاڵی دەکرد و کێ ئەو کارەی بەڕێوەدەبرد؟ بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ کێشەی ڕاستەقینە و دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەکی گونجاو لە سەرەتاوە دەبێ جیهان لە دەستی قازانجی کورتبینانە و وێرانکەری تیجاری ڕزگار بکرێ. بەڵام ئامانجێکی ئەوتۆ لە لایەن کاربەدەستانی ژیری دەستکرد و پارەتیدەرە داراییەکانیانەوە نە بەرنامەی بۆ داڕژاوە و نە جێی بیر لێکردنەوەیە. ئامانجی هەموو ژیرێکی دەستکرد کونترۆڵی زیاتر و وەدەستهێنانی پارەی زیاترە؛ لەوانەیە لەو پێناوەدا پێشکەوتوویی سڵامەتی و نیزامی و بەڕێوەبردنی باشتری ئەرکەکان، خەرجی کەمتر و تەنانەت زانستی گشتی باشتریشی بۆ هاووڵاتیان بەدواوە بێ. ئەو وێناکردنە کە زۆربەی چالاکییەکانی ژیری دەستکرد بە مەبەستی تاقیکاریی و پشکنین بۆ درێژکردنەوەی تەمەنی مرۆڤ، دابینکردنی ژیانی باشتر و ڕاحەتتر بۆ هەموو مرۆڤێکە، شتێکی بێگانەیە.[٧]

---

[٧] So der KI-Forscher Jürgen Schmidhuber in meiner Sendung PRECHT vom ٢٠. Oktober ٢٠١٩; https://www.zdf.de/gesellschaft/precht/precht-٢٠٦.html. Minute ١٥,٢٨.ff.

بۆ ئەوەی لە دینامیکی ئەو تەوەرە تێبگەین بۆچی لەمرۆدا بە شێوەیەکی بەرچاو ئەرکەکان بە ژیری دەستکرد دەسپێردرێ، دەبێ خۆمان بە پەرەسەندنی سەرمایەدارییەوە خەریك بکەین. لە پرۆسەی یەکەم شۆڕشی پیشەسازیی سەدەکانی هەژدە و نۆزدەدا سەرمایەداریی لیبرالّی جێ و شوێنی فێئۆدالیزمی لە تەواوی ناوچەکانی ڕۆژئاوای ئورووپادا گرتەوە. فێئۆدالیزم ئیتر نەیدەتوانی پەرەسەندنی گورجی بازاڕەکان کونترۆڵ بکا. کەرەسەی هەلّم کە شورشی پیشەسازیی بەوان دەستی پێکرد بەردەوام خێراتر و بە خەرجێکی کەمتر و لە کاتێکی گەلێك کەمتردا ژمارەیەکی بەرچاوی بەرهەم پێکدێنا کە بووە هۆی ئیفلیج کردنی کاری دەستی مرۆڤ. بۆ وێنە بەرهەمی خوریی چندراو بەهۆی کاری هەرزانی مرۆڤی ناوچە ژێردەستە ئیستعماریەکانی ئینگلیز زیاتر و زیاتر لە بازاڕەکانی ئورووپادا مشتەری بۆ دەدۆزراوە. بەرهەمی داب و نەریتی پێشوو کە زۆربەی بەستراوە بە هونەر و ئەزموونی چەندین سەدەی مرۆڤ و هێزی دەستی بەرهەم دەهینا، تێکشکا. بازاڕی ئازاد و دەرخستن و خواستن جێی بەرهەمەکانی پێشوویان گرتەوە. بەڵام سەرەتای سەدەی نۆزدە کێشەیەکی سەرەکی پێکهات. کرێیارانی چنراو (جۆلایی) واتە بەرهەمهینەرانی جل و بەرگ هاوڕێ لەگەڵ بەرهەمهێنانەکە پەرەی نەستاند، چونکە خاوەن و سەرمایەدارانی کارخانەکان داهاتێکی کەمیان بە کرێکاران دەدا. تەنیا لەو ڕێگایەوە دەیانتوانی لە ڕوانگەی ئابوورییەوە بەربەرەکانی لەگەڵ ڕەقیبانی بازاڕی ئازادی ئابووری بکەن.

سەرکەوتوویيەکی گەلێك مەزنی بەرهەمهێنان لە دەسپێکی سەدەی نۆزدەوە هاوڕێ لەگەڵ هەژارییەکی بەرچاوی خەڵک، دەستی پێکرد و قەیرانی ئابووری و ناڕەزایەتیی کرێکاریی بوونە هۆی دەسپێکی شۆڕشی سوسیالیستی و کۆمۆنیستی لە زۆربەی وڵاتانی جیهان. بەڕێوەبەرانی حکوومەت بە شێوەیەکی ناهومێدوارانە لە نێوان ویستی خاوەن کارخانەکان بۆ پیکهێنانی بازاڕی ئازاد و خۆ کشاندنەوەیان لە کار و باری سەرمایەداران و هاوکاتیش بۆ بەجێهێنانی نیازی سیاسەتی کۆمەڵایەتی لەناو بێ دەرەتانییەکی دژواردا نوقم ببوون. چونکە بە بێ سیاسەتی کۆمەڵایەتی نە بازاڕی ئابووری دەپشکووت و نە ئاشتی ناو کۆمەڵگا مسۆگەر دەکرا. لە کۆتایی بەربەرەکانی سیستمە کۆمەڵایەتییەکاندا بە داگیرساندنی دوو شەڕی جیهانی و کاولکارییەکانیانەوە، دوو بەرەی بلووکی ڕۆژهەڵاتی ئورووپا واتە سوسیال کۆمۆنیستی و بازاڕی ئازادی

سەرمایەداری ڕۆژئاوایی پێکهاتن. ویستی لیبراڵی بازاڕی ئازادی ئابووری و ئیدەی سوسیالیستی واتە ئاسوودەیی و ئاسایشی گشتی ئاوێتەی یەکتر کران و بارودۆخێکی گەلێك باو و گونجاویان بۆ پارێزگاریکردن و ڕزگاریی سەرمایەداری پێکهینا.

هەڵمسانی سیستەمی سەرمایەداری و پەرەسەندنی هرچی زیاتری پیشەسازی و تیکنیکی بووە هۆی دۆزینەوەی کەرەسەی کامپیۆتر کە بەرە بەرە بە شێوەیەکی خێرا هاسانکاری و یارمەتیدەری کاری رۆژانەی مرۆڤ بوون. بەو ڕادەیەی کاری بەڕێوەبردنی جیهانی پیشەسازی نوێ ئاڵۆزتر دەبۆوە بە هەمان ڕادەش پێویستی بە کەرەسەیەکی گورج واتە ژیری دەستکردی مرۆڤ زیاتر دەبۆوە. تەنانەت پشکێنەری ناوداری ژیری دەستکرد پێدرۆ دۆمینگووس "Pedro Domingos" لە زانستگەی واشینگتۆن دەڵێ: "زانستی سروشتی بە بێ یارمەتی کامپیۆتر بە هیچ شێوەیەك نەیدەتوانی وەك ئەمرۆ پێشکەوتوو بێ."[٨] ئەگەر لەو ڕوانگەیەوە سەیری بکەین سەرکەوتوویی دیجیتالکردنەوەی کاری رۆژانە ئەرکێکی گەلێك لۆجیکی و گرنگ بووە. ئەو کارە هەلێك بۆ سەرمایەداری ئابووری گونجاو دەکا خۆیان بەسەر جیهاندا بڵاو کەنەوە و کۆمەڵگایەکی ئاڵۆزی گلۆبالی پێك بێنن. سەودا و مامەڵە، بەرهەمی کارخانە و دەوڵەتی و ڕەوتی ئابووری ئێستا دەتوانن باشتر، خێراتر، کاریگەرتر و هەرزانتر بخرێنە بەر دەستی کڕیار. داتا و زانیاریی ئانالۆگ دەکرێنە دیجیتالی و پرۆسە و مودێل، زیمۆلاسیۆن و پێشبینی و دوور بینیکردن هاسانتر و شەفافتر بوونەتەوە.

سەرەڕای ئەوەش پێشکەوتوویی تێکنیکی لەمرۆدا لایەنێکی نوێی باشی هەیە کە خۆی لە هی پێشوو جیا دەکاتەوە چونکە ئەوان ئۆتۆماسیۆن ئوتۆماتیك دەکەن! تێکنۆلۆژیای ژیری دەستکرد کەرەسە یاخود تووڕێکی پەیوەندایەتی وەك تەلەفۆن، ئۆتومۆبیل، بۆمب و راکێت ، نین بەو شێوەیەی ئیمە پێشتر دەماننناسین، بەڵکوو ئێمەی مرۆڤ بارودۆخێکمان بۆ دروست کردوون کە خۆیان بڕیار لەسەر ئەو ئاڵترناتیڤانە دەدەن کە بۆمان دیاری کردوون. کەرەسەی تێکنیکی بۆ یەکەم جار لە مێژوودا دەکرێن بە "سووژە". بەو کارە بە شێوەیەکی بێ بەزەییانە ڕوانگە و بۆچوونی ئێمەی مرۆڤ

---

[٨] Pedro Domingos: The Master Algorithm. How the Quest for the Ultimate Learning Machine will Remake our World, Penguin ٢٠١٥, S. ١٦.

بەڕێوە دەبەن. ئەوەیکە تێکنیک هاوڕیی ژیانی ئیمەن، یاخود ئایا ژیانمان پێك دێنن، دوو شتی وەك یەك نین و جیاوازییان هەیە. ئەوە جیاوازییە، کە لەڕاستیدا جیاوازی پێك دێنێ. ئەگەر لە داهاتوودا شتەکانی دەوروبەرمان تەنیا بە هێزی بیرکردنەوە خۆیان بجووڵێننەوە و جێگا بگۆرن، ئینجا ژیری دەستکرد دەتوانێ لە بیرکردنەوەمان تێ بگا. سێنسۆر یاخود هەستپێکەری ئەلکترۆنیکی کە لە ناو جل و بەرگماندا نیشتەجێ دەکرێن، گەرمای جەستەمان، هەستی سۆزداریی و تایبەتمەندییە کەسییەکانیترمان دەکەنە ژمارەی دیجیتالی و دەیخەنە بەر دەست خاوەنەکانیان. وێنەگر و کامێرای دیجیتالی سەر شەقامەکان و نێو بازاڕ و بەر دووکانەکان ڕوخسار و دەنگ و هەڵسوکەوتی کڕین و فرۆشتنمان لەخۆیاندا پاشەکەوت دەکەن و بورسی سەودا، بیمە و نرخی ئابووری بە شێوەی ئالگاریتم ڕادەگیرێن، هەموو هەڵس و کەوت و کردەوەیەکی مرۆڤیش دەکرێن بە بەرهەمی کڕین و فرۆش و سەودایان لەسەر دەکرێ.

ئەو چارەنووسەی لە دەساڵی سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمدا بەسەر بارودۆخی ئابووریدا زاڵ بووە، ڕەنگە تا ئەمڕۆش زۆربەی مرۆڤ لێی تێنەگەیبن. سەردەمی دووهەمی شۆڕشی تێکنیکی نەك هەر پێویستی بە پاڵنەری دیجیتالی هەبوو، بەڵکوو پێویستیی بە پەیوەندانی گلۆبالی یاخود جیهانی و داهاتێکی ئابووریی گەشەسێنراو لە لایەن کەرەسەی بەهێزتر وەك کامپیۆترەوە هەبوو. بە خولْقاندنی گووگل، فەیس بووك، ئامازۆن و ئاپل و ... هتد، جیهانێکی تەواو نوێی ئابووری دروست کراوە. پلاتفۆرمی سەرمایەداریی شۆڕشێکی ئەوتۆی وەڕێخست و یاساکانی یارییەکەی ئەوها گۆڕین کە ئیتر لەمڕۆدا ناکرێ باس لەسەر سیستەمی ئابووری لیبڕاڵی یا بازاڕی ئازاد بکرێ.

هەرکەس بیهەوێ بەرهەمەکەی بە بەرخۆر بفرۆشێ، ناتوانی چاوپۆشی لە تەبلیغاتی گووگل یا فەیس بووك بکا. تەنیا ڕێکخراوەیەکی وەك ئامازۆن بووە بە مەزنترین بازاڕی ئۆنلاینی جیهانی. ئەو شێوە حکوومەتە نوێیە بە یارمەتی ئالگاریتمەکانەوە بەڕێوەدەچی نەك وەك سەردەمی پێشوو بە شێوازی ئیدارەبازی یاخود کونترۆڵکردنی مرۆڤ. جا چ لە بواری سڵامەتی، ڕێگا و بان یا ئینتێرنێت بێ، بە خێراییەکی سەرسووڕهێنەر ژیری دەستکرد بەرێوەیە بۆ ئەوەی هەرچی زیاتر کارتێکەری خۆی لەسەر کار و باری مرۆڤ قایمتر بکا. کاتێ دەستیان بەسەر هەموو شوێنەکانی زەویدا گرتبێ، ئینجا نۆرەی زەوی ژێر ئاوەکان، فەزا و ... دێ.

لە زۆربەی کتێبە دیجیتالییەکانی ئەم سەردەمەدا ناوێك لە سەرمایەداری و سنووردانانی بۆ مرۆڤ ناهێنرێ. نووسەران لە کتێبەکانیاندا کەرەسەی دەستکردی مرۆڤ بە شێوەیەك دەنووسن کە بۆ خوێنەر وەك باس لەسەر کارێکی گەلێك سروشتی و ئاسایی دەنوێنێ. بەڵام ژیری دەستکرد نە وەك زانستێکی چاوپیس و شووم و نە وەك یاسایەکی سروشتی داناندرێ، بەڵکوو وەك کەرەسەیەکی پێشکەوتووی تێکنیکی زۆر بە ڕاحەتی و ساکاریی لە ناو کۆمەڵانی خەڵکیدا ناسێندراوە. مەبەست لەو پێناسەیە بە مرۆڤ و جیهان ئەوە نییە کە ژیری دەستکرد ببێتە یارمەتیدەر بۆ هاسانکردنەوەی ئاسایش و ژیانی مرۆڤ بەڵکوو تەنیا بۆ بەرزکردنەوەی داهات و زۆرکردنی پارەی سەرمایەدارانە.

لەڕاستیشدا ئەو نۆژەنکردنەوە و پێشکەوتووییە شتێکی سەیرە. چەمکەکان هاومانا نین و بە شێوەیەك لێك جیاوازن. پشکنینی بیر و بڕوا، ستالینیزم و چەکی شەڕ بێ شك لە سەردەمی پیکهاتنی خۆیاندا گەلێك داهێنراوێکی نوێ بوون – بەڵام ئایا دەتوانین بە پێشکەوتوویان دابنێین؟ هەر هەڵسەنگاندنێك بەناوی پێشکەوتوویی تەنیا دەکرێ ئەو ناوەی لەسەردانرێ: "پێشکەوتوویی". بە دڵنیاییەوە فاشیزم و دیکتاتۆرەکانیش خۆیان بە پێشکەوتوو و تەنانەت بە کۆتایی مێژوو داناوە. زۆربەی مرۆڤی ئەمڕۆیی دیارە بە پێی بەڵگە ڕاستەقینەکانی مێژوویی ئەو چەمکانە بە چاوێکیتر سەیر دەکەن. لەناوبردنی کەرامەتی ئینسانی هەرگیز بە پێشکەوتوویی لە ئەژمار نایە تەنانەت ئەگەر سیستەمە حکوومەتییەکانش گەلێك خۆیان پێ نوێ بێ(وەك حکوومەتی تورکیا و ئێران). ئەو شتەی ئەمڕۆ نوێیە نابێ بە شێوەی ئوتۆماتیك باشتر لە کۆنەکە بێ هەر وەك لە ئێران بینیمان. بۆچی دەبێ کارێك یاخود پڕۆسەیەك بە پێشکەوتوو دانرێ چونکە نوێیە؟ ئایا کڕین و فرۆشتنی ئونلاین هەنگاوێکی پێشکەوتنخوازانەیە کاتێ سەیری دووکان و بازاڕەکانی ناو شارەکان بکەین کە زۆربەیان بەهۆی بێ بازاڕیەوە داخراون و نابوود بوون و بە پێی کات ژمارەشیان بەردەوام زیاتر دەبێتەوە؟

چەمکی پێشکەوتویی، جا بەهەر چاوێك و لە هەر ڕوانگەیەکەوە سەیر بکرێ، وەك بەشێکی جیانەکراوەی ئەم کۆمەڵگا ئینسانییەی لێ هاتووە. ناڕەزایەتی سیستماتیکی وەرگیراو لەو چەمکە پێداویستییەکی سەرمایەدارییە. لە ڕوانگەی ڕەوانناسی و ژینگە ناسییەوە وەك زیانێکی کولتوورییە. مرۆڤ دەتوانێ لەسەر ئەو باوەڕە بێ کە هەردوو

لایەن ڕاستەقینەی خۆیان دەپارێزن و ناچاریش نین لە بەرانبەر یەکتریان دابنێین. بەڵام ئەو کارە زۆر جار پێك دێ، ئەویش کاتێکە کە تاکەکەس شك لە گەورەبوونەوەی بێ سنوور و ئیدیۆلۆژی نەگۆڕ بکاتەوە. هاندەر بۆ هەموو ئەو کارانە لە لایەن سروشتەوە نییە بەڵکوو هۆکارەکەی یاسای یاریی ئابوورییە. ئەگەر باسەکە لەسەر مرۆڤ بێ هەموو ئەو چەمك و بایەخە ئینسانیانەی وەك متمانەکردن، ڕاستەقینە، ئازادی، دۆستایەتی، ڕێزلینان، پێزانین، ئەمەکداریی، وەفاداری، یارمەتیدان و هتد... شتێکی نوێ نین و لە سەردەمی کۆنی یۆنان و زۆربەی قۆناخەکانی مێژووییشدا بوونیان بووە و باسیان لەسەر کراوە. تەواوی ئەو تایبەتمەندییانە وەك خەونێکی گرنگی نوێی زۆربەی بەرنامە داڕێژانی ژیری دەستکردی لێهاتووە.

## لەسەر مرۆڤی ئاسایی و مرۆڤی کامیل

کولتورەکان لەسەر ئەو مێژووانە پێکهاتوون کە مرۆڤ خۆیان دەیگێڕنەوە و وەك زنجیرەیەکی بێ پسانەوە بەردەوام بە وەچەکانی داهاتوویانی دەسپێرن. تامەزرۆیی بۆ مێژووی زەوی کە بەتایبەت بۆ کەڵکلێوەرگرتنی مرۆڤە، میراتی کۆنی وڵاتانی یۆنان و ڕۆمییەکانە و لەوێوە لە ڕێگای زانایانی ئەو بوارەوە بەسەر ئەم جیهانەدا بڵاو بۆتەوە. ئازادیی بازرگانی کە ببوە هۆی بەربەرەکانی شارەکانی ئەو سەردەمەی وڵاتە ڕۆمییەکان، هاوکات ئازادیی کردەوەیی مرۆڤیان هان دەدا. بەڵام سنوورەکانی لە کوێ بوون؟ ئایا هێشتا بوونیان هەیە؟ ئایا ئەو مرۆڤەی لە باوەڕ بە خوداکەی دوور کەوتۆتەوە و پارەی لە جێی ئەو داناوە، ئیزنی هەیە یاخود دەتوانێ هەموو کارەکانی ژیانی بۆخۆی و لەسەر بڕیاری خۆی بەڕێوەبەرێ؟

لەو بارودۆخەدا پرسیار بۆ متمانە بەخۆکردن پێکدێن: مرۆڤ چییە؟ ئایا ژیانی مرۆڤ زیاتر هەژاریی و قسەی بێزاریی و نزای خراپە هەر وەك لە ئایینەکان و داب و نەریتی کۆندا دەگوترێن، گەورەیی یا بەرەکەت و پیرۆزییە؟ ژمارێکی گەلێك زۆر نووسەر و فەیلەسوف لەسەر کەرامەتی ئینسانی نووسیویانە و بە مەیل و سۆزەوە بۆچوونی خۆیان وێنا کردووە. مرۆڤی ئایینی سەدەی چاردەهەم لەسەر خۆی دەنووسێ: "مرۆڤ فریشتەیەکە کە هاتۆتە سەر زەوی، تەڕاحێکی ئازادە لەسەر ژیانی خۆێ و خوڵقێنەر و هونەرمەندە. ڕێگای ژیانی بەردەوام بەرزتر دەبێتەوە، فەرهەنگ و شارستانییەتی بە پێی کات بەشکۆ و مەزنتر دەبێت." شکۆ، گەورەیی و بەرێنی وڵاتانی ڕێنسانس، پیرۆزبوون لە هەنبەر کلیسا نەبووە بەڵکوو دەربڕی پلە و پایەی دەروونی خۆیان بووە. پاساویان بۆ هەموو کردەوەیەکی سەر زەوی، خۆنواندن، خۆ نیشاندان و هەر چالاکییەك تەنانەت زانستی بازرگانی و ئابووریش، هێناوەتەوە. ماوەیەك دواتر گەنجێکی نەجیبزادەی ئیتالیایی بەناوی جیۆوانی پیکۆ دێلا میراندۆلا " Giovanni Pico

della Mirandola"[٩] هەنگاوێك لەوەش بەرزتر هەڵدێنێتەوە: وەك ڕەخنەگرێك ناوکی هەموو ئایین و ئەو"دوگم"انەی بینەهۆی بەکۆیلەکردنی مرۆڤ دەخاتە ڕوو و مرۆڤ تا پلەی خودا بەرز دەکاتەوە: "باوەڕ بە لێهاتوویی خودایی مرۆڤ." مرۆڤ بوونەوەرێکە کە لە لایەن خوداوە نەخوڵقێندراوە؛ ئەو شتەی کە هەیە، ئەوەیە، کە خۆی لەخۆی دروستی دەکا. بە شانازیی و بە ئازادی دەتوانێ بڕیار لەسەر خۆی و کردەوەکانی بدا و ئارەزووەکانی خۆی بەڕاست وەرگێڕێ. بە هەمان ئەوڕادەیەی مانایی، شەفافییەت و ڕۆناکایی هەڵس و کەوتەکانی زیاتر بێ، بەوڕادەیەش بەسەر خوو و خدە و سروشتی حەیوانیدا سەردەکەوێ و خۆی بەرزتر دەکاتەوە.

ئەوەیکە مرۆڤ تامەزرۆیی بۆ سەرکەوتن و سەروەری بەسەر سروشتدا هەیە، وەك ناوەند و ناوکێکی بەهێزی هۆمانیزمی لێهاتووە. چونکە هەرچی ئازادتر دەبێ، لە ڕوانگەی دینامیکییەوە چالاکتر دەبێتەوە و زیاتر پەرەدەستێنێ، و بە هامان ڕادەش زیاتر خۆی لە داب و نەریتی کۆنی ئایین دوور دەخاتەوە. فریشتەبوون یا لێهاتوویی خودایی بەهۆی پەرەسەندنی فەرهەنگی و مانایی، دیاری دەکرێ نەك بەهۆی پشکنینی ئایینیەوە. هەروەها مرۆڤ پێویستی بە نۆژەنکردنەوە نییە، چونکە ئەوان هەر بە بێ ئەوەش قاچیان لە جێ پێی و پلەی خوداکان داناوە، بەڵام ئەو شتەی لێی بێ بەشن، ئەوەیە دەبێ لەو لیهاتووییەیان ئاگادار بکرێنەوە و کەڵکی ئەرێنی لێ وەربگرن. لەو ڕوانگەیەوە کاتێ مرۆڤ بتوانێ خۆی بگەێنێتە پلەی سەروو و پەرە بستێنێ، خۆی لە خواناسیی و ئایین دوور دەخاتەوە. واتە، ئەوە بیرۆکەی تەواو و کامیلبوونە، کە ئەرکی بەرەو کامیلبوون بە مرۆڤ دەسپێرێ. بەڵام کام ڕێگا بەرەو ئەو کامیلبوونە ڕێنوێنیمان دەکا، خۆی باسێکی جیاوازە. بۆ ژان ژاك ڕۆسۆ "Jean- Jacques Rousseau" پێش هەمووشتێك هەستەکان دەبێ بە شێوەیەکی زەریف پەروەردە بکرێن، لە ڕوانگەی فردریك شیلر "Friedrich Schiller"ەوە هەستەکان ناسینێکی جوان و ڕازاویە کە مرۆڤ بە پەروەردەکردنیان لە ڕێگای مۆسیقا، هونەر و خولقێنەرییەوە بە پلەی بەرزتر لە خۆی دەگەێنێ. فەیلەسۆفانیتر وەك باروخ دو سپینۆزا "Baruch de Spinoza"، پیر بایل " Pierre

[٩] Giovanni Pico della Mirandola: Oratio de hominis dignitate / Rede über die Würde des Menschen, Reclam ١٩٩٧.

Bayle" و ئیمانۆئیل کانت "Immanuel Kant" پێش هەر شتێکیتر دەیانەوێ بیر و هزری خۆیان تیژ بکەن بۆ ئەوەئ بتوانن ڕێگای ژیانی خەڵکی ڕووناکتر بکەنەوە.

بەڵام لە سەردەمی ڕۆشنبیریدا تەم و مژ سنوورەکانی بە تەواوی داگرتوون. ئایا باسەکە تەنیا لەسەر ڕووناکیخستنە سەر مرۆڤ خۆیەتی یا مەبەست هەموو ئینسانییەتە؟ چەمکی "ئینسانییەت" لە سەردەمی یۆنانی و ڕۆمییەکاندا گەلێك نامۆ بووە. ئەگەر باس لەسەر بە کەماڵ گەیشتن بوایە، ئەرکێك بوو کە هەر کەس بەتەنیا قۆڵی خۆی لێ هەڵدەکرد. بەڵام لەگەڵ سەرکەوتنی بوونەوەرناسیی ئەو بۆچوونە گۆڕانی بەسەردا هات. بەرە بەرە زانایان و فەیلەسۆفان مرۆڤیان نەك وەك کەسێك، بەڵکوو وەك بوونەوەرێکی گشتی سەیر دەکرد. ئینسانییەت، هۆمۆ، لە زانستی بوونەوەرناسییەوە لەپڕێکدا دەکرێتە چەمکێکی گرنگی ڕۆشنبیری.

بەڵام ئەو چەشنە پشکنینە زەینییانە لەسەر ڕەوانناسی مرۆڤ بە بەهایەکی گەلێك زۆر تەواو بووە. ئەو کارە بۆتە هۆی تووناکردنی بەهای سەرەکی ڕۆشنبیریی واتە "ئازادی". ئەوە خاڵی کوێری ئیدیۆلۆژییەکانە، کە پێیان وایە بە پشکنینی ووردی ڕەوانناسی مرۆڤ، دەتوانن کونترۆڵی بکەن و بۆ بەرژەوەندی خۆیان مێشکی بشۆنەوە و بەو شێوەیەی پەروەردە کەن کە خۆیان دیانەوێ. ئەندازیار و فەیلەسۆفی فەرنسەیی ئاگوست کامت "Auguste Comte" یەك لە لایەنگرانی مەزنی ئەو چەشنە ئیدیال و تیئۆرییانە بووە بۆ هیدایەت و کونترۆڵکردن. ئازادیی کەسی؟ زۆر سەرنجڕاکێشە**!** بەڵام بە گشتی گرنگترین تەوەر تەنیا کۆمەڵگایە. ئەوەیکە گرنگ بێ ئەوە نییە چلۆن مرۆڤێکە، یاخود چلۆن هەست بە خۆی دەکا، یا چالاکییەکانی چین، بەڵکوو تەنیا – چەشنی کردەوەکانیەتی لە کۆمەڵگادا. ئەوەیکە هیدایەتکردن و کونترۆڵی توندوتیژی مرۆڤ تەباهیی لەگەڵ بەهادانان بە ئازادی هەیە، ئاگوست کامت بە مەیلەوە چاوپۆشی لێ دەکا و هێمنی و کارکردن و بەڕێوەچوونی کۆمەڵگا بە گرنگتر دادەنێ. ئەو کەسانەی لێبڕاوانە خۆیان بە داهاتووی کۆمەڵگاوە خەریك دەکەن نیاز و ویستی تاکە کەس لەبەرچاو ناگرن. ئەو شێوازە، تەواو بۆ ستالینیزم، مائۆئیزم و ناسیۆنال سوسیالیزمیش بەهەمان شێوەیە. پێشکەوتوویی بێ شەرت و مەرج پیویستی بە خۆگونجاندن و خۆبەختکردن هەیە. خوڵقێنەری بەو مەرجەی لە چواچێوەی

پێشکەوتوویدا جێی بێتەوە و هەموو کردەوەکانیتر وەك بیرکردنەوە و نیازە کەسییەکان لە ناو بەرێ، پێیان شتێکی زۆر باشە.

دوای ماوەیەکیتر دیکتاتۆریی بە بەرزترین پلەی وەحشیگەری خۆی گەیی کاتێ بە گوشار و زەختی پێشکەوتوویی خوێنی تازەی خستە دەمارەکانی بوونەوەرناسییەوە. بۆ تێگەییشتوویی کۆمەڵگا وەك یەکەیەکی گشتی، وەك چەشنێك، ڕەگەزێك یاخود جەستە و کۆرپەیەك مرۆڤی ڕاهێنا و پەروەردەی کرد. هەڵبژاردەی جینسی مرۆڤ هەر وەك داروینیش ئاماژەی پێکردووە، یارییەکی دوو لایەنەیە کە جوانی و زەریفی لایەنێك بۆ لای ئەویتر ڕادەکێشێ. لەمڕۆدا بۆچوونەکانی داروین لە وڵاتانی فەرنسا، ئاڵمان و ئینگلیز بوونەتە مۆدی ڕۆژ. پەروەردەکردنی سڵامەتی - ژێنێتیکی دەدۆزرێتەوە، پرۆگرامی ئۆیگنیك "Eugenik-Programme" (تێکۆشان بۆ زاو زێی مرۆڤ بە تێکەڵاوییەك لە "ژێن"ی ئەرێنی بۆ پەروەردەکردنی جیلێکی نوێی سالم و بێ هەڵە)، بەڕێوە دەچێ بۆ ئەوەی وەچەیەکی نوێ و کامیل بخوڵقێندرێ. هاوکات لەگەڵ مرۆڤکووژی سەردەمی نازییەکانی ئاڵمان ئیدەی دروستکردنی مرۆڤی کامیل لە ئاڕشیڤدا ڕاگیران و تا ئەمڕۆش هەر ماونەوە. ئایا هەڵس و کەوتی مرۆڤی کامیل لە هەنبەر مرۆڤی ئاسایی وەك هەڵس و کەوتی مرۆڤ لە هەنبەر مەیموون دەبێ؟ دیارە ئەوە لەسەر لیستەی ئارەزووەکانی داهاتووی مرۆڤدا نە نووسراوە بەڵکوو تەنیا خەونی تاقمێك مرۆڤە: "مرۆڤ بوونەوەرێکە کە دەکرێ بەسەریدا زاڵ بی." بۆ زاڵبوون بەسەر مرۆڤدا چ هەوڵێك لە ئارادایە؟... مەیموون بۆ مرۆڤ بە چ مانایە؟ پێکەنین یا شەرمکردنێکی بە ئازار! واتە مرۆڤیش بۆ مرۆڤی کامیل: "دەبێ پێکەنین یا شەرمکردنێکی بە ئازار بێ؟"

ڕێگای دروست بۆ پێشکەوتوویی مرۆڤ وەك چەشنە بوونەوەرێکی ناو سروشت بەو خێراییەی لە ڕێدایە، دەتوانێ بۆ جیهانی دیجیتالی داهاتووی سەرمایەداری گەلێك مەترسیدار بێ. وێدەچێ ئەوە پەلەقاژەی کۆتایی سەرمایەداری بۆ ڕزگارکردنی خۆی بێ. ئەگەر ئیمە ئازادیی و بایەخە ئینسانییەکانمان بکەینە قوربانی بۆ بەهێزکردنی پێشکەوتوویی کە تەنیا لە خزمەت تاقمێك سەرمایەدار و بەڕێوەبەری سیاسی ئەم جیهانەدایە، و وەك هانگاوێکی ئەرێنی بۆ خزمەت بە مرۆڤایەتی پێمان دەفرۆشن، دەبێ هومانیزم یاخود مرۆڤخۆشەویستیی ڕابردوومان وەلا نێین و ڕێگایەکی نوێ بۆ

خۆمان بدۆزینەوە. سەرمایەداریی دیجیتالی بزەیەکی دۆستانەی لەسەر لێوانە کاتێ دەبینێ لە ڕێگای فەیس بووك، گووگڵ و تۆڕە مێدیاکانیترەوە بە ساکاری مرۆڤ کونترۆڵ دەکا و بە بێ ئەوەی هیچ گوشارێك بۆ کەسێك بێنێ، ئەندامانی کۆمەڵ خۆیان بە مەیلەوە بازاڕەکانیان گەرم ڕادەگرن و زانیاریی کەسیی، ویست و ئارەزوو و هەموو تایبەتمەندییەکانیان دەخەنە بەر دەستیان. ئەوان بەردەوام دەڵێن: مرۆڤ تەنیا دەیهەوێ باشترین و ڕاحەتترین بارودۆخ بۆ ئینسانییەت پێك بێنێ. دادپەروەرە دیجیتالییەکان و پرۆگرامنووسەکان و پشکێنەرانیش لە کارەکەیان ماندوو نابن و بەردەوام دەڵێن: "خۆچڕکردنەوە و خاڵی ناوەندیی ئەرکەکان دەبێ لەسەر مرۆڤ بێ." بەڵام کام مرۆڤ؟ مرۆڤی ئاسایی یا تاقمێك سەرمایەداری خوێنمژ؟ کێ بڕیار دەدا ئەو مرۆڤە چییە، چی دەوێ و لە داهاتوودا دەیەوێ ببێ بە چی؟ سەرمایەداری گرنگترە یا مرۆڤی ساپییەن؟ بۆ بیرمەندانی "Silicon Valley"[١٠] وەڵامدانەوەی ئەو پەسیارە گەلێك دژوارە. ئەوان هێشتا لەگەڵ یەکتردا هاودەنگ نین ئایا لە سەدەکانی داهاتوودا مرۆڤ بە تێکەڵبوون لەگەڵ کامپیوتر و ژیری دەستکرد لە ناوەڕاستی سەکۆی شانۆی مرۆڤایەتیدا جێ دەگرن یا تێکنیکی نوێ و ژیری دەستکرد بە تەنیا و بێ بڕیاری مرۆڤ خەونەکانیان بەڕاست وەردەگێڕن.

لە هەر دوو سناریۆکاندا بارودۆخەکە وەك یەکە: "کەڵکوەرگرتن، نۆژەنکردن، پەرەپێدان و گەورەکردنەوەی ئاگایانە بە کامپیوتر و ژیری دەستکرد بۆ خێراکردنەوە و بەڕێوەبردنی باشتری ئەرکەکانی ژیان." جیهانی داهاتوو وەك بازاڕێکی ئابووری لێ دێ کە هەموو مرۆڤی سەر ئەم هەردە لە بەندیخانەیەکی مودێرندا پێکەوە ڕادەگرێ بە بێ ئەوی هیچ کەس سکالای هەبێ یا هەوڵ بۆ ڕزگارکردنی خۆی بدا. ئەگەر ئامانجی ژیان لە داهاتوودا بۆ مرۆڤ دیاری کرابێ تەنیا ئەو پرسیارە دەمێنێتەوە کە کام ڕێگا بۆ گەیشتن بەو ئامانجە دروست و ژیرانەیە. بۆ وێنە خوڵقاندنی مرۆڤی ژیر و بلیمەت لە ڕێگای زانستی پێشکەوتووی ژێنێتیکییەوە کە دەتوانن بە شێوەی چێکراو و هەڵبژێردراوی "ژێن"ەکانی مرۆڤەکە دیاری بکەن، لە ڕوانگەی زانستییەوە کارێکی گەلێك سەرنجڕاکێشە. بەڵام ئەو کارە لە خزمەت کێ دادەبێ؟ ئەو دایك و باوکەی لە ڕوانگەی داراییەوە بشتوانن منداڵێکی ئەتۆ بۆ خۆیان دابین بکەن، ئایا ئیتر دەتوانن

---

[١٠] سیلیکۆن ڤالی ئەمریکا، یەك لە شوێنە هەرە گرنگ و پێشکەوتووەکانی تێکنۆلۆژییە لە جیهان.

شانازی بە منداڵەکەیانەوە بکەن کاتێ دەزانن پێشتر هەموو تایبەتمەندییەکانی بە شێوازی چێکراو دیاری کراوە؟ ئەوەیکە سەرمایەداریی ژێنێتیکی لە شەوێکدا دروست ناکرێ، هەموومان دەیزانین، بەڵام بە هاوکاری مێشکی کامپیۆتری کە گەلێك لە مرۆڤ باشتر و خێراتر کارەکان بەڕێوە دەبەن، بەرە بەرە ڕێگا بۆ سەرمایەداران خۆش دەکەن. لێرەشدا گرنگ ئەوەیە کە سیستەمی سەرمایەداری جا لەسەر هەر حیسابێك بێ، درێژەی بێ و لەناو نەچێ.

## مرۆڤخۆشەویستیی هێزداران!

مرۆڤ بەو شێوەیەی ئەمڕۆ دەیناسین دەتوانێ کێشەیەکی مەزن بۆ کومەڵگا دروست بکا، بەڵام بە بڕوای من هێشتا درەنگ نییە و دەتوانین چاوەڕوانی دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەکی تایبەتی بین بۆی . بەڵام ئەگەر لە داهاتوودا مرۆڤ گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەردابێ و لەوەش زیاتر زیان و ئازار بۆ ژیانی خۆی و بوونەوەران و ژینگە دروست بکا و جیا لە زیان گەیاندن هیچ قازانجێکی بۆ ئەم جیهانە نەبێ، دۆزینەوەی ڕێگاچارە گەلێك دژوار دەبێ و ئیتر پرسیارێکی کاتیی دەبێ بۆ کاولکردن و کۆتایی پێهێنانی ژیان لەسەر ئەم هەردە. چونکە هەر شۆڕشێک بە مەبەستی مرۆڤ خۆشەویستی پێک بێت بە ڕاشکاویی بریتییە لە بۆ چوون بەرەو کامیل بوون، ژیری و هزر و عەقڵانییەتی خێرای زانیارییە مەزنەکانی و لەوانەیە ئەو دیاردانە بە شێوەی کورتخایەن بەختەوەری بۆ مرۆڤ پێك بێنێ و مانا بە ژیانی بدا، بەڵام بە گشتی و لە ماویەکی درێژخایەندا دەسکەوتەکانی تەنیا بۆ خزمەتکردن بە بەشێکی بچووکی ناو کۆمەڵگا دەبێ. هەروەها لە داهاتوودا ئامانجەکەی خولقاندنی کەرەسەی ئاڵۆزی ژیری دەستکردە کە ئەوەش خۆی لەخۆیدا بۆ زۆربەی مرۆڤ شتێکی نامۆ و ناشەفافە.

سەرەڕای ئەوانەش هەموو ئەو ئیدە و بەرنامانەی لەژێر ناوی نۆژەنکردنەوە و پێکهێنانی ئاسایش بۆ مرۆڤ، تێکەڵاویی و تووانەوەی مرۆڤ – ماشێن و مێشك لەناو یەکتردا بەڕێوەدەچێ، لە لایەکەوە پێکهێنانی ژیرێکی دەستکردی سەربەخۆیە بۆ کونترۆڵی مرۆڤ و لەولاشەوە بە بەهانەی ئامانجێکی تایبەتییە: "کێشەکانی مرۆڤایەتی پێ چارە بکەن!" لێرەشدا دوو حاڵەت زیاتر نییە یا وەك سەردەمی پێغەمبەرانی پێشوو دەبێ سواری سەری مرۆڤ بن و بە نانە شیرین یا بە قامچی لێدان، دەستەمۆی بکەن یاخود بەهۆی ئەسپاردنی ئەرکەکانی ژیان بە کامپیۆترە مەزنەکان بۆ دەرەوەی بازنەی ژیانی ڕاوبنێن و هێزی بڕیاردانی لێ زەوت بکەن. ئەو کارە وەك خۆکووژی وایە کە مرۆڤ لەهەنبەر مەترسی ژیانیدا بەڕێوەی بەرێ. مرۆڤ ئەو پرسیارە لە خۆی دەکا: ئایا ئاسۆی پێشکەوتوویی کامیەك لە کێشەکانی ژیانی دەتوانێ چارەسەر بکا؟

هەر چەند نیزیکتر و ووردتر سەیری ئەو تەوەرە بکەین بە هەمان ڕادەش زیاتر ڕوون دەبێتەوە کە ڕێگاچارەکان کەمتر پەیوەندییان بە کێشە سەرەکییەکانی جیهانی مرۆڤایەتییەوە هەیە. هێزدارانی بەناو مرۆڤ خۆشەویست هیچ تامەزرۆییەك لە هەنبەر کاولکردنی ژینگە، پیسکردنی ئاوی زەریا، تووناکردنی وەچەی ئاژەڵ و گیا و لێرەوار و زەوییە ژاکاوەکان لەخۆیان پیشان نادەن. ئەوان خۆیان بە کێشەکان، کۆمەڵ کوژی و شەڕ و هۆکارەکانیانەوە خەریك ناکەن. لەهەنبەر چارەنووسی ملیۆنان مرۆڤ کە ساڵانە لە برسانە یا بەهۆی نەخۆشییەکانەوە دەمرن هیچ هەستێك لەخۆیان پیشان نادەن. هەر ڕەخنەیەکی مرۆڤ بەوە کۆتایی پێ دێ کە ئیمە هێندە ژیر و پێشکەوتوو نین کە خۆمان بتوانین کێشەکانی ژیانمان چارە بکەین. هەنگاونان و هەوڵدان بۆ چارەسەری کێشەکان لە لایەن کامپیۆتێرە مەزنەکانەوە بەڕێوە دەچێ کە هیچ هەست و ئاگادارییەکیان لەسەر کێشەکانی مرۆڤ نییە. نەك بەو هۆیەی بۆ ئەو کارە لە ڕادەبەدەر ژیر بن، بەڵکوو لەبەرئەوەی بوونەوەرێکی زیندوو نین و هەستی ڕاستەقینەی سروشتی ناناسن. کامپیۆتر برسییەتی ناکێشن، شەڕ وەڕێ ناخەن و لەسەر بڕیاری خۆیان ژینگە توونا ناکەن. ئەوان تەنیا ئەوکارە بەڕێوەدەبەن کە خاوەنەکانیان بۆیان دیاری کردوون. ئەوان زێڕ، پلاتین، کوبالت و کۆلتان لە خراپترین بارودۆخدا بۆ خاوەنەکانیان لە زەوی دەردەکێشن و پشتیوانی لە سامناکترین حکوومەتەکان و دیکتاتۆرەکان دەکەن. هەروەها ژینگەی قوڕنەی ئەفریقا بە هەمان شێواز تێك دەدەن کە بۆ بەرهەمهێنانی لیتیۆم لە وڵاتانی شیلی، ئارژانتین و بولیوین بەڕێوە دەچێ.

دیارە سەرەڕای ئەوەی دەشزانین تەنیا تاقمێك مرۆڤ بڕیاری ئەو کارانە دەدەن بەڵام هەموو ئەو کارەساتانە دەگەڕێنەوە بۆ هەڵەی خودی مرۆڤ. هەرکەس بیهەوێ بەسەر خۆپەرەستی، چارەڕەشی و بێ دەرەتانیدا زاڵ بێ، و بەرژەوەندیی گشتی مرۆڤی لەبەر چاو بگرێ و پشتیوانی لەو زۆردارانە نەکا، بێگومان دەبێ لە خۆیەوە دەست پێبکا. ئایا جیهانی ئێمە بەرەو باشبوون دەڕوا ئەگەر ڕاستەوخۆ لە لایەن مرۆڤی لاوازی هەلپەرەست و خۆخۆشەویستەوە بڕیاری لەسەر نەدرێ، بەڵکوو لەسەر ناوی کەرەسەی پێشکەوتنخواز و تێکنیکی نوێی ئابووری وەك ئامازۆن، فەیسبووك یا مێدیاکانیتر ڕێگای بۆ دیاری بکرێ؟

ئەگەر کێشەکانی جیهانی مرۆڤایەتی لە ڕێگای پێشکەوتنخوازی و تێکنیکەوە چارە نەکرێ، بڵێی ڕێگاچارەی سروشتی بۆ نەدۆزرێتەوە؟ ئایا ئەو کێشانە پەیوەندیان بە سروشتی ناوەوەی خودی مرۆڤەوە نییە کە بتوانن بە لابردنی کەموکورتی و هەڵەکانیان گۆڕانی بەسەردا بێنن؟ لای کەم بە درێژایی مێژووی مرۆڤ بەردەوام فەیلەسوف و مرۆڤی ڕۆشنبیر هەوڵی ڕووناکایی خستنە سەر ڕێگای ژیرانەی مرۆڤیان داوە و بە ئامۆژگارییەکانیان تا ڕادەیەك تیشکیان خستۆتە سەر ڕێگای ژیانیان. ئایا ئێمەی مرۆڤ دەبێ وا بە ساکاری چارەنووسی خۆمان بخەینە بەردەست تاقمێك مرۆڤی هەلپەرەست و وەك گەلایەك کە بەهۆی باوە دەوەرێتە سەر زەوی، بە هەڵوێست نەگرتن و بەرپرسایەتی لە ئەستۆ نەگرتنمان ژیانی خۆمان بەرەو تیاچوون بەرین؟ لەجیاتی ئەوکارە دەبێ مرۆڤ ئامانجگەلێك بۆ ژیانی داهاتووی دیاری بکا کە مانا بە بوونی بدا: **بەختەوەری، ئاشتی، مافی مرۆڤ، بەرانبەری** و **ئازادی**. ئێمە دەبێ بەڕێوەبردنی ئەو ئەرکانە و پەرەپێدان و بڵاوکردنەوەیان لە هەموو گۆشە و کەنارەکانی ئەم جیهانە بۆ لەناوبردنی کویلەداری، وەدەستهێنانی مافی بەرانبەر بۆ ژن و پیاو و کرێکاران، بخەینە ئەستۆی خۆمان و لە قووڵایی دڵەوە هەوڵی بۆ بدەین.

لەوانەیە کامپیۆتری ژیر و ژیری دەستکرد لە داهاتوودا یارمەتیدەر بن بۆ مرۆڤایەتی کە خێراتر و باشتر لە تەوەرەکان تێبگەن و خۆی لەگەڵیاندا بگونجێنن — بەڵام بۆ کام ئامانج؟ دیاریکردنی ئامانج بۆ مامۆستایانی پێشکەوتنخواز و زانایانی بواری تێکنیکی کە لە چوارچێوەی بەرژەوەندیی سەرمایەداریدا گیریانکردووە و بارودۆخی ئابووری خۆیان بەوانەوە بەستراوە، گەلێك دژوارە. بەردەوام بە نۆژەنکردن، دۆزینەوە و کامیلکرنی پڕۆژەی نوێوە خەریکن و وێدەچێ تامەزرۆییان هێندە بۆ پشکنینی جیهانی تێکنیکی هەبێت کە ئامانجی خاوەنەکانیان کەمتر لەبەرچاو بگرن و تەنیا بەدوای پێشکەوتنی زانستییدا بگەڕێن. کاتێ باس لەسەر پێشکەوتن بێ، مرۆڤ دەبێ لای کەم خۆی بەوەوە ماندوو بکا کە ئایا ئەو پێشکەوتووییە زانستییە لەسەر چ بەهایەك و بۆ چ ئامانجێك پێك دێ. دەبێ ئەو زانایانە لەخۆیان پرسیار بکەن بۆچی و لەسەر چ حیسابێك ئارەزووی خاوەنەکانیان وەدی دێنن. زۆر جار مرۆڤ گوێی لەو ئارگۆمێنتە دەبێ کە هەستی کونجکۆڵی مرۆڤ هێندە بەرزە کە هیچ شتێکیتر لەبەر چاو ناگرێ. ڕەنگە کونجکۆڵی زۆر جار ئەزموونی باشی لێ دروست بێ بەڵام زۆرجاریش ئەزموونی نەرێنی و کاولکارانەی بەدوادا دێ. تاقیکاریی نازییەکان

لەسەر بەکۆمەڵکوژ کردنی جوولەکەکان و سەیرکردنی ژێر دامەنی ژنان بە دووربینی تەلەفۆنی دەستیش دەکرێ بە کارێکی کونجکۆلانە دابنرێ. ئانشتاین خۆی بە تەوەری ئەتۆمییەوە خەریك نەکرد بۆ ئەوەی بۆمبای ئەتۆمی لێ ساز بکرێ و مرۆڤی پێ ماڵوێران بێت.

پاڵپێوەنەری پەرەسەندنی تێکنیکی، کونجکۆڵییەکی نەناسراو و بیگانە نییە، بەڵکوو دۆزینەوەی تێکنۆلۆژیای نوێیە بۆ دامەزراندن و بەڕێوەبردنی مودێلی بازاڕی نوێی ئابووری. ئەزموونی زۆربەی تاقیکارییەکان لە زانستگاکان و تاقیگاکانی ئەم جیهانە تەنیا لەسەر بواری ئابووری دەخولێتەوە و ڕوونە کە بە بێ پارە زانایانیش ناتوانن تاقیکارییەکانیان بەڕێوە بەرن. دیارە بۆ دۆزینەوەی تێکنۆلۆژیای تەواو و کامیل و دامەزراندنی لە بازاڕەکانی ئابووری جیهان هیچ پێویستییەك بە مرۆڤی هومانیست یاخود مرۆڤ خۆشەویست ناکات. پرسیار ئیتر ئەوە نابێ بۆچی تێکنۆلۆژیایەکی پێشکەوتوو وەك ژیری دەستکرد دەخولقێندرێ و چ کارێکی پێ بەڕێوە دەبرێ، بەڵکوو تەنیا ئەوە دەبێ کە لە ڕوانگەی تێکنیکییەوە تا چ سنوورێك دەتوانین پەرە بە ژیری دەستکرد بدەین. لە ئیدیۆلۆژی مرۆڤ خۆشەویستیدا هەر "بۆچی"یەك لە سەرەتای کارەکەوە دیاری دەکرێ: جا بەهەر شێوازێك بێ، ئیزن بە مرۆڤ دەدا و بۆی ڕوون دەکاتەوە کە پێشکەوتوویی دەبێ وەپێش خۆی بکەوێ. لەو پەیوەندییەدا بە بڕوای من دەبێ سێ خاڵی گرنگ لەبەرچاو بگیرێ: یەکەم، لەڕاستیدا ئەو مرۆڤانە کێن کە تامەزرۆییان بۆ ئەسپاردنی بڕیار بە ژیری دەستکرد هەیە؟ دووهەم، چ ئیدە یا تیئۆرییەکی کۆمەڵناسی لە پشتی ئەو کارە خۆی شاردۆتەوە؟ و سێهەم، ململانێی مەزنی ژینگە ناسی چ ڕۆڵێکی بەرچاو لەو ناوەدا دەگێڕێ؟

هەر کەس بەڵێنی ڕوانگەیەکی مێژوویی – فەلسەفی بە مرۆڤاتەتی دەدا و بەختەوەری و ئاسایش بۆ هەموو مرۆڤی سەر ئەم هەردە ئارەزوو دەکا، دەبێ بەڕادەی پێویستیش لە مرۆڤ تێ بگا، واتە زۆر زیاتر لەوەی ئیدعای دەکا. لەڕاستیدا ئەو زانایانەی زانیارییەکی زۆریان لەسەر دەروونناسی مرۆڤ هەیە هیچ هومیدوارییەکیان بۆ پێشبینی کردنی داهاتوو نییە. چونکە بەو ڕادەیەی هەورازی چاوەڕوانییەکانی مرۆڤی بەختەوەر بەرزتر دەبێتەوە، بەهەمان ڕادەش ئارەزوو، خۆشەویستی و ترسی تاکەکان زیاتر دەبێت و کۆمەڵگای مائۆئیسم، ناسیۆنالیزم یا ستالینیزم جیاوازیەکی

ئەوتۆی لەگەڵ بنەڕەتخوازی ئایینی نابێ. تەواو ئەو کێشەیە بەرۆکی بە مرۆڤخۆشەویستی گرتووە. لە لایەکەوە هەوڵ بۆبەختەوەری گشت مرۆڤ دەدرێ، هەوڵ دەدرێ بەردەوام بەختەوەرییەکە نۆژەن بکرێتەوە و مرۆڤ بکرێتە ئاژەڵی ناوماڵی ژیری دەستکرد کە ئیتر خۆی هیچ بڕیارێك نەدا و تەنیا گوێڕایەڵی خاوەنەکەی بێ و کلکەسووتەی بۆ بکا. لەو لاشەوە مرۆڤایەتی وەك چەشنی هۆمۆ ساپییەن لە ناوەندی تەوەرەکەدا قوت دەکرێتەوە. کێشەکە لێرەدایە: کەسە ڕاستەقینە هەژارە بێ دەسەڵاتەکانی ناو کۆمەڵ تەوەرێکن و چەشنی هۆمۆ ساپییەنیش بە گشتی خۆی تەوەرێکی جیاوازە. مرۆڤایەتی وەك چەشنێك بە هەمان ڕادە کەم لەبەرچاو دەگیرێ کە تاك بە نیازەکانیانەوە. جەستەی بیۆلۆژیکی ئێمە کە هەرکام پێداویستی خۆمان هەیە و باوەڕ و هەستی هەندێکمان کە هاوچەشنی مرۆڤی ئاسایی سەردەمی سەرەتای مێژووی مرۆڤایەتی دواکەوتوو ماوەتەوە، ئەو شتە نییە کە ئێمە بتوانین خۆمانی پێ بناسێنین یاخود جیاوازی نێوانمانی پێ دیاری بکەین. لەجیاتییان، ئێمە دەبێ خۆمان بەو بوونەوەرە تایبەتییە بناسێنین کە لەمرۆدا سروشت لێی دروست کردووین. چارەنووسی مرۆڤایەتی بەو ناسنامەیەوە بەستراوەتەوە و دەبێ بە گرنگ دابنرێ. پرسیاری ئایا لە داهاتوویەکی دووردا مرۆڤ گۆڕانی بەسەر دادێ یا وەك خۆی دەمێنێتەوە، کێشەی ئەمڕۆی ئێمە نییە. کێشەی ئەمڕۆی ئێمە بێ ماناییە، بێ دەسەڵاتییە، بە پێی کات و بە دەستی خۆمان خاوەن بۆ خۆمان دروست کردنە. ئێمە بە چەکی پێشکەوتنخوازی بە بێ ئەوەی ناچاریان کردبین خۆمان تەسلیمی سەرمایەداران دەکەین.

لەڕاستیدا مرۆڤ بەرهەمێکی پەرەسێنراوی گەشەسەندنە و هیچ کەرەسەیەکی دەستکرد ناتوانێ جێگای بگرێتەوە. هەروەها ژیری دەستکرد نابێ بتوانێ وەك نوێنەری "مرۆڤایەتی" ئاخافتنی بۆ بکا و ئەرکەکانی بۆ دیاری بکا. مرۆڤ دەتوانێ چاوەڕوانی، داواکاریی یا سکاڵای لە هەنبەر کەسەکان، کۆمەڵەکان یاخود ڕێکخراوە و حیزبەکان هەبێ، بەڵام نەك لە هەنبەر چەمکێکی نادیار و ناشەفافی وەك مرۆڤایەتی. ئێمە هێشتا لەو بارودۆخەدا نین مرۆڤایەتی وەك یەکەیەك دابنێین. ئەو شتەی بۆ مرۆڤی ڕۆژئاوای ئورووپای سەدەی بیست و یەکەم ئاساییە، بۆ مرۆڤی زۆربەی ناوچەکانیتری سەر ئەم هەردە بە درێژایی هەزاران ساڵ ناشەفاف و بێگانە ماوەتەوە. ئەو ئیدیۆلۆژیە نوێیە کە ژیان و مانەوەی خۆی بە مرۆڤایەتییەوە هەڵواسیوە، تەنیا

خاوەنەکانی خۆی لەبەر چاوە و لە هەنبەر زۆربەی مرۆڤی سەر زەوی کە هێشتا هەڵس و کەوتی ئاسایی بەڕێوەدەبەن و لە ڕەوتی پێشکەوتوویدا هیچ ڕۆڵێکیان نییە، کوێر ماوەتەوە. ئەوان جیا لە تێئۆریی کتێبە ئەستوورەکانی زانستی – پیشەسازی، شتێکیتر لەبەر چاو ناگرن و بۆ بەرژەوەندی خۆیان ئاکامی کارەکەیان بە هەموو "مرۆڤایەتی"یەوە دەبەستنەوە. دیارە هیچ مرۆڤێکی ژیر نابێ دژ بە پێشکەوتنخوازیّ بوەستێ، بەڵام پێشکەوتنخوازی و پەرەسەندنی زانستی نابێ تەنیا لە خزمەت بەرژەوەندی گرووپێکی بچووکی سەرمایەداردا بێ.

لەڕاستیدا بەختەوەربوونی مرۆڤ دەبێ بەو پرسیارەوە بەسترابێتەوە کە: "پێشکەوتنی زانستی بۆ تاك تاکی مرۆڤ بە چ مانایە؟" - نەك: "چ مانایەکی بۆ مرۆڤایەتی هەیە؟" چونکە دۆزینەوەی مرۆڤ وەك ڕەهەندێکی ماندار، شیاوی فەلسەفەی ژیانی دەروونیەتی. سەرەڕای ئەوەش تاکەکان بەردەوام دەبێ هەوڵ بۆ بەختەوەر بوونیان بدەن. بەڵام نەك لەسەر ناسینی چاوەکی جیهان بەڵکوو لەسەر ئەو شێوازە کە چلۆن لەگەڵ خۆیان و دەوروبەریان هەڵس و کەوت دەکەن. کردەوەی پێویست ئەو شتە نییە کە مرۆڤ دەیدۆزێتەوە، بەڵکوو ئەو شتەیە کە هەستی پێ دەکا. لە فانتازیای هیزداراندا زۆر کەم باس لە کۆمەڵگا دەکرێ. بەڵام لەڕستیدا شۆڕشی ژیری دەستکرد تەنیا لە کۆمەڵگا ئاڵۆزەکانی ئەمڕۆییدا پێکدێ. هەروەها ئەو شۆڕشە بۆ بەرژەوەندیی تاك، حیزب، کۆمەڵ، دامەزراو و ویستی گشتی مرۆڤ لەبەرچاو نەگێراوە و هەر وەك لەسەرەوە ئاماژەمان پێکرد بۆ بەرژەوەندی تاقمێك هێزداری سەرمایەدارە کە دەیانەوێ خۆیان بەسەر مرۆڤی جیهاندا بسەپێنن. لە سەردەمانی پێشوودا ئەوان بە شێوەی شەڕخوازی و دیکتاتۆری هەوڵی ئەو کارەیەن دەدا، ئێستا و لە جیهانی مودێڕندا ڕێگایەکی تازە واتە جیهانی گلۆبالی دیجیتاڵییان دۆزیوەتەوە. بە شێوەی ستراتیژیکی واتە درێژخایەن ناکرێ پێشبینی ئەو کارە بکرێ بەتایبەت لە ڕوانگەی بریندارکردنی سنووری ئازادیی و سەربەخۆیی تاکە کەسەکان لە سیستەمە کۆمەڵایەتییەکاندا.

جیاوازیی و لێکهەڵبڕانی کۆمەڵگاکان بە تایبەت وڵاتانی پیشەسازیی سەدەی بیست و یەکەم لەگەڵ جیهانی سێهەم و ناوچە وەدواکەوتووەکانیتری ئەم جیهانە بە گشتیی ویستی مرۆڤ نییە و زیاتر بەهۆی لێك بڵاوبوونەوەی مقەستی نێوان مرۆڤی دەوڵەمەند

و هەژار هاتۆتە ئاراوە. تەنانەت لە ڕوانگەی بیچم و چۆنیەتیی شکڵ و شێوازیشەوە بە هۆی نەشتەرگەری جوانکارییەوە بەرە بەرە خۆیان لە مرۆڤی هەژار دوور دەخەنەوە و لە زۆر شوێن خۆیان بە مرۆڤی سەرتر و کامیلتر دادەنێن. نۆڕم و بیچمی مرۆڤی ساپییەن بە پێی کات و بە شێوازی چێکراو گۆڕانی بەسەردا دێ. دایك و باوکان وەك خەڵات لووت و لێو و سنگ و مەمکی نوێ و هەڵمساو بە منداڵەکانیان دەدەن.

هەر کەس ئاکام و ئاسەوارەکانی یەکەم شۆڕشی پیشەسازیی سەدەی نۆزدە لەبەر چاوی وێنا بکا، زۆر بە دژواری دەتوانێ خۆڕاگری لە هەنبەر وەرچەرخان و گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی چێکراوی سەدەی بیست و یەکەم بکا. گۆڕان لە کۆمەڵگایەکی کشتوکاڵییەوە بۆ کۆمەڵگایەکی ئاڵۆزی پیشەسازیی نەك هەر دەسپێکی پێکهێنانی بەرهەمێکی گەلێك زۆر بوو، بەڵکوو کۆتایی هێنان بە حکوومەتە چەند هەزار ساڵەکانی ئەشرافی و ئایینی بوو. بەڵام ئاڵ و گۆڕی نوێی ئەمڕۆیی تۆڕێکی نوێی کۆمەڵایەتی پێکهێناوە کە زۆر زیاتر لە ئیدیۆلۆژییەکانی پێشووی وەك لیبرالیزم، نەتەوەگەرایی، فاشیزم، سوسیالیزم و کۆمونیزم کە بەردەوام بە شێوازی خۆیان هەوڵیان بۆ کونترۆڵکردنی مرۆڤ داوە، دەستیان بەسەر مرۆڤدا گرتووە و هەموو ئازادییەکانیان لێ بەرتەسك کردۆتەوە. ترس لەو پێشکەوتنخوازییە و کەڵکوەرگرتنی نابەجێ لە ژیری دەستکرد دەتوانێ کۆمەڵگای داهاتووی مرۆڤ بشێوێنێ. ئەگەر لە داهاتوودا بارودۆخێکی لەبار بۆ ژیری دەستکرد پێك بێ، ئەگەر مرۆڤ بە نۆژەنکردنەوە و گۆڕان پێهێنان بەسەر خۆیدا هەوڵی مرۆڤی تەواو و کامیل بدا ئاخۆ یاسا، پێداویستی و ئارەزووەکانی کۆمەڵایەتی داهاتووی چییان بەسەر دێ؟

## ئەو شتانەی زۆر کەم باسییان لێوە دەکرێ!

ئایین بە درێژایی هەزاران ساڵ وەك ڕاستەقینەی ژیانی مرۆڤ، لەناو کۆمەڵگا جیاوازەکاندا جێ و شوێنی خۆی کردۆتەوە. حاکمان لە هەموو سەردەمەکاندا هەستیان بەو ڕاستییە کردبوو کە بۆ کونترۆڵکردنی کۆمەڵگا، ئایین باشترین کەرەسەیە و بە بێ یارمەتی ئایین ناتوانن بە ئامانجەکانیان بگەن. ئاوڕدانەوەیەك لە مێژووی مرۆڤایەتی ئەو ڕاستییەمان بۆ ڕۆون دەکاتەوە کە حاکمان بە بێ بەشداربوونی ئایین لە هیچ شوێنێکی ئەم هەردە دا نەیانتوانیوە بە ئەرخەیانییەوە خەڵکی ناو کۆمەڵ کونترۆڵ و ئارام بکەنەوە و بەسەریاندا حوکم بکەن. بەڵام لەسەردەمی نوێ و بەتایبەت لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا ئایین ئیتر ئەو کارتێکەرییەی لەناو خەڵیکدا نەماوە و حاکمانی نوێی جیهان بۆ گرتنەوەی ئەو بۆشاییە بەدوای شتێکی تازەدا دەگەڕان و لەمڕۆدا کەرەسەی پێشکەوتنخوازیی و سیستەمی کۆمەڵایەتییان لە جێگای داناوە. دیارە وەك سەردەمانی پێشوو ئیتر ترسیان لەوە نییە کە مرۆڤی هەژار و نارازی لێیان قوت ببنەوە، چونکە بەهۆی ئازادهێشتنەوەی مرۆڤ، متمانەپێکردن و هۆگرییان بۆ تێکنیکی نوێ و پێکهێنانی سیستەمێکی کۆمەڵایەتی بۆ مرۆڤی هەژار کە ژیانێکی لای کەمیان بۆ دابین کراوە و هیچ نەبێ لە ڕوانگەی سلامەتی و بەڕێوەچوونی بژیوی ژیانیان تا ڕادەیەك یارمەتیان پێ دەکرێ، حاکمان دەتوانن پلان و بەرنامەکانی خۆیان بە باشی بەڕێوە بەرن. بە خۆ هەڵواسین بە زانستی گەشەسەندنەوە درێژە بەو ڕێگایە دەدرێ و پێشکەوتنخوازیی تێکنیکیش ڕێگاکەیان هێندەیتر بۆ خۆشتر دەکا.

زۆربەی ئاژەڵ و گیای ئەمڕۆیی کە لەسەر زەوی ژیان دەکەن، نە ژیرترن و نە جیاوازییەکی بەرچاویان لەگەڵ هی هەزاران ساڵ پێش خۆیان هەیە، بەڵام مرۆڤ بەهۆی کونجکوڵی و تایبەتمەندییە جیاوازەکانی لەگەڵ ئاژەڵانیترەوە بەردەوام هەوڵی بۆ دۆزینەوەی پرسیاری سەبارەت بە ژیانی داوە. ئەو ڕاستییە کە مرۆڤ بۆ گەیشتن بە ژیانی باشتر بەردەوام بە کەڵکوەرگرتن لە هۆش، هزر و ژیربوونەوەی خۆی هەوڵی بۆ ژیانێکی ڕاحەتتر و پڕ لە ئاسایش داوە، کەمتر لە ئاژەڵانیتردا دەبینرێ.

لێرەدا سەروەری تێکنیکی و پێشکەوتنخوازی جێگای هەڵبژاردەی سروشتی گرتۆتەوە. بە درێژایی ملیۆنان ساڵ هەڵبژاردەی سروشتی و ڕەوتی گەشەسەندن بە ئەسپایی گۆڕانی بەسەر بۆنەوەراندا هێناوە، بەڵام مرۆڤ و بڵیمەتییەکەی لە چەند سەدەی ڕابردووەوە ئەو ئەرکە سروشتییەیان بە دەست خۆیانەوە گرتووە و بە خێراییەکی گەلێك زیاتر گۆڕانیان بەسەر خۆیان، ژینگە و بوونەوەرانیتردا هیناوە و وەپێش هەڵبژاردەی سروشتی و گەشەسەندن کەوتوونەتەوە. ئەو دروشمە دەڵێ: هەر بوونەوەرێك بتوانێ بە شێوازی چێکراو گۆڕان بەسەر ژینگەیدا بێنێ، شانسی مانەوەی زیاتری دەبێ.

لە مێژووی گەشەسەندندا، وەك مێژووی فەرهەنگیی، بەردەوام پێشکەوتنخوازیی تێکنیکی، ڕۆڵێکی گەلێك بەرچاوی لە ژیانی مرۆڤی ساپییەندا گێڕاوە. یاساکانی ئابووری سەرمایەداری بوونەتە یاسای جیهانی. هاندەری ئابووری هاندەری سروشتین لە "ژێن"ەوە هەتا هێرشی داهاتووی مرۆڤ بۆ سەر پلانێتەکانیتری ئونیوێرسام. لەو ڕوانگەیەوە دەکرێ پەرەسەندنی هێزی دەستکرد لەگەڵ سەردەمی کامبریەن "Cambrian"[١١] هەڵسەنگێنین، کە لێرەدا شۆڕشی دیجیتالی بۆتە هۆکار بۆ پەرەسەندنی سەرمایەداری. ڕوانگەی مرۆڤخۆشەویستی حاکمان سەبارەت بە زانستی گەشەسەندن کە دەڵێ: "مێژووی پەرەسەندن خۆی دەکاتە شانۆگەرێکی ئاگا" بە هەڵە دەردێ. ڕەوتی گەشەسەندن ڕەنگە لە تاقمێك قاعیدە و یاسای تایبەت پەیرەوی بکا، بەڵام گەشەسەندن خۆی هیچ کارێك بەڕێوە نابا. ئەو، کەس، جەستە یا کۆرپەێەك نییە بەڵکوو بە بێ داڕشتنی پلانی پێشتر ئامادەکراو ڕەوتێکی بێ ئامانجە. مەبەستی ئەو پەرەپیدان و گەورەکردنەوەی چەشنەکان نییە، هەستی خەمخواری بۆ هیچ شتێك و کەسێك نییە و گوشاریش بۆ هیچ چەشنێـك ناهێنێ بۆ ئەوەی گۆڕان بەسەر خۆیدا بێنێ. بەڵام پرۆسە و ڕەوتی ئابووری بە پێچەوانی گەشەسەندن بە ویستی خوڵقێنەری و ئامانجی ئاگایانەی ئاکتەرەکانیەوە بەستراوەتەوە. ئەوەش جیاوازییەکی گەلێك مەزن دروست دەکا.

هەردووک بۆچوونە مێتافیزیکییەکان بەهەڵە دەردێن: یەکەم: "سروشت و سەرمایەداری لە لۆژیکیکی وەك یەکەوە سەرچاوەیان گرتووە"، و دووهەم: "تێکنیك

---

[١١] سەردەمی کامبریەن کاتێکی دیاریکراوی زەوی ناسییە کە ٥٤١ تا ٤٨٥،٤ ملیۆن ساڵ پێش ئێستا لەخۆ دەگرێ. لەو سەردەمە کاتییەدا دەبێ کەم یا زۆر هەموو بوونەوەرانی ئەمڕۆیی پێکهاتبێتن.

و پێشکەوتنخوازی مرۆڤ، بە شێوەیەکی هاوچەشن خەمخواری پێشکەوتوویی سروشتی و بیۆلۆژیکیە هەر وەك چۆن گەشەسەندن خەمخواری سروشتە". هەرچەندە زیاتر بیر لەو تەوەرە بکەینەوە بەو ڕادەیەش زیاتر ئیدیۆلۆژی نوێی سەیرتر پێکدێن کە ئیزن بە مرۆڤ دەدەن بۆ وەدەستهێنانی هێز و سامان زیاتر دەست بەسەر سروشتدا بگرن و بێ بەزەییانە بیڕووتێننەوە. تامەزرۆیی ئابووری و پەرەپیدان بە سەرمایەداری بە هیچ شێوەیەك ڕووداوێکی سروشتی نییە. هەروەها سەمایەداری بوونەوەرێکی گەشەسەندنی مێتافیزیکی نییە بەو شێوەیەی مرۆڤخۆشەویستان ئیدیعای دەکەن. بڵاوبوونەوە و داگیرکاریی بێ بەزەییانە و سوودوەرگرتن بێ شەرت و مەرج نە یاسایەکی گەشەسەندنی قانیعکەرن و نە سروشتی مرۆڤ پێویستی پێیان هەیە. هەر کەس ئەو کارانە بە بیری سەرمایەداری دانەنێ و بە سروشتی مرۆڤەوەی بچەسپێنێ، لە هەنبەر هەموو چەشن فەرهەنگە عەشیرەتییەکانی سەحرا و لێرەوارە بارانییەکان کە بۆ ماوەی هەزاران ساڵی ژیان کەڵکیان لەو پلانێتە وەرگرتووە و هێشتا هەر لە ناویش نەچوون، کوێرە. بەتایبەت کەسێك ئاوا بیر بکاتەوە ڕوونە کە مرۆڤێکی مێژوودروستکەرە. چونکە ئەگەر کەڵکی نابەجێ وەرگرتن لە کانزا سروشتییەکان بۆ کەسێك ئاسایی بێ، لەناوچوونی مرۆڤی ساپیەن و بوونەوەران و ژینگەش بۆی کارێکی ئاسایی دەبێ. پێشوازی لە پێشکەوتنخوازییەك کە لە خزمەتکردن بە سەرمایەداران بێت و مرۆڤ و سروشت بەرەو تووناکردن هیدایەت بکا، کارێکی هەڵەیە.

گەشبینی تیکنۆلۆژی و بڕوا بە قەزاوقەدەری سەرمایەداری لەڕاستیدا دژبەر و پارادۆکسی یەکترن. لەوانەیە ڕەچەڵەکی بیرۆکەی مرۆڤ خۆشەویستیی سەرمایەداری تەواو لێرەدا بێ. لە زۆربەی فیلمە خەیاڵییەکانی هالیوودیشدا زۆر جار مرۆڤایەتی توونا دەکرێ و ژیری دەستکرد وەك قارەمانی فیلمەکە درێژە بە ژیان دەدا. ئەو باوەڕە لە مرۆڤدا پێك دێنن کە کاتێ مرۆڤ توونا دەکرێ و هیچ ڕێگایەکی بۆ نامێنێتەوە، لای کەم تێکنۆلۆژیای دەستکردەکەی درێژە بە ژیان دەدا. ئەو چەشنە بیرکردنەوەیە کە بوون و نرخی ئینسانی لە داهاتووی پلانیتەکانیتردا دەبینی و بەوانیەوە دەلکێنێ هەموو بەهرەکانی پێشکەوتوویی پێشووی تێکنیکی لەبیر خۆی دەباتەوە و مرۆڤایەتی قوربانی فانتازیاکانی خۆی دەکا. لە مێژووی فەرهەنگی جیهاندا مەبەست لە تێکنیك و پێشکەوتوویی نەك هەر ئەرخەیان بوون بۆ مانەوەی ژیان بووە، بەڵکوو هاوکاتیش بە

دروستکردنی ئاسایش و ئاسوودەیی فەزایەکی پێك هێناوە بۆ جێکردنەوەی بایەخە ئینسانییەکان. تێکنیکی دروستکردنی کەرەسەی ڕاحەتکەرەوەی ژیان و ڕاو لە سەردەمی بەرد بۆتە هۆی پیکهێنانی دەرفەتێك بۆ لێك نیزیکبوونەوەی مرۆڤ لە یەکتر، لەدایکبوونی هونەری نەققاشی، سەما، مۆسیقا، ئایین و هتد ... لەمرۆدا مرۆڤ لەناو کۆمەڵ و نەتەوەکاندا نەك بەهۆی تیکنیك بەڵکوو بەهۆی زمان ، گێڕاوە و چیرۆك، مۆسیقا و وێنەی وەك یەك لەدەوری یەکتر کۆ دەبنەوە و کۆمەڵگا جیاوازەکان پێکدێنن و دەبنە شوێنی خۆڕاگری و کۆکردنەوەی ئەزموون و بەهۆی متمانەکردن بەخۆیانەوە ناسنامە بۆخۆیان دەدۆزنەوە.

پسپۆرانی تێکنیکی زانیاریی، بە مەیلەوە چیرۆك دەگێرنەوە کە لەوێدا پەرەسەندنی مێژووی مرۆڤایەتی لە دۆزینەوەی ئاگرەوە هەتا کشتوکاڵ و خەت و نووسراوە، تا دەگاتە ئینتێرنێت، تەلەفۆنی مۆبایل و ژیری دەستکرد بە شۆڕشی تیکنۆلۆژیاوە دەلکێندرێ... بەڵام دۆزینەوەی ئاگر و خەت، دەسپێکی کشتوکاڵ و دەستەمۆکردنی ئاژەڵان لە چوارچێوە و پەیوەندایەتی لەگەڵ فەرهەنگی مرۆڤدا پێکهاتوون. هەر کارێکی هونەری بە تێکنیکەوە دەنووسێنن بەڵام لەڕاستیدا ئەو چەمکە لەو پەیوەندایەتییەدا مانایەکی قووڵی پێ نادرێ چونکە سەما، ژەندنی ئامێری مۆسیقا و یاریکردن و ... بە شێوەیەك لە شێوەکان کارێکی تێکنیکین. مێژووی پەرەسەندنی مرۆڤایەتی و شۆڕشی فەرهەنگی ناکرێ بۆ پلەی تێکنیکی داشکێندرێ. دەنا مرۆڤ بە هیچ شێوەیەك ناتوانی وەڵامی ئەو پرسیارە بدۆزێتەوە کە بۆچی فەرهەنگی تایبەتی تاقمێك نەتەوە تێکنیکی تایبەت بەخۆیان دۆزیوەتەوە و تاقمێك لە کولتوورەکان لێی بێ بەشن. ئەو باوەڕە - تێکنیکییەی کە تەنیا تێکنۆلۆژیا و سەرمایەداری بە هۆکار دادەنێ، بە ڕاشکاوی هەردووك چاوی قووچاندووە و هیچ شتێکیتر نابینێ. ئەو شتەی نابێ ببیندرێ، نایبینن و نیشانی نادەن. کاتێ مرۆڤی سەردەمی ئەنتیکی یۆنان بۆ سڵامەتی، جەستەی خۆیان لە ناو حەمامدا خاوێن ڕادەگرت، ئەو کارە هیچ پەیوەندییەکی بە تێکنیکی حەمامەوە نەبووە بەڵکوو تەنیا بۆ بەهێز ڕاگرتنی ڕۆحیان بووە کە ئەویش خۆی پێداویستیی و هۆکارێك بووە بۆ درێژەپێدان بە ژیانیان.

ئەگەر ئیمەی مرۆڤ لە داهاتوودا بمانەوێ لە ژیری دەستکرد کە خۆمان خوڵقاندوومانە کەڵك وەرگرین، دەبێ ئامانجەکەی خزمەت بە هەموو مرۆڤایەتی بێ

نەك تەنیا تاقمێك سەرمایەداری تەمبەڵ و تەوەزەل. ئێمە دەبێ دەست لە بیرکردنەوە بۆ دروستکردن و دۆزینەوەی سەروەر هەڵبگرین. پرسیار دەبێ ئەوەبێ ئایا دیاریکردنی سنوور و ئامانجی ژیری دەستکرد بۆ کاری باش و بەمانا کە دەبێ لە خزمەت هەموو مرۆڤێکدا بێ، بە مرۆڤەوە بەستراوەتەوە و بۆ چ ماویەك؟

## ژیری دەستکردی ژیر یا سەروەری داهاتووی مرۆڤ

بۆ زۆربەی مرۆڤ پرسیارێکی کاتییە ئایا دە، بیست، پەنجا ساڵ یا لەم سەدەیەدا ژیری دەستکردی ژیر پەرەبستێنێ و لە هەموو ڕوانگەکانەوە لە مرۆڤ باشتر بێ و خۆی بکاتە سەروەر و بڕیاردەر بۆ مرۆڤی جیهان. چارەنووسی مرۆڤ لەدەست خۆیدا ڕاگرێ، تەواو بەو شێوازەی ئێمە ئەمڕۆ چارەنووسی بوونەوەرانیترمان لە دەست خۆماندا ڕاگرتووە. پرسیاری بڕیاردەر ئەوە دەبێ ئایا ئەو بلیمەتە هەڵس و کەوتی تووڕە و شەڕخوازی یا مرۆڤ خۆشەویستانەی دەبێ و ئایا مرۆڤ دەتوانێ لە ڕوانگەی کاتییەوە زۆر زوو هەست بە ئامانج و پلانی داهاتووی بکا؟ چونکە لەڕاستیدا ئێمە دەتوانین کەرەسەیەکی بلیمەت بخولقێنین کە ڕێز و حورمەت بۆ بەها ئینسانییەکان دابنێ و بە دڵنیاییەوە هەنگاوێکی گەلێك گرنگ دەبێ بۆ بەرژەوەندیی هەموو مرۆڤێکی سەر ئەم هەردە. دیارە لە جیهانی سەرمایەداریدا بڕیاری ئازادانە یاخود لێپرسییەکی دێمۆکراسییانەی کۆمەڵ بۆ پێکهێنانی ئەو چەشن بلیمەتە لە گۆڕێدا نییە. لە هەر حاڵدا ئەو بلیمەتە بەڕێوەیە، پرسیار تەنیا ئەوەیە: کەی؟ ریسکێك کە مرۆڤ بخاتە بارودۆخێکەوە مەترسی هەڕەشەکردن لە بوونی داهاتووی لێ بکا، دەبێ زۆر بە ووردی لێکبدرێتەوە چونکە ئەگەر کار لە کار بترازێ ئیتر هیچ ئالترناتیڤێکی دیکەی بۆ نامێنێتەوە.

سەرکەوتوویی سەرەتایی لەو بوارەدا مرۆڤ لە داهاتووی تاریك و ناشەفافی ئەو بلیمەتە نیگەران دەکا. بەڵام دەرەتانی پەرەسەندن و پێشکەوتنی لە مرۆڤ لە ڕوانگەی بیر و ژیرەوە بۆ کاتێکی دیاری کراو لە داهاتوویەکی نیزیکدا گەلێك کەم و ئاستەمە. سەرەڕای ئەوەیکە زۆربەی پسپۆڕانی زانستیی ئەو بوارە، گرنگیدان و گەورەکردنەوەی ژیری دەستکرد بە کارێکی زێدەڕۆیانە و فانتازیای تاقمێك مرۆڤەوە دەبەستنەوە، ئیمە وەك مرۆڤی ئاسایی دەبێ بە ئاگاییەوە چاوەدێری پەرەسەندنی داهاتووی ئەو بلیمەتە بکەین و بە کەمی نەگرین. سیستەمی ئاماریی بەهێز بە ئەرکێکی جێی کونترۆڵەوە باسێکە و پەرەسەندنی ژیری دەستکرد گرێدراو بە کردەوە و

مەبەستی زۆرداران و سەرمایەدارن بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانیان باسێکیترە. ئەوەی کە ژیری دەستکرد بتوانێ بە ووشیارییەکی تایبەتییەوە هەموو توانایی بیر و بۆچوون و چەمکە بەهادارە ئینسانییەکان بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە و بە شێوەی ئوتوماتیک چەمکی ناسنامەی نوێ بۆ مرۆڤ کە بەداخەوە زۆربەی مرۆڤی ئاسایی لێی نائاگان، بخولقێنێ، و لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە خاوەنەکانی خۆی پێ بەهێز بکا لەم کاتەی ئێستادا کارێکی گەلێك بێ بەڵگە و بێ بنەڕەتە. تەنیا ئەو مرۆڤانەی دوور لە تێگەییشتوویی و هەستی ئینسانیین دەتوانن باوەڕ بکەن ماشێن و کەرەسەی دەستکردی مرۆڤ لە داهاتوویەکی نیزیکدا بتوانێ بەسەریاندا حاکم بێ و بڕیار بۆ چلۆنایەتی ژیانیان بدا.

سەرەڕای ئەوانەش ئەو ئیدە و مەترسییە کتێب، فیلم، شانۆ، بیر و بۆچوون و مێدیاکانی جیهانی بەخۆیەوە خەریك کردووە. لە ڕوانگەی زۆربەی ئەو سەرچاوانەوە لە داهاتوودا کامپیۆتر و ژیری دەستکرد کونترۆڵی ئەم جیهانە بەدەستەوە دەگرن و بە شێوەیەکی مەترسیدار مرۆڤ بە شێوازێك ڕادێنن کە لە داهاتوودا وەك کارێکی گەلێك ئاسایی ژیانیانی لێ بێ. بە شێوەیەکی سەرسووڕهێنەر لەبەر چاوی هەموو مرۆڤی ئەم جیهانە سناریۆی تووناکردنی سەرچاوە کانزا سروشتییەکانیان وەڕێخستووە و بەتایبەت بە دروستکردنی بەرهەمێکی ئەلکترۆنیکی لەڕادەبەدەر، سەرەڕای ئەوەی مرۆڤ پێویستی زەروری و حەیاتی پێیان نییە بوونەتە هۆکاری سەرەکی بۆ تووناکردنی ژینگە. بەڵام لەڕاستیدا مەبەست و ئامانجیان تەنیا پڕکردنی گیرفان و گەورەکردنەوەی سامان و سەرمایەیانە و لەو ڕێگایەدا بەزەییان بە ژینگە و ماکە سروشتیەکاندا نایە کە بە ڕووتاندەوەیان ژیانی داهاتوو لەسەر ئەم پلانیتە دەخرێتە ژێر مەترسییەکی جیدییەوە. ئەرکی ئاگادارکەرەوەی بەهەڵە ئەوەیە کە ئێمە وەك مرۆڤی ئاسایی ئەو کارەی لەدەستمان بەر بێ بە جێی دێنین و هاوکاری سەرمایەدارن دەکەین سەرەڕای ئەویکە لە لایەن خاوەنەکانی ژیری دەستکردەوە مەترسی بۆ ژیانی داهاتوومان پێك دێ. پەرەسەندنی ئابووری بە گورجییەکی لەڕادەبەدەر لەڕێدایە. ئەوانەی بەهۆی ئەو پەرەسەندنەوە بەرژەوەندی گونجاوی داراییان بۆ دروست دەبێ بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ حەشیمەتی ئەم جیهانە تەنیا تاقمێك مرۆڤن. سەیر ئەوەیە زۆرینەی مرۆڤ ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ، بە ئاگایی یا نائاگایانە بۆ گەورەکردنەوەی

سامانی ئەو بەشە بچووکە لە ڕێگای بازاڕە دیجیتالیە جیهانییەکانەوە یارمەتیشیان دەدەن.

چی دێتە پێشەوە ئەگەر لەڕاستیدا بتوانن لە داهاتوودا کەرەسەیەکی ژیر واتە ژیری دەستکردی لەڕادەبەدەر ووشیار بخوڵقێنین؟ لەمڕۆدا مرۆڤ بە مەیلەوە لەسەر دوو ڕاونگە باس و لیکۆڵینەوە دەکا. یەکەم بۆچوون بەردەوام لەو مەترسیە باس دەکا کە ئەو بڵیمەتە ووشیارە بکەوێتە دەستی مرۆڤی شەڕخواز یا حکومەتی دیکتاتۆری و بۆ بەرژەوەندی کارە نالەبارەکانی خۆیان کەڵکیان لێ وەرگرن. بێ گومان ئەو ریسك و مەترسیە بەدی دەکرێ بەڵام بۆ ئەو کارە پێویستیان بە ژیرێکی دەستکردی لەڕادەبەدەر ووشیار نییە، چونکە زۆریەك لە فۆڕم و کەرەسەی دەستکردی لاوازی ئەمڕۆییش ئەو کارەیان بۆ جێبەجێ دەکات نموونە بۆ کونترۆڵ و چەوسانەوە و پێشلکاریی ماڤی مرۆڤ لەمڕۆدا گەلێك زۆرن وەك حکوومەتی تورکیا، ئێران، سوریا، ڕووسیا، کورەی باکوور و ...هتد.

مرۆڤ گەلێك بەربڵاوتر و ئاستەمتر باس لەسەر بۆچوون و ڕوانگەی دووهەم دەکا. بەو مانایە کە بەهۆی کارتێکەریی ژیری دەستکردی پۆزیتیڤ و مرۆڤ خۆشەویستانە کۆمەڵگایەك پێك بێ بە بێ مەترسی بتوانن گورگ و مەڕ لە پەنایەکتردا ژیان بکەن. تاقمێك گومانی ئەوە دەکەن کە ژیری دەستکرد لە داهاتوودا بتوانێ سەربەخۆ بیر بکاتەوە و سەرەڕای پۆزیتیڤ بوونی، مرۆڤ بخاتە بارودۆخێکی مەترسیدارەوە. لە ئەگەری پێکهاتنی بارودۆخێکی ئەوتۆدا دەبێ لە خۆمان پرسیار بکەین ئامانج و پلانی ئەو چەشنە ژیری دەستکردە دەبێ چی بێ؟ ئەو پرسیارە هەردوك ڕوانگەکان لێك دادەبڕێ و لیکیان جیا دەکاتەوە. لێرەشدا دوو بۆچوون هەن: لە یەکەم سناریۆدا ژیری دەستکرد نۆژەن دەکرێنەوە، و لە دووهەم سناریۆدا ئەوە مرۆڤەکانن کە نۆژەن دەکرێنەوە. بە تایبەت لە سناریۆی دووهەمدا مرۆڤ لە ترسی سەربەخۆبوونی هێزی ژیری دەستکرد هیچکات ماندوو نابێ و بەردەوام چالاکییەکانی درێژە پێدەدا. بەهۆی تێکنۆلۆژیای بەرز لە کردەوە و تێئۆریدا هەمووشتێك تێکەڵاوی یەکتر دەکرێن. هاوکات لەگەڵ ئەوەی زۆربەی مرۆڤ مەترسیان لە هەنبەر هێزگرتنی کامپیۆتر و ڕۆبۆت دەبێ، بەڵام هەڕەشەکە ئەگەریش بوونی هەبێ، نەك لە لایەن کامپیۆتر و ڕۆبۆت یا ژیری دەستکردەوەیە بەڵکوو لە لایەن هێزی بڕیاردەری ئەو مرۆڤانەوە

دەبێ کە خۆیان لە پشت ئەو کەرەسانە حەشار داوە. لە جیهانی هالیوووددا و لە زۆربەی فیلمە خەیاڵییەکان لەسەر داهاتوو ئەوە کەرەسەی چێکراوی دەستی مرۆڤن کە تووڕەیی لە خۆیان نیشان دەدەن و ژینگە توونا دەکەن و جێی ژیان بە مرۆڤ و بوونەوەرانیتر تەنگ دەکەن، لە حاڵێکدا ئێمە دەزانین هیچ کەرەسەیەکی خوڵقێندراوی دەستی مرۆڤ ناتوانی سەربەخۆ و بە بێ بەرنامەی پێشتر داڕژراو بڕیار لەسەر هەڵس و کەوتەکانی بدا. دیارە ڕەنگە بتوانێ لە نێوان چەند ئالترناتیڤ کە بۆی دیاری کردوون، یەکیان هەڵبژێرێ بەڵام لە نەهایەتدا ئەگەر بڕیاری توونا کردنی ژینگە بدرێ سەرەڕای ئەوەی دەزانین بڕیارەکە لە لایەن خاوەندارانی پڕۆگڕام نووسەکانەوە دەدرێ، هیچ جیاوازی بۆ نابێ ئەوکارە بە دەستی بوونەوەری چێکراو یا بیۆلۆژیکییەوە بەڕێوە بچێ.

ژیرێکی دەستکرد کە لە لایەن مرۆڤەوە پڕۆگڕامێکی تایبەتی بۆ دیاری کرابێ بۆ وێنە بە شێوەی ئوتوماتیکی قاوە دروست بکا و بە کرداری بدا، ئەرکی خۆی بەجێ دێنی بۆ ئەوەی ئەو بەرنامەیەی لەو چوارچێوەیەی بۆی دیاریکراوە بە باشی بەڕێوەی بەرێ. جیا لەوە هیچ کارێکیتری لە دەست نایە و ناتوانێ بۆ وێنە لە جێگای قاوە ماکەیەکیتر بە مرۆڤ بفرۆشێ. تاقمێك لەسەر ئەو باوەڕەن لە داهاتوودا ژیری دەستکرد دەتوانێ خۆی درێژە بە ژیانی بدا و بە بێ بەشداربوونی مرۆڤ خۆی بلیمەتیتر بەرهەم بینێ و ژمارەی خۆی زۆرتر بکا. بەڕاستی مرۆڤ لێرەدا نازانی ئایا لەسەر ئەو باسە پێ بکەنێ یا بۆی بگری. بەڵام بۆچی خۆی بەسەر وڵاتدا بڵاو کاتەوە؟ ژیرێکی دەستکردی ئاوا ژیر، دەبێ بزانێ بە پێچەوانەی مرۆڤ پێویستی بە خواردەمەنی نییە و شوێنێکی بەربڵاویشی بۆ ژیانی پێویست نییە. تەنیا شتێکی پێویستی پێی هەیە ووزەیە. ژیرێکی دەستکرد کە بتوانێ بەتەنیا سیاسەتی بەڕێوەبردنی جیهانی بەدەستەوە بگرێ جیا لە خەونێك هیچ شتێکیتر نییە.

ژیری دەستکردی توونی و برسی بۆ بەدەستەوەگرتنی هێزی جیهانی یا دەبێ بە لێهاتوویی سروشتییەوە بچەسپێندرێ، یاخود بە پەیوەندایەتی نێوان بلیمەتی و ویستی مرۆڤەوەی گرێ بدرێ. بلیمەتی و ووشیاری مرۆڤ بەهۆی پرۆسەی گەشەسەندنەوە پێکهاتووە. سەیرکردنی جیاواز لەسەر تەوەرەکان، داڕشتنی ستراتیژی بۆ بەربەرەکانی و باشترکردنیان، هەروەها کێبەرکێ بۆ دۆزینەوەی ڕێگای ژیان، مرۆڤیان بۆ بیرکردنەوە و خۆ گونجاندن و درێژەدان بە ژیان ڕاهێناوە و سروشت

بەرە بەرە بلیمەتیکی تایبەت بە هەلسەنگاندن لەگەل بوونەوەرانیتری لێ دروست کردووە. سەیرکردنی جیاوازی تەوەرەکان و وەرێخستنی ستراتیژی باشتر لە هەنبەر کێشەکانی ژیان بە گشتی خالیکی ئەرێنی بۆ مرۆڤ بووە، یاخود لانی کەم ناتوانین بە کارێکی زیانباری دابنێین کاتێ باس لەسەر درێژەدان بە ژیان لە ناو جیهانی سەردەمی سەرەتایی مرۆڤ کە پڕ لە ئاژەلانی دڕەندە بووە، بکرێ. لەمڕۆدا مەزنترینی ئەو کێبەرکێی و کێشانە لەسەر ژینگەی هاوبەش لەگەل ئاژەلان نییە. مەزنترین کێبەرکێی مرۆڤ لەهەنبەر خودی مرۆڤە. هاوکات لەگەل دووپاتبوونەوەی ڕووداو و کارەساتە سروشتییەکان، پێشبینیکردنی کردەوە و هەلس و کەوتی مرۆڤ بۆ داهاتوو گەلێك مەترسیدارە. بە بێ لێکدانەوە و تێگەییشتن لە ئامانجەکانی مرۆڤی داهاتوو لە پەیوەندایەتی لەگەل ڕووتاندنەوەی کانزا سروشتییەکان بۆ بەدەستەوەگرتنی هێز و گەورەکردنەوەی سامان لەم جیهانە ناکرێ پێشبینی داهاتوو بکرێ.

بیر و هزری ئینسانیی خەستاوی جەستەیەکی بیۆلۆژیکی و ژینگەی سروشتییە کە لە پەیوەندایەتی لەگەل بەستێنی کۆمەلایەتی پەرەی سەندووە. پێشینیانی ئێمە بە پێی کات فێر ببوون بەرە بەرە جیهانێکی ئالۆز لە هەستەکان و ڕوانگەی جیاواز پێك بێنن کە تەنیا خۆیان وەك بوونەوەری سەرکی تێدا دەدۆزییەوە. لە بەرابەریدا ئەو ڕوانگەیە کە هزر و بلیمەتی مرۆڤ هەر لە سەرەتاوە بوونی بووە و ئەو لێهاتووییە لە لایەن خولقێنەرەوە بە مرۆڤ بەخشراوە، بە شێوازێکی سەیر و سەمەرە لە لایەن فیلەسۆفانی کەونەوە قاوی بۆ دراوە و بۆتە هۆی پێکهێنانی ئایینە یەکتا پەرستییەکان کە وەك لەمپەر پێشیان بە بیرکردنەوەی ئازادی مرۆڤ گرتووە. بەلام بە بێ کۆنتێکستی جیهانێکی دروستکراوی دەستی خودی مرۆڤ، تێگەییشتوویی سەردەمی پێشوو بەو زانیارییە کەمەی لەسەر چلۆنایەتی پێکهاتنی جیهان هەیبوو بە ئاستەمی بۆی مسۆگەر نەدەکرا. ئێمە ئەمڕۆ دەزانین بیر و ژیرێکی سالمی تێگەییشوو، هەستکردن بە بەها ئینسانییەکان و خەملان و بەراوردکردنیان، واتە ئەو هەلس و کەوتانەی ژیریی و بلیمەتی مرۆڤی پێ دیاری دەکرێ و لە ئاژەلانیتری جیا دەکاتەوە لە ڕوانگەی زانستییەوە بە پێی کات و لە پرۆسەی دور و درێژی گەشەسەندندا پێکهاتوون.

سەرەڕای ئەوانەش ئێمە هێشتا زانیاریی سەداوسەدمان نییە کە چلۆن بە ووردی مێشکمان کار دەکا. هێشتا بە ووردی نازانین پرۆسەی هەست بە خۆناسینمان کە لە

زۆربەی بوونەوەرانمان جیا دەکاتەوە چلۆن پێك هاتووە. تەنانەت ئەگەر زانایانی ئەو بوارە سەرکەوتووانە شێوازی خۆناسینمان بدۆزنەوە و زانیاریی زیاترمان لەو بوارە بۆ ڕوون کەنەوە – هیچ جیاوازییەکی تێدا پێك ناهێنێ کە بیر کردنەوەی جیاوز بۆ خودی بیرکەرەوەکان شاراوە بمێنێتەوە. هزر و بیری مرۆڤ بە تەواوی بەستراوەتەوە بە سیستەمی دەمارییەوە و بەهۆی زانیاری کەم لەو بوارەدا وەك لەمپەر لەسەر ڕێگای بیرکردنەوەی مرۆڤە جیاوازەکان وەستاوە، بەڵام لای ژیری دەستکرد ئەو لەمپەرە بوونی نییە. پرۆسەی بەڕێوەچوونی گەلێك شەفاف و ڕوونە. چوارچێوەی کار و ئەرکەکانی دیاری کراوە و مەترسی پێکهاتن یاخود ناسیاوی و پەرەسەندنی هەستی خۆناسینی گەلێك نامۆیە و لەگەڵ پەرەسەندنی پرۆسەی هزر و بلیمەتی مرۆڤ تەواو جیاوازە.

لەوەش بڕیاردەرتر ئەو بەڵگەیەیە بۆچی دەبێ ژیری دەستکردی مرۆڤ کە هیچ هەستێکی ئاگالەخۆیی و خۆناسینی نییە، لەسەر زەوی تامەزرۆیی بەدەستەوەگرتنی هێزی جیهانی خۆپەرستانە و بێبەزەییانەی تێدا پەروەردە بێ؟ هەر کام لە هەستەکان و ئیمپاتی واتە هەستی سۆزداریی مرۆڤ لە پەیوەندیی لەگەڵ جەستەی بیۆلۆژیکی مرۆڤ بە بیری جیاوازوە پێك دێن. ئیمپولز واتە سیگنالی فیزیۆلۆژیکی لە پەیوەندایەتی لەگەڵ چۆنیەتی بیرکردنەوە، ویست و هەڵس و کەوت پێکدێنن، لەحاڵێکدا ئەو هەستپێکردنە سروشتییە لە ژیری دەستکردا بەدی ناکرێ و لە ڕوانگەی زانستییەوە بۆچوونێکی بێ مانایە. بەو ڕادەیەی مرۆڤ ئاڵۆزتر و هەمەلایەنەتر بیر بکاتەوە بە هەمان ڕادەش بڕیارەکانی ئاستەمتر دەبنەوە. ئاژەڵ زۆر ساکارتر لە مرۆڤ بڕیار دەدەن و لەوانەیە مرۆڤی وەك مەلاکانی ئێران یا دۆنالد ترامپ لە زۆربەی مرۆڤیتر ڕاحەتتر بڕیارەکانی خۆی دەربڕن. جێی باوەڕ نییە ژیرێکی دەستکرد کە هیچ پەیوەندایەتییەکی لەگەڵ جەستەی بیۆلۆژیکییەوە نییە بتوانی بە ویستی سەربەخۆوە هێزی بڕیاردانی خۆی گەشە پێ بدا. تەنانەت ئەگەر لە داهاتوودا ژیری دەستکرد بتوانێ لەناو ئەو ئالترناتیڤانەی مرۆڤ خۆی بۆی دیاری کردووە، یەکیان هەڵبژێرێ، بۆ دەبێ ڕاست ئەو شتە هەڵبژێرێ کە تامەزرۆیی بۆ بەدەستەوە گرتنی هێز بێ؟ هێزداریی تەنانەت لەناو مرۆڤیشدا لە چوارچێوەیەکی گەلێك بچووکدا ماوەتەوە. زۆربەی مرۆڤ لە جیاتی بیرکردنەوە بۆ وەدەستگرتنی هێز زیاتر تامەزرۆیيان بۆ

ڕاكشان لەژێر تیشكی هەتاودا هەیە. ویست و ئیرادەی مرۆڤ بۆ بێهێزی گەلێك زیاترە لە هێزدارییی.

بەڕاشكاوی ڕوونە كە هیچ سناریۆیەك ناتوانی ڕاستەقینەی ژیانی داهاتوو جا بە یارمەتی ژیری دەستكردی ژیر بێ یا نا، لەگەڵ فانتازیای جیهانی هالیوود و پەرتووكە خەیاڵییەكان هەڵسەنگێنێ. چ دەبێ ئەگەر دیكتاتۆرە بێڕەحمەكان بەهۆی ژیری دەستكردەوە هەڕەشە لە مرۆڤایەتی نەكەن یا وەك كەرەسەی تووڕەی نەناسێنن بەڵكوو لە لێهاتووییەكەیان وەك یارمەتییەك بۆ پێكهێنانی خۆشەویستی و پیكەوەژیانی مرۆڤە جیاوازەكان كەڵک وەرگرن؟ هەموو خەونەكانی سەبارەت بە ژیری دەستكردی تووڕە جیا لە فانتازیا شتێكیتر نین و مرۆڤ ناچار بە گۆڕانبەسرداهاتن بەسەر هەڵس و كەوت و بیركردنەوەی خۆی لە داهاتوودا دەكا و دەبێ ژیانی خۆی، بوونەوەرانیتر و ژینگەی پێ بپارێزێ.

## "ژیان" و چارەکردنی کێشەکان

ئەگەر ئیدیعایەك بوونی هەبێ کە زۆربەی مرۆڤ بە شێوازی بەرزبوونەوە بەهۆی پشتیوانی ژیری دەستکرد یەکگرتووتر لە پێشوو دەبن، ئەوکات ئەو بۆچوونە دەبێ ڕاست بێ: "ژیان" چارەسازی کێشەکانە! دیارە بەوهۆیەی ژیری دەستکرد گەلێك گورجتر لە مرۆڤ دەتوانێ کێشەکان بناسێ، جیایان کاتەوە و شیکارییان لەسەر بکا، بۆ چارەکردنی کێشە ئاڵۆزەکانی ژیانی مرۆڤایەتی گەلێك یارمەتیدەر دەبن. ڕەنگە لە داهاتوودا لەسەر پرسیاری ئاسایی وەك چەشنی خواردەمەنی، سلامەتی، شووش و باریکی جەستە، هەڵبژاردنی هاوسەری ژیان و هەڵس و کەوتی مرۆڤەوە هەتا پرسیاری ئاڵۆزی وەك بارودۆخی ئەمنی، ئابووری و سیاسی بە یارمەتی ژیری دەستکرد وەڵامی بۆ بدۆزرێتەوە و بەرە بەرە کێشەکانی مرۆڤ چارە بکرێن و کاتێکی زیاتر بۆ ئاسایش و چێژوەرگرتن لە ژیاندا بۆ مرۆڤ بمێنێتەوە.

بەڵام لە پشت تاراوگەی خەون و ئارەزووی دیجیتالیەوە پارادۆکسێك وەستاوە کە زۆر کەم باسی لێوە دەکرێ. ئەگەر لەڕاستیدا ڕەوتی "ژیان" ڕێگاچارەی کێشەکان نەبێ، ئەدی ئەرکی مرۆڤ دبێ چی بێ، کاتێ ژیری دەستکرد بە تەنیایی بتوانێ هەموو کێشەکانی مرۆڤ بناسێ و باشترین چارەشیان بۆ بدۆزێتەوە؟ هەرکەس لەسەر ئەو باوەڕە بێ کە "ژیان" و "ڕێگاچارە" لە یەك پلە دان، بە چارەکردنی هەموو کێشەکان دەبێ بارودۆخێك پێك بێ کە لە کۆتاییەدا مرۆڤ هیچ خەم و کێشەیەکی نەمێنێ، کە ئیتر لەو حاڵەتەدا ناتوانین ناوی ژیانی لەسەر دابنێین. لەو ڕوانگەیەوە ئیتر نابێ مرۆڤ بە هەڵەکار دانرێ کە پێشبینی داهاتووی لەگەڵ ئامانجەکانی گونجاو نەبوون. ئەگەر بەردەوام کەرەسەی زیاتر کێشەی زیاتر لەسەر ڕێگای مرۆڤ لابەرن، گوشارێکی ئەوتۆ پێکدێنن کە ئیتر مرۆڤ نەتوانێ بزانێ کام کێشە گرنگایەتی هەیە و کامیان نا. ئینجا کەرەسە و ژیری دەستکرد دەتوانن کێشەی خۆیان دروست کەن بە بێ ئەوەی مرۆڤ لەبەر چاو بگرن.

چارەی کێشە دۆزینەوە بۆ مرۆڤ (بە پێچەوانەی ژیری دەستکرد) بە مانای تێکۆشان و چالاکی بۆ ئەو کەسانەیە، هومیدواری بۆ ئارامبوونەوە و ڕازیبوونیان تێدا پێك دێ. تەواو ئەو کارە ڕەوت و پڕۆسەی ڕۆژانەی مرۆڤ دیاری دەکا. خۆ پێوەماندووکردنی بەڕێوەبردنی کارێك و ڕازیبوون لەسەر ئەزموونی بەڕێوەچوونی کارەکە بە بێ جیابوونەوە پەیوەندییان پێکەوە هەیە. بە بێ تێکۆشان، هیچ سەلماندنێك بوونی نابێ و بە بێ تێکۆشان ڕازیبوونیش مانای نابێ. ئەگەر دەتانەوێ خۆ لەو بارودۆخە ڕزگار کەن ناچار بە خواردنی دەمانی گۆڕانبەسرداهێنانی ئەو تایبەتمەندییە نۆیرۆفیزیۆلۆژییانە دەکرێن کە پرۆسەی دوورودرێژی گەشەسەندن لە مرۆڤدا پێکی هێناون.

ئەو پرسیارە کە تا چ ڕادەیەك ژیان و چارەی کێشەکان پەیوەندییان پێکەوە هەیە، پێویستی بە چاوپێداخشانێکی ووردترە. بیرۆکەکە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سەدەی نۆزدە – واتە هەڵوێست لەسەر تێئۆری چەشنەکانی چاڕلز داروین. سەرەتای باسەکە لە لایەن ئەلکساندر باین "Alexander Bain" (١٨١٠ تا ١٨٧٧) ڕەوانناسی سکاتلەندی و شانسی رایت "Chauncey Wright" (١٨٣٠ تا ١٨٧٥) بوونەوەر ناسی ئەمرئکاییەوە دامەزراوە. باین دەڵێ: "ئەگەر ڕەوانی مرۆڤ بەرهەمێکی گەشەسەندن بێ، دەتوانرێ هەست و ئیرادەی مرۆڤ تەنیا لە ڕێ و شوێن و بەهۆی گەشەسەندنەوە وەڵام بداتەوە. هەموو بیر و کردەوەکانی بۆ دۆزینەوەی ڕێگای ژیان، لە ژینگە کەڵك وەردەگرن." رایت دەڵێ: "ڕەهەندی ڕووناکی ڕاستەقینە کە بۆ فیلەسۆفان ماوەیەکی زۆر گەلێك گرنگ بووە، لە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤدا بە شێوەی جیددی وەدیار ناکەوێ. ئەگەر تەواوی ژیان بۆ خۆگونجاندن لە ژینگە تەنیا بۆ چارەی کێشەکان تەرخان کرابێ، تەنانەت تاقیکارییە زانستییەکانیش ناتوانن ڕاستییەکەی وێنا بکەن؛ تەنیا ئەو ئامانجە پێك دێ، کە کەڵکی لێ وەردەگیرێ."

ڕوانگەی باین و رایت لەسەر ژیانی مرۆڤ لە پەیوەندی لەگەڵ چارەی کێشەکان بە خێرایی سەرنجی دوو فیلەسۆڤی گەورەی ئەمریکایی چارلز ساندرز" Charles Sanders" (١٨٣٩ تا ١٩١٤)و ویلیام جیمز"William James" (١٨٤٢ تا ١٩١٠)ی بۆ لای خۆی ڕاکێشا. چەمکی "کردەوەگەرایی" (Pragmatismus) لە دایك دەبێ: ووشیاری و ناسیاوی مرۆڤ بەرهەمێکی گەشەسەندنە. هەموو هەڵس و کەوتێك بەو شێوەیەی کە

هەیە، چونکە لە ڕەوتی مێژووی گەشەسەندن هەڵقوڵاوە. هەستی خۆناسینی مرۆڤ بەرهەمی ملیۆنان ساڵی گەشەسەندنە. بەردەوام ژیانی مرۆڤ لەسەر ڕزگاربوونی خۆی و دواتر پێکەوەژیان ساغ بۆتەوە. هەستەکانمان، بیرکردنەوە و کردەوەکانمان بە پێی کات میزان، ئاستەم و ووردتر بوونەوە و مرۆڤیان لەگەڵ ژینگە باشتر ڕێك خستوە. هەروەها بە پێی کات مرۆڤ فێر بوون چلۆن کێشەکانی ژیانیان چارە بکەن.

هەرکەس بۆ چارەکردنی کێشەکان مرۆڤ و ژیری دەستکرد لە یەك پلەدا دابنێ، ڕەهەندی هەستکردنەکان بە شێوەیەکی سامناك تێکدەڕووخێنێ. لای ژیری دەستکرد هەستەکان بەهۆی ژمارەی "٠" و "١" و بە شێوازی "باینێری" هێش، ئازار و خۆشحاڵی مرۆڤ دەناسێندرێ، هەموو کێشەکان بە شێوەی لۆژیکی بیرکاری چارە دەکرێن. لەسەر ئەو بۆچوونەی عەقڵانییەتی ژمارەی بیرکاری بە تەنیایی نابێتە ڕێپێشاندەرێکی سەرکەوتوو، بیرکردنەوە بە یارمەتی زانستی بیرکاری ناتوانی ببێتە کۆڵەکەی سەرەکی بۆ بیرکردنەوەکان. ڕوونبوونی سەداوسەد و بێگومانی لەسەر بیرکردنەوە لە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤدا زۆر کەم دێنە پێش، ئەگەریش بێتە پێش، پەیوەندی بە ژیری مرۆڤەوە دەبێ. هەروەها مرۆڤ ئامانجی چالاکییەکانیان بە چاوەڕوانیکردنی خەڵات یا ئازارکێشان دیاری ناکەن. بوونەوەرانیتر کە وەك مرۆڤ بەهای خۆیان لە ژینگەدا هەیە بۆیە لە ڕوانگەی جەستەیی و بیۆلۆژیکییەوە بەڕادەیەکی زۆر جێی باسن، چونکە بەها سروشتییەکانیان گەلێك زیاتر لە خورسك و غەریزەیەکی ئاژەڵین.

دووهەم ئەو ڕاستییە کە مرۆڤ و کەرەسەی دەستکردی خۆی، بە شێوەی یەکسان کێشەساز نین، هۆکارەکەی بەستراوە بە بەستێنی جیاوازی کردەوەکانیانەوە. ژیری دەستکرد ڕێگایەکی باریکی زانستی، چوارچێوەیەکی سنووردار و ئامانجێکی تەواو و ڕوونی بۆ دیاری کراوە. بە بێ ئەو دەروازە دیاریکراوانە زۆر زوو دەکەوێتە ژێر گوشارەوە. بە پێچەوانە دۆزینەوەی ڕێگاچارەی کێشەکانی مرۆڤ زۆر کەم بە ئامانجێکی دیاریکراوەوە لکێندراوە. دیارە خواردن دەبێتە هۆکار بۆ لابردنی برسێیەتی و خەوتن کێشەی ماندوویی لەش چارە دەکا، بەڵام مرۆڤ هەن کە بەردەوام خواردەمەنی دەخۆن بە بێ ئەوەی برسی بن، لە کاتی کارکردندا تەمبەڵی دەکەن و خۆیان بە هەزاران کاریترەوە خەریك دەکەن کە هیچکامیان پەیوەندایەتییان بە

ئامانجەکانیانەوە نییە. هەستی زۆربەی ئەو هەڵس و کەوتانە بە لکاندن بە ئامانجەکانیانەوە ڕوون ناکرێنەوە، بەڵکوو تەنیا بەو بەستێنەی تێیاندا پێك دێن، دەکرێ وەڵام بدرێنەوە. کاتێ مرۆڤ بە کارێکی ماندووکەرەوە خەریك دەبێ، لەپڕێکدا سەرنجی بۆ سەدان شتیتر ڕادەکێشرێ کە هیچ پەیوەندییەکیان بە کارە سەرەکییەکەوە نییە. هەر تەوەرێك بەردەوام بەستراوە بەو ئاسۆیەی لە بەرانبەریدا پێك دێ، ڕوون دەکرێتەوە. هەڵس و کەوتی ئێمە لە بارودۆخی کۆنتێکستەکاندا مانای پێ دەدرێ. بەو شێوەیە زۆر کەس بڕینی ڕێگایەکی تایبەت بۆ وێنە چوونە سەر شاخ یا لە گاشەبەرد وەسەر کەوتن بۆ خۆیان ڕوون دەکەنەوە و مانای پێ دەدەن کە تەنیا ئامانج گەیشتن بە لووتکەی شاخەکە نییە چونکە بە تێلەکابینیش دەکرێ بەو لووتکەیە بگەن. بە گشتی تەواوی هونەری ژیان لەسەر ئەوە ساغ بۆتەوە ئامانج بۆخۆمان دیاری بکەین، نەك بە خۆ هەڵواسین بە فانتازیاوە کە گۆیا دوای مردن ژیانێکی باشمان بۆ دروست دەکرێ، ژیان بکەین. تا ئەمڕۆ ژیرێکی دەستکرد کە ڕێگای ژیانی وەك ئامانجێك بۆ خۆی دیاری کردبێ، هێشتا نەدۆزراوەتەوە. بەئەگەری زۆر ئەو کارە نە گونجاوە و هیچکەسێکیش بە کارێکی پێویستی دادەنێ.

سێهەم جیاوازی نێوان مرۆڤ و ژیری دەستکرد بۆ چارەکردنی کێشەی ژیان، بەوەوە بەستراوەتەوە کە چەند جار و تا چ ڕادەیەك کۆسپەکانی ژیان وەك کێشە مانا بکرێنەوە. زۆربەی هەرە زۆری مرۆڤ ژیانی ڕۆژانەی خۆیان بە چارەکردنی کێشەکانیانەوە نالکێنن. گەلێك ئاسایی مرۆڤ سەری خۆی بە کارەکانی ڕۆژانەیەوە خەریك کردووە. ژیری دەستکرد بە پێچەوانە بە ئامانجی دیاریکراوەوە کێشەکان سەیر دەکا و دەبێتە هۆی زەق کردنەوەیان. جیهانی دیجیتالی لەسەر ئەو شێوازە بە شێوەیەکی بەرچاو ژمارەی کێشەی ڕۆژانەی ژیانمانی پەرە پێداوە. زۆر شت کە پێشتر بە هیچ شێوەیەك وەك کێشە نەدەبینرا و نەدەناسرا لەپڕێکدا بوونەتە کێشە. لەمرۆدا هەر چەندە کامپیۆتر و سیستەمە پەیوەندایەتییەکان گورجتر ببنەوە، هێشتا خێراییەکەیان بۆ ئێمە بەس نییە و ڕازیمان ناکا. بەردەوام لێهاتوویی و توانایی بەرز دەکرێنەوە. تەنانەت بڕێك قورسایی جەستە کێشە بۆ مرۆڤ دروست دەکا، خوار بوونی لووت و چەشنی خواردەمەنیش خۆیان کێشەی تایبەتین. هەبوون یا نەبوونی کات، دانیشتن یا جووڵانەوە، باریکی، کزی یا قەڵەوی، سەفەر کردن یا لە ماڵ دانیشتن، ژیانی خۆش

یا ناخۆش، هەژاری یا دەوڵەمەندی و ... هەرکام خۆیان وەك کێشەی ژیان سەیر دەکرێن.

نوێترین دەسکەوت و دۆزراوەی جیهانی دیجیتالی بەرزکردنەوەی ژمارەی کێشەکانی ڕۆژانەی ژیانی مرۆڤن. هەر کارێك لەگەڵ نۆرمی ژیاندا نەگونجێ یا بتوانرێ نۆژەن بکرێتەوە زۆر بە پەلە وەك کێشە دەناسرێ. چونکە بە بێ ملیۆنان کێشەی ژیان، نیاز بە ملیۆنان ڕێگا چارە نابێ کە خۆیان دەبنە هۆکار بۆ مودێلی بازاڕی ئابووری. پێویستبوون و ویستی بارودۆخی ئابووری و دەروونی ئینسان دەبنە هۆکار بۆ بەرزبوونەوەی ژمارەی کێشەکان. بە لەبەرچاوگرتنی بەرزبوونەوەی پرسیارەکانی ژیان و پێکهێنانی کێشەی نوێ، بوونی ژیری دەستکرد زیاتر لە هەموو سەردەمێکی ژیان پێویستایەتی و گرنگایەتی پێ دەدرێ. وای بە مرۆڤ دەناسێنن کە ئەوان دەبێ بۆ کێشەکانمان یارمەتیمان بدەن، جا لە بواری ئابووری یا لە چوارچێوەی ژیانی کەسیماندا بێ. هەر بە هەمان شێواز کە پێشنیاری کڕینی شت و مەك لە 'ئامازۆن' و زانیاریی کەسی مرۆڤ لەسەر گووگڵ ئاشکرا دەکرێن، لە داهاتوودا ژیری دەستکرد ژیانی مرۆڤ ئاڵۆزتر دەکەن و لەگەڵ ئالگاریتمی کەسیی مرۆڤەکان گرێی دەدەن.

ئەو ڕێگا چارانەی ژیری دەستکرد بۆ نیازەکانی مرۆڤ دەیاندۆزێتەوە، بە هیچ شێوازێك ڕێگاچارەی مانادار نین. لەسەر تەوەری پێکهاتن و زانیاریی کەسی کە مرۆڤ خۆی لە میدیا گشتییەکاندا پاشەکەوتی کردوون، کامپیۆتر دەتوانن پێشنیاری دۆزینەوەی هاوسەری ژیان بە مرۆڤ بکەن. بەڵام ئەو چەشنە پێشنیارانە بەهەمان ڕادە بێ مانان کە ئامازۆن بۆ خوێندنەوەی کتێب بۆ مرۆڤی ڕێگلام دەکا، تەنانەت ئەگەر بۆ ماوەیەکی کورتخایەن یارمەتیدەریش بن. ئەو شتەی لەسەر پرسیاری ئاڵۆز لە دەروونی مرۆڤدا ڕوودەدا، نەك هەر بۆ کەرەسە دەستکردەکەی گەلێك بێگانەن سەرەڕای ئەوەی تەیار بە باشترین سێنسری ئەلێکترۆنیکیشن – تەنانەت بۆ خودی مرۆڤەکانیش هەر بێگانە دەمێننەوە!

هیچ کەرەسەیەك ناتوانی بە ووردی بزانێ لە دەروونی مرۆڤدا چی ڕوو دەدا و چ کێشەیەکی هەیە. هیچکات ناتوانی مرۆڤ خۆی بە تەواوی قانع بکا، هەر بۆیە دەبێ

بەردەوام هەوڵی تێگەیشتن لە خۆی بدا. ڕوونکردنەوە و تێگەیشتن وەك دوو چەمکی جیاواز بە حەق لە فەلسەفەی سەدەی نۆزدەدا لێك جیا کرابوونەوە، چونکە بە پێچەوانەی ڕوونکردنەوە، تێگەیشتن هونەرێکی تایبەتییە بە یاسای تایبەتی خۆیەوە. ژیان ئولگویەك بۆ چارەکردنی کێشەکانی نییە. کاتێ هەست بە دنیای دەوروبەرمان دەکەین لە نێوان شتەکاندا پەیوەندی پێك دێنین. ئێمە لەناو چەمکەکاندا ناژین بەڵکوو لەگەڵ پەیوەندییەکاندا دەژین. بیرکردنەوەکانمان هەرگیز ناتوانن بە شێوەی ڕێك و پێك لە ژیانماندا نەگۆڕ بمێننەوە، ئەوان تەنیا وەك ئاوێکی ڕەوان لە نێوان شتەکاندا جێگیر بوون. بەڵام وشەکان، ستروکتوری ڕەستەکان، مانا و هتد... بیرکردنەوە نین. بیرکردنەوە ئەو هەڵس و کەوتەیە کە لە نێوان ووشەکان و ڕەستەکاندا پێك دێن، بزووتنەوەیەك کە خۆی بە شتەکانەوە نابەستێتەوە. لەو ڕوانگەیەوە بیرکردنەوە جیهان وێنا ناکا – بەڵکوو دەیخوڵقێنێ.

بەڵام گەشبینی بەرنامەنووسانی ژیری دەستکرد لە کوێوە سەرچاوە دەگرێ کە دۆزینەوەی ڕێگاچارەی کێشەکانی ژیانی مرۆڤیان پێ دەسپێرێ؟ ئەو ئیدەیە لە دەیەی چلەکان لە لایەن زانای ئەمریکایی نۆربێرت وینر "Norbert Wiener"ەوە (١٨٩٤ – ١٩٦٤) پێکهات کاتێ وێچووییەکی زۆری لە نێوان مێشکی مرۆڤ و کامپیوتر دیاری کرد. دیارە زۆر کاری هاوبەش وەك پەیوەندایەتی و کردەوە لە نێوان مێشك و کامپیوتردا هەن کە مرۆڤ ناکرێ حاشایان لێ بکا. نۆربێرت وینر نیشانی دا چالاکییەکانی مێشکی مرۆڤ دەکرێ لەگەڵ مێشکی کامپیوتر هەڵسەنگێندرێ. کاری سەرەکی مێشکی مرۆڤ پەیوەندیدانی نێوان دەمارەکانە. ئەگەر بتوانین لەسەر ئەو شێوازە بە شێوەی چێکراو پەیوەندایەتی لە نێوان دەمارەکاندا پێك بێنین، ئیتر چارەکردنی کێشەکانیش نابێ کارێکی دژوار بێ. ئەو شێوە بیرکردنەوەیە دەبێ بۆ ڕوونکردنەوەی زانستی بیرکاری و هەموو ئونیوێرسامیش هەر بە هەمان شێوە بێ. بەڵام لە ڕاستیدا کێشەکان تەواو لێرەوە دەست پێدەکەن. بەڕێوەبەران و خوڵقێنەرانی هێزی دەستکرد لێرەدا بە یەکدانانی مێشکی مرۆڤ و کەرەسەی دەستکردی خۆیان، هەڵەیەکیتر دەکەن. ئەو هاندەرانەی مێشکی ئێمەی مرۆڤ وەری دەگرن دەبێتە هۆی ئاگادارکردنەوەی مرۆڤ. بەڵام هەڵگر و ناوەڕۆکی زانیارییەکان ئەزموونی ڕاستەوخۆی هاندەرەکان نین. مێشکی ئێمە هاندەرەکان و ئیدەکان تێکەڵاوی یەکتر ناکا، بەڵکوو ئیدەکان لەگەڵ ئیدەیتر تێکەڵ دەکا و جیهانێك پێك دێنێ کە هەستی

خۆناسینمان سەبارەت بەوان زانیارییەکی ئەوتۆیان نییە. خولْقاندنی ئەم جیهانە تایبەتییە گەلێك تاقانەیە و تەنیا پەیوەندی بە مرۆڤەوە هەیە و ژیری دەستکرد ناتوانی هەست بەو بەشە بیرکردنەوەی مرۆڤ بگا. ئەگەر بمانەوێ بە شێوەیەکی ساکار ئەو بۆچوونە دەرببڕین دەبێ بڵێین: کردەوە یاخود چارەی کێشەکان لە لایەن ژیری دەستکردەوە گەلێك گشتی و شەفافە و کارامەیی جێگۆڕکییان هەیە؛ لە لایەکیشەوە بڵیمەتییەکانیان تایبەتییە واتە بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو، سنووردار کراوە. لای مرۆڤ تەواو بە پێچەوانەیە: سەرمەشق و نموونە و ستراتیژی بۆ چاری کێشەکان تەواو کەسییە، بەو مانایە هەر کەس بە شێوەی جیاوازی خۆی بیر دەکاتەوە و لە مێشکی کەڵك وەردەگرێ. لە لایەکیتریشەوە بڵیمەتی و بیر و هزریان گشتییە، واتە گەلێك شیاوی بادان و سازگار بوونە و دەکرێ بۆ هەموو بوارەکان و بەشەکان کەڵکی لێ وەرگیرێ.

ژیانی ڕاستەقینە دیجیتال نییە، ڕەش و سپیش نییە، لە "٠" و "١" پێک نەهاتووە، بەڵکوو گەلێك ئاڵۆزە و لە چوارچێوەیەکی بەربلاوتردایە و کێشە ڕاستەقینەکانی بە شێوەی دیجیتالی ڕوون ناکرێنەوە. لەو ڕوانگەیەوە جیاوازیی نێوان مێشکی پەرەسەنراوی مرۆڤ و ئەو کەرەسانەی بە شێوەی دانراو و نەگۆڕ لە تاقیگاکان بەرنامەڕیزی کراون، گەلێك ڕوونە. تێکەڵاوکردنی جیهانی ژیری دەستکرد و جیهانی مێشکی مرۆڤ بۆ دۆزینەوەی چارەی کێشەی ژیان پێش هەموو شتێك دەبێ هەوڵ بدەین گۆڕان بەسەر کردەوەی دووهەمیاندا بێنین. بەئەگەری زۆر ئەو ساکارترین ڕێگایە، چونکە هەر وەك پێشتریش باسمان لێوە کرد بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ ژیری دەستکرد، مێشکی مرۆڤ گەلێك شیاوی بادان و سازگار بوونە. دیارە هێشتا لەسەر داد‌پەروەریی ژیری دەستکرد بۆچوونی جیاواز هەیە.

## کەرەسەی چێکراو و ئەخلاقی ئینسانی

جیهانێك، کە مرۆڤ بە پێی کات کەمتر بڕیارە گرنگەکانی ژیانی تێدا دەدا و لە جێگای ئەو بە ژیری دەستکردی دەسپێرێ، وێدەچێ کەمتر ئارەزووی زۆربەی مرۆڤی ئەم جیهانە بێ. سەرەڕای ئەوەش، لەڕاستیدا دەبێ مرۆڤ بکرێتە ئامانجی سەرەکی ناو جیهانی دیجیتالی نەك ژیری دەستکرد یا رۆبۆت. هەروەها لەو ڕوانگەیەوە زۆربەی مرۆڤ لەسەر ئەو پرسیارە هاودەنگن: "سنووری ئەو کارانەی بۆمان دیاری کراون کامەن؟" چونکە دوای پرسیاری دیاریکردنی سنوور، مرۆڤ زۆر دژوار چاوەڕوانیی وەڵام دەکا. ئەو پرسیارە بۆیە دەکرێ بۆ ئەوەی تەنیا پرسیارەکە کرابێ. وەڵامێکی شەفاف دەبێتە پێکهێنانی کێشەیەکی مەزن چونکە ئەگەر ئەو سنوورە بکێشرێ، دەبێ مرۆڤ بتوانێ سنوورەکەی بۆ ڕاگیرێ. هەروەها دەبێ یاسایەکی توندو تیژی بۆ دانرێ چونکە دژبەرانی دەتوانن نێو، لەقەم و نیتکی "دوژمنیکردن لەگەڵ داهاتوو" یا "دوژمنایەتی لە هەنبەر پێشکەوتنخوازی" لەسەردابنێن.

پرسیار لەسەر داهاتوویەکی ئەخلاقی و باشی مرۆڤ لە پەیوەندی لەگەڵ ماشێن و کەرەسەی دەستکردی خۆی کە بەردەوام ژیرتر دەبێتەوە، زۆر کەم بە جیددی وەردەگیرێ. لاوازی و نەبوونی پەیوەندی نێوانیان لە هەنبەر شانسی ئابووری و کێبەرکێکان زۆرجار بە دانیشتنێکی ڕەنگاوڕەنگی ئێوارانە و کونفرانسێکی شەونشینیی دیجیتالی کۆتایی پێ دێ. لەسەر ئەخلاقیش زیاتر دوای کۆتایی باسەکان بە خواردنەوەی لیوانێك شەراب بە کاوخۆیی باسی لێوەدەکرێ. هەرکەس ڕێگای دوور و درێژی "لەخۆ بێگانەبوونی" بڕیوە و خەڵکی وەك "سەرچاوەیەکی کانزا" یا

وەك "سەرمایەی مرۆڤ خۆشەویستی" سەیر کردبێت، تەنانەت بە دیجیتالبوونیش ناتوانی بگەڕێتەوە سەر کەسایەتی ڕاستەقینە ، نیاز و تەیبەتمەندییەکانی ئەخلاقیی خۆی.

بە هەمان شێوە کارێکی گەلێك دوور لە زانست دەبێ ئەگەر ئەرکی بڕیاری ئەخلاقی بە کامپیۆتر یا ژیری دەستکرد بسپێردرێ. ئەگەر کەرەسەی دەستکردی خۆمان نەك هەر بتوانن ڕێگاچارەی ڕوون و شەفاف بۆ کێشەکانمان بدۆزنەوە بەڵکوو لەو ناوەدا فێری خوێندنەوە و ناسینی هەستەکانی مرۆڤیش بن، بۆچی نەتوانرێ لە ڕوانگەی ئەخلاقیشەوە بەرنامەیان بۆ دابنرێ؟ وێدەچێ ژیری دەستکردی ژیر کە بتوانن هەست بە ئەخلاق و بایەخە ئینسانییەکانی مرۆڤ بکەن بۆ سیاسەتوانان، مودیران، ڕۆژنامەوانان و بەڕێوەبەرانی زانستی گەلێك گرنگ بێ. سەرەڕای ئەوەش هەرکەس گومانی ئەوە بکا لە داهاتوویەکی دیاریکراودا ڕووبەڕووی بلیمەتێکی ژیری سەربەخۆ دەبینەوە، بە ئەگەری زۆر شاهیدی تێکەڵاویی بایەخە ئینسانییەکان لەگەڵ ژیرێکی ژیری دەستکرد نابێ. بە مەبەستی هەڵواردنی بە پەلە لەسەر بەرنامەی ئاوێتەکردنی ڕوانگەی ئەخلاقی مرۆڤ لەگەڵ ژیری دەستکرد و بڕیاردانیان لەسەر "مان" و "نەمان"، دەبێ مرۆڤ باوەڕێکی پۆڵایینی بە پەرەسەندنی لەڕادەبەدەری ژیری دەستکرد لە داهاتوودا هەبێ.

کاتێ مرۆڤ باس لەسەر ئوتۆمۆبیلی تەواو سەربەخۆ، چەکی ژیری سەربەخۆ، سیستەمی دادپەروەریی دەستکرد بۆ تاوانکاران یا لێکۆڵینەوە لەسەر شانسی دۆزینەوەی کار لە بازاڕی ئازاد دەکا، چەمکی "ئەخلاق" دەبێ وەك سەرەکیترین فاکتەر لە کەرەسەی دەستکرددا بەرنامەڕیزی بکرێ. ئەخلاق لە سەردەمی تێکنیکی نوێدا خۆی بە یاساکانی مەجازییەوە هەڵواسیوە کە زۆر کەم دەتوانی نیشانی بدا کام شت باش یا خراپە. ئەگەر سیستەمە زەینییەکان بتوانن هەست بە نیازی مرۆڤ لە ڕوانگەی ئەخلاقییەوە بکەن، بەتەواوی مرۆڤ و کەرەسەی دەستکرد بۆ دۆزینەوەی کێشەکان ئاوێتەی یەکتر دەکرێن. هەروەها هەموو ئەو ئەرکانەی ڕۆبۆت یا کامپێوتر بەجێی دێنن بە شێوەیەکی ئوتۆماتیکی لە ڕوانگەی ئەخلاقییەوە ڕاست دەردێن و بە تەواوی دەکرێ کونترۆڵ بکرێن. بەڵام چاوخشاندنێکی ئاسایی بەسەر جیاوازیی دۆزینەوەی ڕێگاچارەی کێشەکان لە نێوان مرۆڤ و کەرەسەی دەستکرد بە گورجی

نیشانی دەدا کارێکی گەلێك ناڕاستەقینەیە. چونکە پێداویستییەکانی نووسینی بەرنامەیەکی "ئەخلاقی" گەلێك ئالۆز و زۆرن. ئەگەر مرۆڤ بیر لە ڕەهەندە ئالۆزەکانی ژیان بکاتەوە کە بڕیاردەری هەڵس و کەوتی ئەخلاقی وەك بایەخە ئینسانییەکان، ئەولەوییەت، تێڕوانین و گرنگایەتی بۆ مرۆڤن، ڕوون دەبێتەوە لە داهاتوودا چ مەترسییەك دەتوانی بەرۆکی مرۆڤ بگرێ.

کارێکی ڕوونە، بۆ نووسینی ئەو چەشنە بەرنامانە لەسەر داواکاریی ماڤی مرۆڤ بێ ئەملا و ئەولا هیچ کەمایەسییەکی نابێ هەبێ. بەڵام چلۆن ئەوکارە بەڕێوە دەچێ؟ تەنیا بیر لەو لیستەیەی بایەخە ئینسانییەکان بکەینەوە کە ڕێکخراوەی یەکگرتووی ئورووپا لە ساڵی ٢٠١٧ بە کۆمیسێۆنی ئورووپای پێشنیار کرد:

"هەموو بەرنامەیەکی "ئەخلاقی" دەبێ ڕێز بۆ شەڕافەت و سەربەخۆیی مرۆڤ دابنێ، نابێ ئازادیی یا سەربەخۆیی مرۆڤ سنووردار بکاتەوە، نابێ ئەمنییەتی مرۆڤ بخاتە ژێر مەترسییەوە، بەڵکوو دەبێ پارێزگاری لە چوارچێوەی تاکەکەسیی بکا و نابێ پێشلکاریی لە بنەمای بەرابەری و دادپەروەری مرۆڤ بکات و نابێ هەڵاواردن لە هەنبەر کەسەکان بکا."

سەرەڕای ئەوەش بەرنامەنووسی کەرەسەی دەستکرد دەبێ بۆ هەموو مرۆڤێك شەفاف و بەرپرسایەتییەکەی گەلێك ڕوون بێ. ئایا بەرنامەیەکی ئەوتۆی "ئەخلاقی" بۆ مرۆڤ وێنا دەکرێ یاخود دەتوانێ دابڕێژرێ؟

ئەخلاق لە جیهانی ژیری دەستکردا خۆی باسێکی سەیرە، چونکە ئەو هەڵس و کەوتانەی لە بەرنامەی "ئەخلاقی" چاوەڕوان دەکرێن گەلێك ناسازگار و دژی یەکن. کامپیۆتر یا ڕۆبۆت لە لایەکەوە لە ڕوانگەی ئەخلاقییەوە دەبێ هەڵس و کەوتێکی باشیان هەبێ و لە لایەکیتریشەوە وەك کاتژمێرێك بە ووردی لە بارودۆخی تایبەتی و دژواردا کار بکەن. ئەوان دەبێ بە تەواوی هەڵس و کەوتێکی باشی ئەخلاقییان هەبێ و هاوکاتیش بە مەبەستەوە وەدوای ئامانجێکی دیاریکراو بکەون. بەڵام بەو ڕادەیەی مرۆڤ زیاتر لە هەڵس و کەوتی ئەخلاقیی تێ بگا، بە هەمان ڕادەش ڕۆژن دەبێتەوە کە لە کردەوەدا ناکرێ ئەو ئیدیعایە بەڕاست وەرگەڕێ. لەڕاستیدا ئەوە زەین نییە کە هەستی دادپەروەریی ئەخلاقی بەجێ دێنێ، بەڵکوو هەستەکانمانن دەبنە هۆی

جووڵانەوەی زەین. کەوابوو ئیمە هیچ بەڵگەیەکمان بۆ باوەڕی ئەخلاقی، وێناکردنەکان و جیهانبینیمان بە دەستەوە نییە، بەڵکوو بارودۆخەکە تەواو بە پێچەوانەیە. بەو هۆیەی باوەڕی ئەخلاقی، وێناکردنەکان و جیهانبینیمان گەلێك ئاستەمن بەدوای بەڵگەی لۆژیکی و گونجاودا دەگەڕێین. زۆربەی دژبەرانی لەباربردنی کۆرپەی ساوا لە ڕاستیدا بەو هۆیە دژ بەو کارە نین کە دەیانەوێ بەڵگەی گونجاو و لۆژیکیان بەدەستەوە بێ، بەڵکوو بۆیە دژ بەو کارەن چونکە خۆیان کەم یا زۆر وەدوای بەڵگەیەکی گونجاو کەوتوون. دۆزینەوەی ئارگۆمێنتی گونجاو بۆ کارێکی باش، دروست، بەنرخ، جێی باوەڕ یا قەبووڵ نەکراو زۆرجار زیادە و بێ مانان. بۆ وێنە پرۆفسۆرێکی دەروونناسی ئەمریکایی بە ناوی جاناتان هەیت "Jonathan Haidt" بۆ نیشاندانی شاهیدی عەینی چەندین پرسیاری جیددی ئاڕاستەی مرۆڤ لە ئەمریکا و برزیل کرد و داوای بیر و بۆچوونی مرۆڤی لەسەر ئەو پرسیارانە کرد: "ئایا کارێکی باش دەبێ ئەگەر خوشك و برا لەگەڵ یەکتر بخەون؟ ئایا کارێکی باشە ئەگەر مرۆڤ گۆشتی سەگی مردووی خۆی بخوا؟ ئایا دژ بەو کارەن ئەگەر کەسێك تەوالێتەکەی بە ئاڵای وڵاتەکەی خاوێن کاتەوە؟[١٢]

دیارە زۆربەی ئەو پرسیارانە بە شێوازێك داڕێژراون کە ئازار بە هیچ کەسێك نەگەێنێ، لە هەنبەر هیچ کەس نادادپەروەری بەڕێوە نەچێ و قوربانیشی بەدوادا نەیە. سەرەڕای ئەوەش زۆربەیان پرسیارێکی ناخۆش و ئازاردەرن. ڕەنگە زۆربەی مرۆڤ ئەو کارانە ڕەد کەنەوە، سەرەڕای ئەوەی هیچ ئارگۆمینتێکی ماقووڵ دژ بەو کارانەیان بە دەستەوە نەبێ. بەڵام چ شتێك دەبێتە هۆکار بۆ تووڕەیی مرۆڤ؟ بە ئەگەری زۆر ئەو نموونانەی سەرەوە تووڕەیی مرۆڤ هان نادەن. تووڕەیی و ناڕاحەتی ئێمەی مرۆڤ هەر وەك لە زۆربەی ئاژەڵانی مۆرەداریشدا دەبینرێ لە ڕوانگەی بوونەوەرناسییەوە هۆکاری گەلێك کۆنیان هەیە. تووڕەبوونی مرۆڤ بۆ وێنە لەسەر خواردنی گۆشتی سەگ ڕەنگە بەو هۆیەوە بێ چونکە لە هەندێ کولتووردا سەگ وەك ئەندامی بنەماڵە لە ئەژمار دێ و ئیمپاتیی یاخود سۆزدارییەکی زۆریان بۆ ئاژەڵە ماڵییەکان هەیە. کاتێ مرۆڤ خۆشەویستی بۆ کەسێك هەبێ، ئیتر ناتوانێ لە ڕوانگەی ئەخلاقییەوە ئازاری پێ بگەێنێ. لای زۆربەی مرۆڤ هەڵس و کەوتێکی ئەوتۆ بە

---

[١٢] Jonathan Haidt, Silvia Helena Koller und Maria G. Dias: »Affect, Culture, and Morality, or Is It Wrong to Eat Your Dog?«, in: Journal of Personal and Social Psychology, Vol. ٦٥, ١٩٩٣, S. ٦١٣–٦٢٨.

نەخۆشی دەروونی دادەنرێ. سەرەڕای ئەوەش زۆربەی مرۆڤ حاڵەتێکی ناخۆشیان تێدا پێکدێ باوەکوو بەو کارانە ئازار بە کەسیش ناگا. بێرتولت برێشت " Bertolt Brecht" لە نووسراوەکانی خۆی لەسەر "شانۆی حیماسی" جیاوازییەکی گرنگ بۆ ئاخافتنی نێوان "لەژێر ناوی ئەخلاقی" و "لەژێر ناوی زیان لێکەوتوو" دادەنێ. هەر دووکیان لە ئەخلاقی مرۆڤدا جێی تایبەت بەخۆیان هەیە. چونکە لە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤدا بەڵگەی ئاستەم و گرنگ بوونیان هەیە کە دەتوانن کردەوەیەك ڕەد کەنەوە سەرەڕای ئەوەی هیچ زیان یا ئازارێکیش بە کەس نەگەیێنێ.

لە ڕاستیدا ئێمەی مرۆڤ ئەخلاقی خۆمان بە ڕوانگەی جیهانبینیمانەوە دەبەستینەوە و بەهۆی هەستەکانمانەوە بڕیار دەدەین. خاڵی خراپی ڕوانگەی جیهانبینی ئەوەیە زۆر کەم بە عەقڵانییەتەوە لەهەنبەر بۆچوونی گشتیدا هەڵس و کەوت دەکەین. خاڵە باشەکەشی ئەوەیە جیهانبینی مرۆڤ لێهاتوویی فێربوونی هەیە: بەهۆی سەلماندن یا ناهومێدبوون و زیاتر لە هەمووشێکیش بەهۆی پێشنیار و بۆچوونی مرۆڤەکانیترەوە هەڵس و کەوتەکانمان دەتوانن گوڕانیان بەسەردا بێ و خۆیان لەگەڵ بارودۆخی جیاواز ڕێك بخەن. لە هەر حاڵدا ئەخلاقی ئینسانی کۆمەڵێك لە کردەوە و خورسکیی کۆمەڵایەتیین و دەتوانن گەلێك بەکەڵك بن. لە لایەکیشەوە عەقل بە تەنیایی نابێتە هۆکار بۆ پێکهاتنی ئەخلاق و کردەوەی باش. چونکە بە بێ هەستی کۆمەڵایەتی وەك خۆشەویستی، ئەوین، ڕێز، بەزەیی، ترس، ناڕەحەتی، دووری، ڕق و شەرم و ... هتد، عەقڵی مرۆڤ ناتوانی شتی باش و خراپ لێك جیاکاتەوە.

ئایا جیهانبینی گرنگی ئەخلاقی مرۆڤ نابێ لە بەرنامەدانانی ئەخلاقی ژیری دەستکردداا بگونجێندرێن؟ ئیدەیەکی گەلێك سەیروسەمەرەیە! چونکە مرۆڤ بەو کارە دەیهەوێ شتێك ستاندارد بکا کە بە هیچ شێوازێك ستاندارد ناکرێ و ناتوانێ خۆی لەگەڵ هەموو جیهانبینییەکانی مرۆڤی جیاوازدا بگونجێنێ. پەیوەندی لەگەڵ ئاڵای نەتەوەیی لە ڕوانگەی مرۆڤەکانەوە جیاوازە و لە ڕوانگەی فەرهەنگییەوە یەکسان. خواردنی گۆشتی سەگ لە هەموو شوێنەکانی ئەم جیهانە وەك کارێکی نەگونجاو سەیر ناکرێ. خۆبەستنەوە بە جیهانبینی کۆمەڵایەتی و دروستکردنی ستانداردەکان بە دڵنیاییەوە پیشەی زۆربەی مرۆڤی ئەم جیهانەیە. ئەو چەشنە هەڵس کەوتانە تەنیا دەبنە هۆکار بۆ ڕەدکردنەوەی ڕێگا، ستاندارد و نۆرمەکان، نەك یاسا. ماڤی دژایەتی کردن

لە هەنبەر ئەو ستاندارد و نۆرمانە بناغەیەکی سەرەکین بۆ ئازادی لە کۆمەڵگای دێموکراتیکدا.

لە هیچ شوێنێکیتر وەك تەوەری ئەخلاقی، جیاوازی نێوان مرۆڤ و ژیری دەستکرد ئاوا ڕوون و شەفاف نییە. ئەخلاقی بە بێ زەینییەت ئەخلاق نییە و زەینییەتی بە بێ ئەخلاقیش زەینییەت نییە. دادوەری و هەڵسەنگاندنی ئەخلاقی تەنیا لەسەر ئەزموون یا ڕێگاچارەکان ساغ نەبوونەوە، بەڵکوو ڕەوگە و کردەوەی بڕیاردان مەزنترین گرنگایەتییان هەیە. کاتێ یۆنانیانی کەون هەوڵیان بۆ بەڕێوەبردنی ئەخلاق دەدا، بۆ پەرەپێدانی هەڵسوکەوتی ئەخلاقی، خۆیان بەتایبەتی ڕادەهێنا. هەوڵدان بۆ بەڕێوەبردنی کردەوە بەشێك لە ئەخلاق بووە. لە ئەخلاقی دۆنتۆلۆژیکی ئیمانۆئیل کانتیشدا (ووشەی یۆنانی دێنۆ "deon" بە مانای "ئەرك") جیاوازییەکی ئەوتۆی نەبووە. ئێمە دەبێ لە خێرخوازی خۆمان پەیرەوی بکەین و فێر بین ئەو شتەی دەمانەوێ، لە ڕاستیدا بمانەوێ. هەمیسان دێینەوە سەر ئەو خاڵە: تێکۆشان و کردەوەی ئەخلاقی بۆ ئەخلاقی مرۆڤ گەلێك گرنگن.

ئایا تەوەری ئەخلاق لەڕاستیدا تەنیا لەسەر هەوەس ساغ بۆتەوە. یا ڕاگرتن و پارێزگاریکردن لە ناسنامەیە. ئەگەر ئیمە نەزانین چ کارێك دەبێ بەڕێوەبەرین، دەمانخاتە قەیرانێکی کەسییەوە. حاڵەتێکی ناخۆش کە مرۆڤ هان دەدا کەسایەتی خۆی هەمیسان بگەڕێنێتەوە سەر جێی هەوەڵی. مرۆڤ ناتوانێ هەڵس و کەوتی وەك کەرەسەی دەستکردی خۆی بێ. ئەو شتەی مرۆڤ دەکاتە مرۆڤ، بەرنامەداڕشتنێکی کامپیۆتێری یا شتێکی پێشبینیکراو و دیاریکراو نییە. ئەو کارە شێوازێکی تایبەتییە کە ئێمەی مرۆڤ لەگەڵ ژینگە پەیوەند دەدا. ئیمە تەنیا دژەکردەوە و پەرچەکردار لەخۆمان نیشان نادەین، بەڵکوو دنیای خۆمانی تێدا پێك دێنین. تێکۆشان بۆ پێکهاتنی ئەو کارە بە دڵنیاییەوە فەلسەفە دەکاتە کەرەسەیەك بۆ بەهێزکردنی کورتکردنەوەی ڕێگایەکی ئیدیۆلۆژیکی. ئەوە تەواو ئەو کێشەیە کە هەموو فەیلەسۆفان، ڕاوێژکاران، زانایان و پسپۆرانی زانستی کۆمەڵایەتی کێشەیان لەگەڵی هەیە و لە کۆمیسیۆنەکان، مەجلیس و لێژنە ئەخلاقییەکاندا بەشداری دەکەن بۆ ئەوەی لە هەنبەر هەڵس و کەوتی سەردەمی ژیری دەستکرد چەشنە خۆڕاگرییەك پێك بێنن. ئەوان هاوکات لەگەڵ دەرەتانی پێکهاتنی مەترسی بۆ ئەزموونی کارەکە هەڵس و کەوتی نافەلسەفی لەهەنبەر کارێکی

فەلسەفیدا بەڕێوە دەبەن. لەجیاتی سەیرکردنی ئەخلاقی بۆ پێشکەوتنخوازی، تێکۆشانی سەیرکردنێکی پێشکەوتنخوازی بۆ ئەخلاق دەکەن. وێدەچێ ئەخلاق لێرەدا وەك چەشنێك تێکنیکی کۆمەڵایەتی نیشان بدرێ و چونکە کارایی نییە، دەبێ کردەوەی زیاتری پێ بدرێ. بۆ جیهانی فەلسەفە جێی داخە سەرەڕای هەبوونی ئەو هەموو قوتابخانە جیاوازە ئەخلاقییانە نەتوانرێ لەسەر بنەمایەکی یەکسان بڕیار بدرێ و لەسەر تەوەری ئەخلاقی پێکهاتنێك بێتە ئاراوە. کێشە سەرەکییەکان کەمتر دێنە بەر چاو: ئەوەیکە بەهۆی هەڵس و کەوتی مرۆڤەوە چەندین فەلسەفەی جیاوازی ئەخلاقی پێکهاتوون، ناکرێ ئەخلاق وەك ئاوی چەند کانیاو بەرەو کاناڵێك ڕێنوێنی بکرێ. جیهانبینی ئەخلاقی بە شێوازی ڕێك و پێك لە جەرەیاندا نییە.

بەداخەوە دەست ڕاگەییشتن بەو زانستە بۆ فەیلەسۆفانی کۆمیسیۆن بەربەست کراوە. هەر کەس بە جیددی شك بکا کە ئەخلاق دەتوانێ بە شێوەیەك ئاسایی بێتەوە، کورسی دانیشتن لە کۆمیسیۆنی پێ نادرێ. حکوومەت، کارخانە، ڕێکخراوە و کۆڕ و کۆمەڵەکان بە هەڵبژاردنی گەلێك ئاستەم چوارچێوەی باسە سەرەکییەکە دەپارێزن. بۆ وێنە لە کۆمیسیۆن لەسەر داهاتووی لێخوڕینی تەواو ئوتۆماتیکی ئۆتۆمۆبیل مرۆڤی چالاکی بواری کەش و هەوا یا ئەو مرۆڤانەی بۆ ماڤی کانکەن(مەعدەنچی) تێکۆشان دەکەن، ڕێی بەشداریکردنیان پێنادرێت. دڕدونگی و گومانکردنی سەرەکی لە باس و لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو ئوتۆمۆبیلانە کە ئایا لەداهاتوو و لە ماوەیەکی درێژخایەندا کەرەسەیەکی ئیدیال و ئاڵترناتیڤێکی باش بۆ هاتوچۆ لە شارە گەورەکان بن، هێشتا نادیارە و کەمتر باسی لێوە دەکرێ. دیارە سروشتییە هەمان بۆچوون ژیری دەستکردی بواری نیزامیش دەگرێتەوە. لە کۆمیسیۆنی باس لەسەر ئەخلاقی چەکی سەربەخۆ باس لەسەر ئاشتیخوازی ناکرێ. ئەو گومانە کە "ڕۆژئاوا" مەبەستی شەڕخوازییە، نە جێی شك کردنە و نە باسی لێوەدەکرێ. هەروەها باس لەسەر چەکی سەربەخۆی ژیری دەستکرد و چلۆنایەتییەکەی، سنوور و ئەوەی لە چ بارودۆخێکدا بتوانرێ کەڵکیان لێ وەرگیرێ، ناکرێ.

بۆیە لەسەر بایەخەکانی کۆمیسیۆن کەمتر باس و لێکۆڵینەوە دەکرێ، چونکە هێشتا لەسەر ڕێگاچارەی کێشەکانی داهاتوو بۆچوونی جیاواز هەیە. پرسیاری گرنگ و سەرەکی وەڵام نادرێنەوە و بۆچوونی فناتیکانە پێش بە گفت و گۆی ئازادانە دەگرن.

تەواو ئەو هەڵس و کەوتانە بەڵگەن بۆ پێشگرتن و یەکگرتوویی مرۆڤی فەیلەسۆف و زانای ئەو بوارە. کێشەی سەرەکی هەموو ئەو ناوەند و کومیتە ئەخلاقییانە سەبارەت بە ژیری دەستکرد ئەوەیە پرسیارەکان خۆیان بەو کێشەکانەوە خەریك ناکەن کە بتوانرێ بە یارمەتی زانست، لێکۆڵینەوەی پێشکەوتنخوازی یا زانستی کۆمەڵایەتییەوە ڕێگا چارەیان بۆ بدۆزرێتەوە. هاوکاتیش مامۆستایانی فەیلەسۆف و زانایانی زانستی کۆمەڵایەتی هەڵس و کەوتی چەشنی فەرمانبەری ئیدارەی بیمەیان پیشە کردووە. ئەوان بارودۆخێکی مەترسیدار پێکدێنن، زیاتر گرنگایەتی بە تێکۆشان لەسەر چۆنیەتیی کارەکە دەدەن و بارودۆخ و هۆکاری پەنگراوی زیانەکان شی دەکەنەوە.

پرسیار ئەوەیە: ئەو کارانە چ سوودێکیان هەیە؟ هیچ کەس ناتوانێ ملیاردان دۆلار خەرجی دروستکردنی ئۆتۆمۆبیلی سەربەخۆ لە بازاڕەکان دەرهێنێتەوە چونکە هۆکاری پەنگراوی زیانەکان گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، پۆتێنسیال یا پەنگراوێك کە لەڕاستیدا گەلێك مەزنە. هەروەها ئایا بەرزترین بایەخدانی پێشبینیکراو بۆ ئەو کارە پێش بە خەونەکانی بەرهەمهێنەرانی چەکی ژیری دەستکرد یا ڕۆبۆتی پیاوکوژ دەگرن؟ بەو ڕادەیەی مرۆڤ زیاتر مکانیزم و کەرەسەی ئەخلاقی ئینسانی بپشکنێ، بە هەمان ڕادەش هەست دەکا ژیری دەستکرد لە داهاتوودا بۆ کاری نامرۆڤانە کەڵکی لێ وەرگیرێ. تەنیا شتێکی لە هێزی پێشووی زانستی فەلسەفە دەمێنێتەوە، بەشێك لە کێشە کەسییەکانە کە ناتوانێ شوێنێکی گونجاو بۆ خۆی بدۆزێتەوە تا سەرنجی مرۆڤ بۆ لای خۆی ڕاکێشێ. بەڵام کێشەکە گەلێك گرنگتر لەوەیە کە وەك تێنەگەییشتوویيەکی زانستیی ساکاری فەلسەفەیی دابنرێ. زیاتر لە هەمووشتێك باسەکە لەسەر تێکۆشانێکی بێ فایدە بۆ مکانیزم و بە ستانداردکردنی هەستی سۆزداریی ئاڵۆزی ئەخلاقی ئینسانییە. ئەگەر کۆمیسیۆنەکان بوێرانە پێ لەسەر هەڵەکانیان دانێن کە هێشتا بە تەواویی تێ ناگەن چلۆن مرۆڤ بڕیاری ئەخلاقی دەردەبڕن، یاخود گۆمان دەکەن بایەخە ئینسانی و کەسییەکانی مرۆڤ و بڕیارەکانیان لە لایەن تاقیکاریی زانستییەوە وەڵام دەدرێنەوە، چلۆن دڵنیا بین لە داهاتوودا ژیری دەستکرد بتوانێ ئەو ئەرکە لە مرۆڤ باشتر بەڕێوەبەرێ؟

بۆ ئێمەی مرۆڤ ڕوونە، ئەخلاق بەردەوام و لە بنەڕەتدا پەیوەندیی لەگەڵ ماڤی سەربەخۆیی مرۆڤەوە هەیە. ئەو کەسانەی نەتوانن سەربەخۆ و ئازادانە بڕیاری خۆیان

دەرببڕن، ناشتوانن بڕیاری ئەخلاقی بدەن. ئەو کۆمیسیۆنانە کە بە هەموو هێزیانەوە هەوڵ بۆ پێکهاتنی سیستەمێکی ژیری دەستکرد دەدەن، ئایا دەتوانن لە ڕوانگەی ماناییەوە سەبەخۆ هەستی ئەخلاقی بەڕێوەبەرن، تا بتوانێ لە کردەوەدا بە شێوەیەکی ئەخلاقی هەڵس و کەوت بکا. وەڵامی ڕاستگۆیانە دەبێ ئەوە بێ: "نا" هیچکات ناتوانی سەربەخۆ بێ. ناوەڕۆك و حەقیقەتی بەرنامەی ژیری دەستکرد، ڕۆبۆت و کامپیۆتر بەستراونەتەوە بە چلۆنایەتی پڕۆگرامنووسەکان. ئەو کارە تەنانەت بۆ ئەو ژیری دەستکردانەی سەربەخۆ لە نێوان چەند بەرنامەدا یەکیان هەڵدەبژێرن، جیاوزی نابێ. کەوابوو چەمکی "بەرنامەنووسی ئەخلاقی" خۆی لەخۆیدا دژەکردەوەیەك زیاتر نییە. چونکە شتێك بەرنامەی بۆ دارڕژابێ، ناتوانێ سەربەخۆ بێ و لەسەر شێوازی ئەخلاقی بڕیار بدا. ئەو باسە یا باسێکی سەربەخۆیە و لە ڕوانگەی ئەخلاقییەوە هەڵس و کەوت دەکا، کە ئەوکات ئیتر ناتوانرێ بەرنامەی بۆدارڕژابێ. یا بەستراوەتەوە بە بڕیاری خودی مرۆڤ و لەو حاڵەتەدا کەرەسەی دەستکردی مرۆڤ خۆی هیچکات ناتوانێ سەربەخۆ بڕیاری ئەخلاقی دربڕێ.

پرسیارێکی جیاوازیتر ئەوەیە، سیستەمی ژیری دەستکرد لەسەر ویستی "AI٤People"[١٣] دامەزرێ و لەمپەر لەسەر ڕێگای سەربەخۆیی مرۆڤ دانەنێ. دارشتنیشی گەلێك ئاڵۆز نییە، تا ئەوجێگایەی مەیدان و بەستێن بۆ ئەو کارە بمێنێتەوە. خۆچڕکردنەوەی سەرەکی ئەو مودێلە لەسەر ڕەوتی پێك نەهێنانی زیانە. ژیری دەستکرد ئیزنی کاری بێ ئەخلاقی پێ نادرێ. بەڵام کێ بڕیار دەدا شتێك بێ ئەخلاق یا دوور لە یاسایە، تا ئەو کاتەی بەشەرییەت سیستەمێکی یەکسانی یاسایی نەدۆزیبێتەوە، هەروەها ئامانجی بێ ئەخلاقی بە چ مانایەکە؟ بۆ وێنە ژیری دەستکردی "چەکی شەڕ" لە ڕوانگەی هەموو مرۆڤێکی ئاساییەوە بە شتێکی بێ ئەخلاقی دادەنرێ. ئایا ئێستا نابێ کەڵکوەرگرتن لە ژیری دەستکرد لە بواری نیزامی و بەتایبەت بۆ هاندانی وڵاتان بە کارێکی بێ ئەخلاقی دانەنرێ؟ وێناکردنی زیان پێگەیاندنی ژیری دەستکرد بە مرۆڤ یا شێواندنی سەربەخۆیی ژیانی مرۆڤ گەلێك ئاڵۆزە. لەویش نائاساییتر پرەنسیپی دادپەروەرییە. دادپەروەری تەوەرێکی گەلێك ئاستەمە کە زۆر بە

---

[١٣] لەژێر چەمکی "AI٤People" فۆرمێك دەناسێنی کە چەندین ئاکتەری گرنگ لە پەنا یەکتر دادەنرێن، کە تامەزرۆییان بۆ کارتێکەری کۆمەڵایەتی هزری دەستکرد هەیە.

توندی پەیوەندی بە بڕیاری زەینییەوە هەیە، سەرەڕای ئەوەش فەیلەسۆفان لە نیزیکەی دوو هەزار ساڵ بەر لە ئێستاوە هەوڵی دۆزینەوەی ستانداردێکیان بۆ داوە بە بێ ئەوەی بە ئەزموونێك گەیشتبن. بۆ مرۆڤی سوسیالیست کارێکی دادپەروەرانەیە ئەگەر هەموو مرۆڤێك یەکسان بن و ماڤی بەرابەریان هەبێ؛ مرۆڤی لیبرال دادپەروەری لەوەدا دەبینن هەموو مرۆڤێك ماڤی بەرابەریان هەبێ بەڵام لە کۆتاییدا گرنگ نییە جیاوازییەکەیان تا چ ڕادەیەك بێ. لێرەدا چ کەسێك لە چ ڕوانگەیەکی سەرووی دادپەروەرییەوە دەتوانێ بزانێ چ شتێك دروستترە؟ ئەگەر بۆ وێنە بەربەندێکی ئاو دروستبکرێ بەڵام بەهۆی ئەو کارەوە وەچەی چەشنە ماسییەك توونا بکرێ — چەند بۆچوونی جیاواز پێك دێ؟ ئایا شەڕخوازییەکی دیاریکراو جێی پاساو هێنانەوەیە یا نا — چەند جار ئەو کارە بۆتە هۆکار بۆ تێکهەڵچوونی مرۆڤ لە هەنبەر یەکتر کاتێ هیچکام لە بەرەکان دادپەروەرییان لە دەستدا نییە؟ هەروەها بە چ خێراییەك مرۆڤ بۆچوونی خۆی لەسەر کارێکی دادپەروەرانە دەگۆڕێ کاتێ ئەو دادپەروەرییە خۆی یا ئەندامێکی بنەماڵەکەی بگرێتەوە؟ ئەگەر کامپیۆتر بڕیار لەسەر دامەزراندنی مرۆڤ لەسەر کاری ئیداری بدا تا چ ڕادەیەك دادپەروەرانەیە؟ ئەو شوێنەی پێشتر مودیری کارخانەیەك بڕیاری لەسەر دامەزراندنی مرۆڤ دەدا، ئێستا کامپیۆتر بە بێ هەستی ئینسانی و تەنیا لەسەر زانیارییە کەسییەکانی مرۆڤ دەریدەبڕێ. دیارە کامپیۆتریش هەر خۆی بە پارامتری نەگۆڕەوە دەبەستێتەوە، بەڵام هیچ خاڵێکی ئەرێنی دادپەروەریی بۆ مرۆڤەکە تێدا بەدی ناکرێ. ئەگەر مودیری پێشوو بۆ وێنە گرنگایەتی بە ڕەنگی پێست یا ڕەنگی چاوی مرۆڤ دابا، هەمان ئەرك دەکرێ بە بەرنامەنووسین بە کامپیۆتێریش بسپێردرێ.

ئەو شتەی بە "روونکردنەوە" وە پەیوەندی هەبێ، خەونێك زیاتر نییە. پەیماننامەی گشتی ئورووپا لەهەنبەر پارێزگاریکردن لە تایبەتمەندییە گشتیی و کەسییەکانی مرۆڤ لە لایەن ژیری دەستکردەوە دەبێ ڕوون و شەفاف بێ. بەداخەوە ئەو داواکارییە تەواو بە پێچەوانەی چاوەڕوانیکردنی مرۆڤ لە ژیری دەستکردە. ئەرکی ژیری دەستکرد لە تۆڕێکی گەلێك ئاڵۆزدا بەڕێوەدەچێ کە خودی ژیری دەستکرد ناتوانێ بزانێ بۆچی و چ کارێك بەڕێوە دەبا. ئەو بەڵگە مانابییەی لە جیهانی ئینسانیدا بوونی هەیە، گەلێك بۆ ژیری دەستکرد نامۆیە. ئەو کەسانەی لە ژیری دەستکرد کەڵکوەردەگرن چلۆن بزانن بە چ شێوازێك بە ئەزموونی بڕیارەکەی گەییوە؟ هەروەها چلۆن بتوانێ کەسە

پەیوەنددارەکە لەسەر بڕیارێك کە لەسەری دراوە و لێی ڕازی نییە و داوای ڕوونکردنەوەی لێ دەکا، دادپەروەری لەهەنبەردا بەڕێوە بچێ؟ ئەو شتەی لە پەیوەندایەتی لەگەڵ کاروباری ڕۆژانەی مرۆڤدا لە لایەن ژیری دەستکردەوە نەتوانرێ ئەستەم بەرێوە بچێ، بە دڵنیاییەوە بۆ چەکی ئوتوماتیکی، مودیرانی دەستکرد و دادپەروەری ژیری دەستکردیش بە هەمان شێوە دەبێ.

ئەو شتەی لە جیهانی ئەخلاقیی پێشوماندا بە درێژایی هەزاران ساڵ نەمانتوانی ستانداردێکی تا ڕادەیەك نەگۆڕی بۆ پێك بێنین و بۆ مرۆڤ کارێکی گەلێك ئاڵۆز و ئەستەم بوو، ئێستا دەکەوێتە بەر دەستی ژیری دەستکرد و چاوەڕوانی لێ دەکرێ پرسیارە ئاخلاقییەکانی ژیانمان بە یارمەتی پڕۆگرامی نووسراوە لە لایەن خودی مرۆڤەوە وەڵام بداتەوە!

## ژیری دەستکرد و هەڵس و کەوتی نائینسانی

بۆ ئەوەی بتوانین بەردەوام لەسەر پرسیاری ئەخلاقی وەڵامێکی ئاشکرا و ڕوون بدەینەوە، پێویستیمان بە دڵێکی پڕ لە خوێن ساردی و لەسەرەخۆیی هەیە. ئێمە دەبێ چ کارێ بەڕێوەبەرین تا بتوانین ژمارێکی زۆری مرۆڤ بەختەوەر بکەین؟ چلۆن دەکرێ سیستەمێکی ئابووری نەتەوەیی پێك بێ کە بتوانێ هەم مرۆڤی هەژار و بە گشتی بارودۆخی هەژاریی لە وڵات کەمتر بکاتەوە و هەم مرۆڤی دارا بتوانن سامانی زیاتر پێکەوە بنێن؟ بۆ ئەو کارە دەبێ ژمارێکی زۆر ناوەندی کاریی لە هەموو شوێنێك پێك بێن و دەرفەت بە مرۆڤی هەژار و بێکاری ناو وڵات بدرێ تێدا بتوانن کار بکەن و بۆخۆیان بژیوی ژیانیان دابین بکەن. بەو کارە ڕەنگە مرۆڤی هەژار و بێ ماڵ و حاڵ بتوانن میچێکیان لەسەر سەریان هەبێ، بە کارێکەوە خەریك بن و بتوانن لانیکەم لە ڕۆژدا خواردنێکی تا ڕادەیەك شیاوی ژیانێکی مرۆڤی ئاساییان بۆ فەراهەم بێ.

ئازادی کارکردن لە هەر کۆمەڵگایەك بۆ مرۆڤ لە پێناو ماڤی مرۆڤدایە. ئەگەر بەڕێوەبەرانی حکوومەتی و سیاسەتوانان بتوانن بە تەرخانکردنی شوێنی کاریی بارودۆخێك پێك بێنن کە دەرفەت بە مرۆڤی بێکار بدرێ بژیوی ژیانیانی پێ دابین بکەن لە لایەکەوە هەژاریی کۆمەڵگا کەمتر دەبێتەوە و لە لایەکیتریشەوە کڕین و فرۆشی بازاڕی سەرمایەداریشی پێ دەگەشێتەوە. بەختەوەری و چێژبردن لە ژیان ئەوکات وەدی دێ کە مرۆڤی ناو کۆمەڵ هەموویان لە گەشانەوەی ئابووری و ئەرکەکانیدا بەشدار بکرێن. هەر مرۆڤێك چەشنە فەرهەنگێکی دەروونی خۆی هەیە و هەموو ئەو شتانەی لە دەروونیدان هانی دەدەن لەسەر شێوازێکی ژیرانە شوێن یاخود جێگایەکی گونجاو لە کۆمەڵدا بۆ خۆیان تەرخان بکەن.

لەمرۆشدا و لە جیهانی مودێرنیشدا بە شێوەیەکی هاوچەشن هەوڵ دەدرێ بۆ دیمەنی داهاتووی ژیری دەستکرد جێ و شوێنێکی گونجاو پێکبێنن کە لە ڕوانگەی ئەخلاقیشەوە تاڕادەیەك هەڵس و کەوتی وەك مرۆڤی هەبێ. ئەگەر مرۆڤ نەتوانێ بایەخە ئینسانییەکان لەسەر شێوازی نووسینی پڕۆگرام بۆ ژیری دەستکرد دیاری بکا، باشتر وایە دەست لەو کارە هەڵگرێ. ڕەنگە بۆ خوڵقێنەرانی ئەو بوارە گرنگایەتییەکی ئەوتۆی نەبێ هەڵس و کەوتی ژیری دەستکرد لە ڕوانگەی ئەخلاقییەوە دەبێ تەواو وەك مرۆڤ بێ. سروشتی ئینسان تەواو و کامیل نییە، بەردەوام تاقمێك لە مرۆڤ بۆ لای کاری نالەبار ڕادەکێشرێن، هەر ئەو هەڵس و کەوتە خۆی دەتوانێ مەترسییەکی گەلێك مەزن لە لایەن خوڵقێنەرانی ژیری دەستکردەوە بۆ داهاتووی ئەم جیهانە دروست بکا.

ئیدەی خوڵقاندنی چەشنە ئەخلاقێك کە کەمتر بۆ لای کاری خراپ ڕاکێشرێ دەتوانێ هەموو ئیدیۆلۆژییە نائینسانییەکانی وەك بەرنامەی ئەخلاقی ستالینی، ئەخلاقی ساردوسڕی هیتلێری تا شوڕشی فەرهنگی مائۆ یەککرتوو بکا. تا ئەو کاتەی هەڵس و کەوتی ئەخلاقی ژیری دەستکرد لە هەڵس و کەوتی مرۆڤەوە سەرچاوە بگرێ نابێ چاوەڕوانی ستراتێژییەکی باشتر بکرێ. بۆ باشترکردنی بارودۆخی جیهان دەبێ ئەخلاقی باش و ئەرێنی بۆ ژیری دەستکرد ڕاگوێزرێ. بەڵام لە ڕاستیدا کێشە و گرفتێك لە پشت ئەو کارەوە وەستاوە. ئەگەر کەرەسەی دەستکرد هەڵس و کەوتی هاوچەشنی مرۆڤیان هەبێ، بەوهۆیەی بڕیارەکانیان لە بۆچوونی گەلێك ئاڵۆز و نالۆژیکی مرۆڤ پێك هاتووە دەتوانێ گەلێك مەترسیدارتر بێ، چونکە بڕیاری ژیری دەستکرد بەرنامەی پێشتر داڕێژراوی بێ ئەملا و ئەولای خودی مرۆڤە. مەبەستی پێشترداڕێژراو و بە ویستی ئاگایانە و مەبەستی لە ناکاو و نائاگایانە وەك یەك نین. هەروەها داواکاریی و ئارەزوویەکی دەستەقەسد وەك داواکاریی بێ ئیرادانە نییە. لە لایەکیتریشەوە کاتێ ئێمە ژیری دەستکرد بەهۆی دڵێکی ساردو سڕ و ئەخلاقێکی نائینسانییەوە بەرنامەڕیزی بکەین، بە شێوەیەك لە شێوەکان ئاگایانە دژ بە ماڤی مرۆڤ دەوەستین و بایەخ و مەبەستی سەرەکی کۆمەڵگای ئینسانی لەبەرچاو ناگرین.

بە بێ ئیدەیەکی درێژخایەن لەسەر گۆڕانی هەڵس و کەوتی ئەخلاقی مرۆڤ سیستەمی ژیری دەستکرد لە پێناو خزمەتکردن بە داهاتووی مرۆڤایەتی ناتوانرێ وێنا

بکرێ. "کەرەسەی ئەخلاقی" تەواوکەری جیهانی ئینسانی نین بەڵکوو لەڕووی ناچارییەوە و بەبێ پێش پێگرتنی هەنگاوێکە بۆ داهاتووی ژیان لەسەر ئەم جیهانە. تەنیا ئەو کەسانەی هەست بەو پێشکەوتووییە دەکەن، دەتوانن لەڕاستیدا بارودۆخی داهاتووی ژیان گومان بکەن. چونکە لە لایەکەوە هەر هەڵس و کەوتیکی باشی ئەخلاقی بۆ داهاتووی مرۆڤ حەیاتییە و لە لایەکیتریشەوە بارودۆخێك پێك دێنێ کە مرۆڤ بە شێوەی لۆژیکی، سەربەخۆ و ئازادانە بڕیار لەسەر چۆنیەتی ژیانی داهاتووی بدا. بەو ڕادەیەی ژیری دەستکرد لە لایەن بڕیاردەرانی نالۆژیکییەوە بەرنامەڕیزی بکرێ بە هەمان ڕادەش ئازادیی تاکەکەسیی مرۆڤ دەخرێتە ژێر مەترسییەوە و کەمتر دەبێتەوە. ئەگەر بارودۆخێك پێك بێ کە ژیری دەستکرد بڕیاردەر و دادوەر لەسەر ژیانی مرۆڤ بێ، ژیان گەلێك بێ مانا دەبێ. بە پێی کات مرۆڤ وا ڕادەهێندرێن کە ئیتر نیگەرانی پرسیاری ئەخلاقی نابن. نووسەری بلاڕووسی ئوگنی مۆرۆزۆف "Evgeny Morozov" بە شێوازێکی سەرسووڕهینەر نیشانی دەدا چلۆن دەتوانین بە هەزار هەنگاوی بچووك لە بەرپرسایەتی خۆمان چاوپۆشی بکەین و بە بێ ئازادی بۆ لای "جیهانی نوێی هزر و هۆش" وەڕێکەوین.[١٤]

هەرچۆنێک بێ، هەڵس و کەوتی ژیرانە، عەقڵی سالم و ڕەسەنایەتی خۆمان ناتوانین ڕاگرین. چونکە ئەوە ڕەسەنایەتی ئێمە نییە پێمان دەڵێ لە کۆمەڵگایەکی پڕ لە یاسادا چ کارێك بەڕێوەبەرین، بەڵکوو ترس لە داهاتووی نابەدڵ و ناخۆشە کاتێ لە هەر لایەکەوە ببینە هۆکاری شکاندنی سنووری یاساکان.

ئەگەر ئێمە سەر بۆ حاکمانی دیجیتالی دانەوێنین و بەو شێوەیەی خۆیان بیانەوێ ژیری دەستکرد بخوڵقێنن و لەسەر ڕێگای ژیانی ئێمەی مرۆڤی قوت کەنەوە، لە داهاتوودا تووشی ئاکامی گەلێك ناخۆش و دژ بە ماڤی مرۆڤ دەبینەوە. سەرقاڵبوون، چێژوەرگرتن لە ژیان، سەرتۆپ بوون، قازانج – هەموو ئەو تایبەتمەندییانە گەلێك لێك جیاوازن. تەنانەت تێئۆری فەلسەفەی کلاسیکیش لێرەدا ناتوانن یارمەتیدەرمان بن. بۆچی یۆنانی کەون چەمکی بەختەوەری خۆی لە ژیانێکی پڕ لە سەرکەوتوویيدا دەدۆزییەوە، چونکە زیاتر پەیوەندی لەگەڵ ژیری، ڕازیبوون و ڕاوێژ و پرس وڕا دا

[١٤] Evgeny Morozov: Smarte neue Welt. Digitale Technik und die Freiheit des Menschen, Blessing ٢٠١٣.

هەبوو، بەڵام ئەو ژیانە سەرکەوتووە زۆر کەم پەیوەندیی لەگەڵ چێژوەرگرتن لە ژیاندا هەبووە. پێناسەیەکی گشتی بۆ مانای بەختەوەری کە هەموو مرۆڤێك بگرێتەوە کارێکی گەلێك نەگونجاوە. کەوابوو چلۆن بەرنامەنووس بزانێ یاخود بتوانێ مەبەست و کردەوەی ئەو چەشنە بۆچوونە جیاوازانە لەگەڵ ژیری دەستکرد بگونجێنێ؟ هەموو چەشنە زمانێکی بەرنامەنووس لێرەدا هەرەس دێنێ. تەنانەت مرۆڤ خۆشی لەو بارودۆخەدا کێشەیەکی گەلێك مەزنی هەیە ئەگەر بیهەوێ مانایەکی ڕوون و شەففاف بۆ کردەوەی ئەخلاقی بدۆزێتەوە. چێژی زیاتر لە ژیان وەرگرین، یا ئازاری کەمترمان لە ژیاندا هەبێ؟ دەرەتانی ژیانێکی بە بێ قەرز و قۆڵە دروست کەین یا بە بێ بیرکردنەوە و لەبەرچاوگرتنی داهاتوو پەرە بە خۆشحاڵی و چێژی ژیان بدەین؟ ئایا دانانی ئەو چەشنە سنوورانە بۆ ژیان بە پێی تەمەن و کات گۆڕانیان بەسەردا نایە؟ ئایا پەیوەندیان بە هەموو ئەو ئەزموونانەوە نابێ کە مرۆڤ لە ماوەی ژیانیدا کۆیان دەکاتەوە؟ هیچ کەس لە ڕۆژی لەدایکبوونییەوە موسوڵمان، مەسیحی، یەهوودی، کومونیست، نەتەوەپەرەست، ڕۆشنبیر یا ئاتئیست نەهاتۆتە سەر ئەم جیهانە. هەڵس و کەوت و ڕوانگەی ئیمەی مرۆڤ لەسەر ژیان، ئەزموونی جیاوازی کردەوەی خۆمانە کە لەو ژینگە و کۆمەڵگایەی تێیدا دەژین، وەریدەگرین. هەروەها بڕیارە ئەخلاقییەکانمان شتێك نین جیا لە مێکانیزمێك کە لەڕاستیدا بەشێوەی ڕادەیی لە لایەن فیلەسۆفان و نووسەرانی کتێبە سیاسیی و ئەخلاقییەکانەوە بۆمان دیاری کراون.

تەنانەت ناتوانرێ پرسیارێکی ئاسایی بە یاسایەکی گشتییەوە بچەسپێندرێ کە بتوانێ ئازاربە مرۆڤ بگەیێنێ یا چێژ بە مرۆڤ بدا. مرۆڤی سادیست "Sadisten" یا "Masochisten"[١٥] لێرەدا بە زمانێکی هاوچەشن ئاخافتن ناکەن، هەروەها زۆر جار دادپەروەر، هونەرمەند و وەرزشکاریش بە هەمان زمان نادوێن. چلۆنایەتی هەستەکانی ئێمەی مرۆڤ و ئەو کارانەی پێکی دێنین، لای زۆربەی فیلەسۆفان بە کێشە دەناسرێ. هەر کەس ددان ئێشەی هەبێ هەست بە ئێشی ددانی دەکا، تەنانەت ئەگەر دوکتوری ددان هیچ هۆکارێکیشی بۆ نەدۆزرێتەوە. هەر کەس عاشق بێ، سەرەڕای ئەوەی کەس لە هۆکاری عاشقبوونەکەی تێ نەگا، عاشق دەمێنێتەوە. هەر کەس ٢٠ پلەی سانتیگراد بە هەوایەکی سارد هەست پێدەکا، هەستی دەروونی خۆیەتی،

---

[١٥] ئەو کەسەی بەهۆی ئازارپێگەیاندن و لێدان، پێداویستی جینسی خۆی دابین دەکا یاخود ئیرزا دەبێ.

نووسینی: نادر فەتحی بۆکانی (وشوانە)

تەنانەت ئەگەر لە پلەی مامناوەندی دیاریکراو بۆ مرۆڤیش تێپەڕ یا نزم بووبێ. بەو هۆیانەوە گەلێك جێی بیر لێ کردنەوەیە، ئەگەر پرۆگڕامنووسێکی ئەخلاقی بیهەوێ بەرنامە بۆ ژیرێکی دەستکرد دابڕێژێ، گەلێك ئەستەم دەتوانێ ڕێگاچارەیەك بدۆزێتەوە کە هەموو مرۆڤێک لێی ڕازی بێ. هەڵس و کەوتی ئەخلاقی دەبێ بە شێوەیەك بێ کە تا ئەو جێیەی دەرەتانی بوی هەیە زۆرینەی هەرە زۆری مرۆڤ بە کردەوەیەکی ئەخلاقیی دابنێن.

هەڵس وکەوتی ئەخلاقی و زۆر تایبەتمەندیتر دیارە پەیوەندیان بە گەشەسەندن و زانستی سروشتییەوە هەیە و ملیۆنانساڵی خایاندووە تا مرۆڤ توانیویە تاڕادەیەك ڕێگای ژیانی بدۆزێتەوە. هەروەها ئەوەش ڕوونە کە ئەو هەڵس و کەوت و تایبەتمەندییە ئاستەمانە ناکرێ ئاوا ساکار بە ژیری دەستکرد بسپێردرێ و بڕیار لەسەر داهاتووی ژیانی مرۆڤ و بوونەوەرانیتری پێ بدا. چۆنیەتی ئەسپاردنی ئەرکێکی زانستی هەرگیز نابێتە چۆنیەتیی هەڵس و کەوتی ئەخلاقی. هەر بەرنامەنووسێکی کامپیۆتری کە بیەوێ بەرنامە بۆ تەوەری ئەخلاقی لەسەر بەختەوەری یا ئازار کێشان دابڕێژێ، ڕووبەڕووی هەمان ڕەخنە دەبێتەوە کە بەردەوام وەڵام بۆ ڕوونکردنەوەی"بەرژەوەندی" خستۆتە ژێر پرسیارەوە. بۆچی دەبێ بەرنامەنووسی کامپیوتر لەو کارەیدا سەرکەوتوو بێ کاتێ بە درێژایی هەزاران ساڵ فیلەسۆفان نەیانتوانیوە مانایەکی ستاندارد و گشتی بۆ چەمکی "بەختەوەری" یا "ئازار" بدۆزنەوە؟

لە لایەکیتریشەوە ژیانی ڕاستەقینەی ئینسان بە شێوەی بەردەوام تەنیا لەسەر بەختەوەری و ئازار ساغ نەبۆتەوە. تەنانەت زۆربەی کات لەسەر بەختەوەری و ئازار دەرفەتی ئەوەمان نابێ پرسیار لە خۆمان بکەین. چالاکی بۆ نووسینی کتێبێکی ئەستوور و تەرخانکردنی کاتێکی زۆری ژیان بۆ ئەو کارە بەهیچ شێوەیەك قەرەبوو ناکرێتەوە. بە پێی ئەزموونە زانستییەکان منداڵان زۆر زیاتر لە بەختەوەری، ئازار و کێشە بۆ دایك و باوکیان دروست دەکەن.

هۆکاری ڕاستەقینە بۆ هەموو ئەو هەڵس و کەوتانە بەختەوەری نیین بەڵکوو مانادان بە ژیان لە لایەن خودی مرۆڤەوەیە. ئەوەیکە منداڵ هێنانە سەر ئەم جیهانە کارێکی باشە یان نا، هۆکارەکەی بەختەوەر بوون نییە کە بڕیاری بۆ دەدا بەڵکوو هەستی

مانادان بە ژیان و کەیفیەتێکی تایبەت بەخۆیە ئەو بڕیارە دەدا. ئەوەیکە مانای مانادان بە ژیان ناکرێ لە لایەن بەرنامەنووسانی کامپیۆترییەوە بەرنامەیان بۆ داڕێژرێ، شتێکی تەواو ڕوونە. ئەو کارە تەنیا ئەوە نییە کە مرۆڤ لە نێوان دوو شت یەکیان هەڵبژێرێ و بڵێ ئەمیان مانا دارە و ئەویان نا، بەڵکوو مانادان بە ژیان لە ڕوانگەی کەسەکانەوە جیاوازە و بڕیارێکی تەواو کەسییە. مانادان بە ژیان بنەڕەتێکی بەهێزی لە فەرهەنگ و دابونەریتی کەسەکان داکوتاوە. هەروەها بە شێویەکی گەلێك بەهێز خۆی لەگەڵ مرۆڤی نیزیك و بنەماڵەی پەیوەندیدار بە کەسەکانەوە گرێداوە. لەڕاستیدا هیچ شتێکی لۆژیکی سەبارەت بە مانادان بە ژیان بوونی نییە. هەموو نیازێکی پەیوەندیدار بە ماناکانەوە بەستراونەتەوە بە ڕەوان ناسی مرۆڤ و هەموو مانایەکی ژیان لە ڕوانگەی چاوەدێرەکانی خودی مرۆڤەوە هەڵدەسەنگێندرێن.

ژیان، ئەخلاق، بەختەوەری، ڕازیبوون لە ژیان و مانادان بە ژیان بۆ مرۆڤ تەنیا ئەو شتانەن کە خۆیان هەستی پێ دەکەن. ژیری دەستکرد ناتوانێ ئەو هەستانە بناسێ. مرۆڤی ڕاستەقینە بە شێوازی " ژمارەی باینێری، واتە سیفر(٠) و یەك(١)" کار ناکەن، بەڵکوو زۆر شت بە شێوازی ڕادەیی سەیر دەکەن و هەڵیدەسەنگێنن، بە بەختەوەری و تێپەڕبوونی کاتیی دەسپێرن، لە ڕوانگەی ئەخلاقییەوە نەك هەر باش و خراپ جیادەکەنەوە، بەڵکوو بەسەر چەندین پلەی وەك باش، باشتر، خراپ، خراپتر و کەمتر خراپ و کەمتر چاکدا دابەشیان دەکەن. زۆربەی مرۆڤ لەجیاتی ئەوەی بە شێوەی بەردەوام بەختەوەری خۆیان نۆژەن بکەنەوە، خۆیان بە خوڕافات و چیرۆکە کەونەکانەوە هەڵواسیوە. ئەو وێناکردنە قورسایی خستۆتە ناو دەروونی مرۆڤەکانەوە و لە جیاتی ئەوەی شتە باشەکانی پێ بپێون، ناسنامەی خۆیانی پێ دیاری دەکەن.

بێ شك ئەوە ڕاستە کە هەر فەیلەسۆفێك فەلسەفەی ئەخلاقی خۆی لەسەر ڕەوتی چۆنیەتیی کۆمەڵگا جیاوازەکان و ئەوەی مرۆڤی ناو کۆمەڵ چ نیاز و ئاواتێکیان هەیە، بونیات ناوە. بەڵام ئەوە بەمانای وەك یەك دانانی "بەکەڵك بوون و سوودمەندبوون" لەگەڵ "بەختەوەری" نییە. کاتێ باس لەسەر تەوەری وەك یەکسانی جینسی (ژن و پیاو) یا یەکسانی لەهەنبەر یاسادا دەکرێ، کاتێ هەوڵ بۆ دادپەروەری و ئینساف دەدرێ، یا باس لەسەر ماڤی سەربەخۆیی و ئازادبوونی بێ ئەملا و ئەولای کەسەکان دەکرێت، ئینجا ئەو بایەخە ئینسانییانە بەوەوە نەبەستراونەوە کە بۆ هەمیشە بەختەوەری

بۆ مرۆڤ بە دیاری بێنن بەڵکوو هەر هێزێك و هەر مرۆڤێك بۆ بەرژەوەندی خۆی کەڵك لەو یاسایانە وەردەگرن. یەکسانی، دادپەروەری و ئازادیی بایەخێکن کە نابێ خۆیان بە پێوەری بەختەوەرییەوە هەڵواسن. هەر بۆیە حاکمانی وڵاتێك هەڵبژاردن و هەڵسەنگاندنی بەها ئینسانییەکان لە ڕێگای بڕیاردان یاخود ڕاپرسی گشتییەوە دیاری ناکەن. شتێکی ڕوونە ئوردوگان لەسەر ئەو باوەڕەیە ئاوارەکردن و ئاسیمیلیرەکردنی ملیۆنان مرۆڤی کورد بۆ بەختەوەرکردنی مرۆڤی تورك لە تورکیا گەلێك باش و بەفایدەیە. ئەزموونی ڕاپرسییەکانی ساڵی ٢٠١٧ لە عێراق لەسەر ماقی سەربەخۆیی بۆ کورد و پێکهێنانی دەوڵەتێکی کوردی، بۆ ئوردۆگان و زۆربەی داگیرکەرانی کوردستان کارێکی بێ مانایە و بەردەوام هەوڵی چەند بەرەکی خستن لە نێوان حیزبە کوردییەکان دەدەن. دیارە لە ڕوانگەی خۆشیانەوە کارێکی باش و یاسایی بەڕێوە دەبەن.

زۆرجار ئەوشتەی زۆرینەی مرۆڤ ئارەزووی دەکەن و ئەو شتەی ئەخلاق و یاسا دانەران بە دروستی دادەنێن جیهانێکی گەلێك مەزنیان لە نێواندایە. ڕاستییەکان و بەتایبەت بۆچوون و ئارەزووی زۆرینە، هەر لەخۆوە پاساو بۆ دانانی یاساکان نین. تەنیا بەو هۆیەی تاقمێك لە مرۆڤ تەوەرەکان جۆرێکیتر سەیر دەکەن، بەو مانایە نییە کە لە ڕوانگەی ئەخلاقییەوە کێشەیان نەبێ. درز و کەلێنی پڕنەکراوەی نێوان ڕاستیەکان و ڕێوشوێنی دروست لە سەردەمی فیلەسۆفانی کەون وەك یاسا ڕێزی لێ دەنرا. هەرگیز نابێ کەسێك ببێتە ئامراز بۆ مەبەستی کەسانیتر. تەواوی ئەو کەرامەتە ئینسانییە بۆ وێنە لە یاسای سەرەکی وڵاتی ئاڵماندا هاتووە. لە مادەی یەکەمی یاسای سەرەکی ئاڵماندا دەگوترێ: "کەرامەتی ئینسانی پارێزراوە. ڕێزلێنان و پارێزگاریکردنی ئەرکی هەموو کاربەدەستێکی وڵاتەکەیە. کەوابوو خەڵکانی ئاڵمانی قەسەمخۆر بە ماقی مرۆڤی حاشالێنەکراو وەك بنەڕەتی هەر کۆمەڵگایەکی ئینسانی، ئاشتیخواز و دادپەروەر لە هەموو جیهانن."[١٦] بە پێچەوانە سوودمەندبوونی کلاسیک هیچ کەرامەتێکی ئینسانی ناناسێ و ڕەنگە ئازادی ئینسان بە هەنگاوێکی بەرز دانێ، بەڵام بە تەواو و کاملی دانانێ. لێرەدا مرۆڤ وەبیر جرێمی بێننتام " Jeremy

[١٦] https://www.gesetze-iminternet.de/gg/BJNR٠٠٠٠١٠٩٤٩.html

Bentham"[١٧] دادپەروەرێکی ئینگلیزی دەکەوێتەوە کە لەسەر ئەو بڕوایە بوو، ئەگەر کەسێك بە بێ ئێش وئازار دەوڵەمەندێك لە خەودا بکووژێ و لە پارەکەی نەخۆشخانەیەکی پێ دروست کا یا یارمەتی هەژارانی پێبکا، کارێکی باشی کردووە. لە لایەکەوە ئازاری کەم و لەولاشەوە بەختەوەری!

[١٧] جرێمی بێنتام دادوەر، فیلەسۆف و ڕێفۆرمیستی کۆمەڵایەتی ئینگلیزیی سەدەی نۆزدەهەم بووە. (١٧٤٨ تا ١٨٣٢)

نووسینی: نادر فەتحی بۆکانی (وشوانە)

## شێواندنی ژینگە

هات و چۆ و بگرە و بەردەی مرۆڤ بەو شێوەیەی ئەمڕۆ لەسەر شەقام، ئۆتۆبان، زەریاکان و هەڵفڕین لە ئاسمان دەیبینین داهاتوویەکی باشی نابێ. هەرکەس هات و چۆی ئوتوموبیل لە شاری برلین، لەندەن و پاریس بە زێدەڕۆ دادەنێ دەبێ بۆ جارێکیش ئەگەر بووبێ سەرێکی شانگهای، هوشیمین، بانکۆك، قاهیرە، تاران و میکزیکۆسیتی بدا، ئینجا دەزانێ پیسکردن و تووناکردنی کەش و هەوا چ مانایەکەی هەیە. ئیدە و تەبلیغاتی چەندین ساڵ پێش کە هەر مرۆڤێك دەبێ ئوتوموبیلی تایبەت بەخۆی هەبێ نەك هەر بەڕاست وەرگەڕاوە، بەڵکوو لە زۆر شوێنی ئەم جیهانە هەندێک مرۆڤ زیاتر لە دوو یا سێ کەرەسەی هات و چۆی تایبەت بە خۆیان هەیە. ترافیکی زیاتر بە مانای سەربروونەوەی هات و چۆیە. هەرچەند زیاتر مرۆڤ بە کەرەسەی کەسی خۆی لەسەر شەقامەکان لەڕێدابێ، بە هەمان ڕادەش سەبرتر دەتوانێ لە شوێنێکەوە بگاتە شوێنێکیتر. نەك هەر لێخوڕینی ئوتوموبیل بەهۆی موتوڕە پیسکەرەکەی، کەش و هەوا پیس دەکا بەڵکوو بە پتوونی ترافیکی سەر شەقام و ئۆتوبانەکان کە بەرهەمێکی نوێی سەدەی بیستەم بوو، وردە وردە مەترسییەکی گەلێك جیددی بۆ ژینگە دروست دەکا.

ماوەیەکە خۆرەتاوێکی نوێ هەڵاتووە کە بە تیشکی چاوکوێرکەری دەیهەوێ خەونی هاتوچۆی مرۆڤ بەهۆی ئوتوموبیلی تەواو ئوتوماتیک کە ئیتر پێویستی بە شۆفیر نابێ، بکاتە ڕاستەقینەیەکی ئاسایی سەر شەقامەکان. لە لایەن قاوکەرانیەوە بەردەوام باس لەسەر خاڵە ئەرێنییەکانی دەکرێ: "سەرچاوە وزەی بەکارهاتوو، گونجاو لەگەڵ ژینگە، ژیر و خاوێن". هەرچەند لەو خۆرەتاوە نیزیکتر ببینەوە زیاتر بۆمان ڕوون

دەبێتەوە کە لێرەدا باس تەنیا لەسەر خۆرەتاوێك نییە بەڵکوو مەبەست چەندین خۆرەتاوە. تونل و شەقامی ژێر زەوی بۆ کەمکردنەوەی ترافیکی سەر شەقامەکان و پیکهێنانی بارودۆخێکی باشتر بۆ ئەو مرۆڤانەی بە پێیان لەڕێدان، شێوەی هاتوچۆکردنی بار و شت و مەکی ڕۆژانە بەهۆی کەمکردنەوەی ترافیکی شەقامەکان و لێدانی خەتی ڕێگای ئاسن لە نێوان شار و گوندەکان هات و چۆی مرۆڤ گەلێك باشتر بەڕێوەدەبا. کەرسەی کارەبایی کە دەبێ لە داهاتوودا جێگای ئوتوموبیلی بنزینی و گازۆلی بگرنەوە، نیعمەتێکی مەزنە. بەڵام خاڵی نەرێنی زۆربەی ئەو خەونانە زۆر کەم لە کونفرانسە دیجیتالییەکاندا باسی لێوەدەکرێ.

کەمتر تەوەرێك وەك کەرسەی هات و چۆی بێ شۆفیر دەتوانێ گۆڕان بەسەر ژیانی داهاتووی مرۆڤدا بێنی. وەك هێزێکی سروشتی بەسەرماندا دەباری و قورساییمان دەخاتە سەر. دەگوترێ، هەموو کێشەکانی هات و چۆی ناو شارەکان بە هۆی ئەوەوە چارە دەکرێ و ژمارەی بریندار و قوربانیانی ئەو ڕێگایەی پێ کەم دەکرێتەوە. بۆچی نەتوانین چاوپۆشی لەو هەموو خۆپێکدانانەی ئوتوموبیلی سەر شەقامەکان بکەین و بێ دەنگ، خاوێن، دڵنیا و بێ خەم خۆمان لە شوێنێکەوە بو شوێنێکیتر بجووڵێنینەوە؟

کارێك دژ بە ژینگە نەبێ و بە ئارامی و خاوێنی و بێ سەرئێشە هات و چۆی مرۆڤ گارانتی بکا بۆ دەبێ خراپ بێ؟ ئەوانە ئامانجێکی گەلێك مەزنن. سەرەڕای ئەوانەش دیمەنی ڕێگاچارەیەکی نەهایی بۆ کێشەی ترافیك و هات و چۆ لە لایەن کەرسەی سەربەخۆ واتە کەرسەی بەرنامەپێدراوەوە گەلێك ئاڵۆزترە لەوەی مرۆڤ بیری لێ دەکاتەوە. شەقامەکان و مەیدان و شوێنەکانی سیڤییل، ناپل یا لیۆن کەمتر وەك یەك دەچن و تۆڕی هات و چۆی نێوانیان گەلێك لەو شوێنانەی ئوتوموبیلی ئوتوماتیکی تێدا دۆزراوەتەوە، جیاوازی هەیە. لەبەر ئەوەی ئوتومۆبیلی خودکار بەرێگەوەیە، دەبێ مرۆڤ بە گورجی خۆی لەگەڵ بارودۆخی نوێدا بگونجێنێ. ئەو چەشنە گوشارهێنانە ستراتێژیکییە، کارێکی نوێ نین. مرۆڤ دەبێ تەنیا بیر لە ساڵانی ١٩٢٠ەکان بکاتەوە کاتێ لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ پێشگرتن لە پەرەسەندنی ڕێگای ئاسن، پیشەسازیی ئوتۆمۆبیل کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر

ئەو وڵاتە دانا. بەو ڕادەیەی پەیوەندی ڕێگای ئاسن خراپتر دەبوو، بەو ڕادەیەش پێویستی بە ئوتۆمۆبیلی کەسی گەورەتر دەبۆوە.

لەڕاستیدا ئوتۆمۆبیلی خودکار لانی کەم لە شارە گەورەکان وەك ڕێگاچارەیەکی گونجاو نابینرێ. بۆ هاتنی ئەو کەرەسە ئوتۆماتیکە یەکەم دەبێ پێویستبوونی لە لایەن خەڵکییەوە ئارەزووی بکرێ و دووهەم بە شێوەیەکی گشتی بۆ هەموو کەس گونجاو بکرێ، دەنا بە هیچ شێوەیەك یارمەتیدەری ژینگە نابێ. ئەو دەبێ وەك باشترین ئیدە لەناو ئیدەکانیتر خۆی بسەلمێنێ، نەك هەر بەهۆی کێشەی ترافیك یا ئابوورییەوە بەڵکوو لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتیشەوە. بەڵام پرسیارێکی سەرەکی لەژێر گوشارهێنانی خەیاڵیدا لە لایەن بەرهەمهێنەرانیەوە دێتە ئاراوە. سیاسەتوانان و زۆربەی پسپۆرانی ئەو بوارە نایانەوێ بە تاوانی دوژمنایەتی لەهەنبەر پێشکەوتنخوازی یا نوێخوازی تۆمەتبار بکرێن. سەرلێشێواویی و گۆڕانی نوێخوازی و پێشکەوتوویی بە ئەسپایی و بێ دەنگ، کالایەکی نادیار لەگەڵ یەکی دیار تێکەڵ دەکا و سەری خەڵکی پێ دەشێوێنێ. نوێخوازییەکی تایبەت دەبێتە هۆی پێشکەوتوویی. ڕەنگە ڕێگاچارەیەکی گەلێك باشتر بۆ کێشەی هات و چۆی شارە گەورەکان هەبێ بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ ئوتۆمۆبیلی تەواو ئوتوماتیك. ئایا داهاتووی ئێمەی مرۆڤ تەنیا بە ئوتۆمۆبیلەوە بەستراوەتەوە؟

ئەو پرسیارانە یارییەکی فەلسەفی نین. هێشتا بە تەواوەتی ڕوون نییە ئوتۆمۆبیلی بێ شۆفیر باشترین ڕێگاچارەی کێشەی هات و چۆ بێ. هەرچۆنێک بێت ئێستا ئەو ئاڵترناتیڤە گەلێك ئاڵۆز و لە ڕوانگەی ماڵییەوە زۆر گران تەواو دەبێ. ئایا ئەو خەرجە زۆرە شیاوی ئەوە هەیە لە بنەڕەتەوە گۆڕان بەسەر پیشەسازی ئوتۆمۆبیلدا بهێنرێ و بۆ هەموو باس و چاوەڕوانییە ئەخلاقی و کۆمەڵایەتییەکانی داهاتووی ئەزموونێکی گونجاو بدۆزرێتەوە؟ مرۆڤ لەو کارەدا نابێ لەبیری بچێتەوە هەر وەك دەیوید کالینگریج "David Collingridge"[١٨] فەیلەسۆفی ئینگلیزی گوتوویە: "چ ڕوودەدا ئەگەر پێشکەوتنخوازییەکی نوێ کە بە چالاکییەکی گەلێك زۆرەوە بەسترابێتەوە، دوای ماوەیەك هەست بکەین ئاکامی نەویستراوی چالاکییەکان لە ڕوانگەی ئەخلاقی،

[١٨] David Collingridge: The Social Control of Technology, Palgrave Macmillan ١٩٨١.

کۆمەڵایەتی و ژینگەوە جێی پاساو هێنانەوەیان بۆ نەبێ." کالینگریج لە سەردەمی خۆیدا ناوەندە ئەتۆمییەکانی لەبەر چاو بوون، کە سەرەڕای خۆڕاگری و ڕەخنەی خەڵک و کێشەی زبلی ئەتۆمی کە ئەو سەردەمە و تەنانەت ئەمڕۆش مەترسی بۆ ژینگە دروست دەکەن، لە زۆربەی شوێنەکان دامەزرێندران. سەرەڕای ئەوەش هەر بەو شێوەیەی باس و لێکۆڵینەوە دوای دامەزراندنی ناوەندە ئەتۆمییەکان نشانیان دا، خۆ کێشانەوە لەو کەرەسە مودێرنانەی بۆ ئەو مەبەستە خەرجێکی گەلێك زۆریان بۆ تەرخان کرابوو، ئیتر نەگونجاو بوو.

بە لەبەرچاوگرتنی داهاتوو و ئەزمون وەرگرتن لە ناوەندە ئەتۆمییەکان ڕەنگە شیاوی بیرلێکردنەوە بێ بە چەکی لۆژیکی لەهەنبەر کێشەی هات و چۆ و هێنانی "ئوتۆمۆبیلی ڕۆبات"بۆ سەر شەقامەکان هەڵس و کەوت بکرێ. هەر کەس ئەو دێرەی وەبیر بێتەوە کە "خۆچڕکردنەوە و خاڵی ناوەندیی ئەرکەکان دەبێ لەسەر مرۆڤ بێ" بە چەمکی "ئوتۆمۆبیلی سەربەخۆ" پێکەنینی دێ. چونکە سوار بوونی ئوتۆمۆبیلی سەربەخۆ ئیتر مرۆڤ لە سەربەخۆیی دێنتە دەر و مرۆڤ خۆی لێیناخوڕێ، بەڵکوو لێی دەخوڕن. ئایا بەڵگە لەوە باشتر دەبێ، کە لە هەر شوێنێکی کاریی تەنیا باس لەسەر کەرەسەی ئوتوماتیکییە نەك مرۆڤ خۆی؟

دیارە هێشتا لە کۆمەڵگاکاندا بارودۆخێك پێك نەهاتووە ئوتۆمۆبیلی تەواو ئوتوماتیك فەرمانی لێخوڕینی کەرەسەی هات و چۆ لەدەست مرۆڤ دەربێنێ. تەنیا تاقمێك لە ئەرکەکانی کەرەسەی هات و چۆ بۆ هاسانکردنەوەی لێخوڕین ئوتۆماتیکی کراون. ئوتۆمۆبیلی تەواو ئوتۆماتیکی وەك ئوتۆبوس، لۆری و ... لە تاقمێك وڵاتان لەسەر شەقامەکان یاخود تەنیا لە چوارچێوەی کارخانەکاندا لە هات و چۆدان. لە سەنگاپور و ژاپۆن تاکسی تەواو ئوتۆماتیکی لەڕێدان بەڵام نەك لەناو شەقامە ئاساییەکان بەڵکوو لەو شوێنە تایبەتیانەی بۆیان دیاری کراوە.[١٩]

لەبەر ئەوەی خۆم لە وڵاتی ئاڵمان لە کارخانەی فۆرد و بواری ئوتۆمۆبیل سازیدا کاردەکەم و لە نیزیکەوە ئاگاداری ئەو کارەم، دەتوانم بە ڕاشکاوی بڵێم لەو نێوانەدا

[١٩] https://www.handelsblatt.com/technik/forschung-innovation/ mobilitaet autonom-durch-die-megacity-tokio-testet-robotertaxisim- stadtverkehr/٢٥٤٥١٨٥٠.html?ticket=ST-٣٤٤٩٦٢٨-fRcMsQF٣rhMr.

بەرهەمهێنەرانی ئوتۆمۆبیل، بەرنامەداڕێژان، سیاسەتوانان و تاقمێك فەیلەسۆفی کۆمۆسیۆنەکانیش لە وڵاتی ئاڵمان بیر لەوە دەکەنەوە چلۆن بەرنامە بۆ ئوتۆمۆبیلی – ڕۆبۆت داڕێژن کە بتوانێ لە شارە گەورەکان بە بێ کێشە هات و چۆ بکا. نووسەرێك بە ناوی کریستۆڤ لوتگە "Christoph Lütge" کتێبێکی بەناوی "ئەخلاقی ژیری دەستکرد و رۆبۆت" نووسیوە کە لەوێدا دەڵێ: "ئەگەر سنوور بەرتەسك کرابێتەوە و ئەو زانیارییانەی بڕیار لەسەر هەڵس و کەوتی ئەخلاقی مرۆڤ دەدەن دیاری کرابن، لەو حاڵەدا دەرەتانی ئەوە پێك دێ کە ژیری دەستکرد بتوانێ لەسەر هەڵس و کەوتی دیاریکراوی ئەخلاقی بڕیار بدا."[٢٠] هەنگاوی "ئەخلاقی" سەرەڕای هەموو کێشەکانی سەر ڕێگای، بە دوو قسەی هەڵـلەق و مەڵـلەق بە فەرمی دەکا. ئەو چەشنە نووسەرانە پێیان وایە هەڵس و کەوتی دیاریکراوی ژیری دەستکرد کە بەو هەموو هەڵە ئەخلاقییانەوەی کە هەیانە، لە لایەن خودی مرۆڤەوە، دیاری کراوە، ئیتر کارێکی ژیرانە و بێ هەڵەیە. لێرەدا بە گرنگی دادەنێین بۆ وێنە بەرنامە داڕێژی ئوتۆمۆبیلی بێ شوفیر ئەو ئەرکانەی بۆ ئوتۆمۆبیلەکە دیاری کردووە تا ڕادەیەك ژمارەی کوژراو و بریینداری لێکدانی سەر شەقامەکان کەم کاتەوە. لە بارودۆخی ئاڵۆزدا بە هیچ شێوازێك ژیری دەستکرد ناتوانێ لە ڕوانگەی ئەخلاقییەوە بەردەوام ئاڵترناتیڤێکی باش و بەکەڵك بێ. بۆ وێنە کاتێ دوو ئوتۆمۆبیل لێکدەدرێن سیستەمی بڕیاردەری ژیری دەستکرد ئەو ئوتۆمۆبیلە دەپارێزێ کە مرۆڤی زیاتری تێدابێ، هەر وەك لە زۆربەی سیستەمی فڕۆکەوانیشدا ئەو ئەرکە بەڕێوەدەچێ. بەڵام ئایا ئەو بڕیارە کارێکی دادپەروەرانەی ئەخلاقییە؟ بەو هۆیەی لە کەرەسەیەکدا چوار کەس دانیشتوون و لەویتردا تەنیا سێ کەسی تێدایە، دەبێ سێ کەسەکە قوربانی بکرێن؟ هەمیسان دێینەوە سەر باسی فەیلەسۆفانی ئەخلاقی کەون کە هەر کەس لە ڕوانگەی خۆیەوە بۆچوونێکی جیاواز و تایبەت بە خۆی دەبێ!

ئەو باوەڕە هەڵەیە کە تەنیا ئەو کات ئوتۆمۆبیلێکی تەواو ئوتوماتیك بتوانێ بێتە سەر شەقامەکان کە لە ڕوانگەی ئەخلاقییەوە بە باشی بەرنامەی بۆ داڕژابێ. لەڕاستیدا لۆژیکێکی قانعکەرەوە لێرەدا بوونی نییە. چی دەقەومێ کاتێ شوفیرێك لە بارودۆخێکی ناخۆشدا نەتوانێ تورمز (ستۆپ) بگرێ و چەند کەس وەبەردا؟ ئایا لەو بارودۆخە

---

[٢٠] Bartneck, Lütge u. a., a. a. O., S. ٤٩.

کورتەدا دەتوانێ بڕیارێکی ئەخلاقی بدا؟ هەر کەس هێندەی کات هەبێ خوێنساردانە پلان بۆ لەناوچوونی ژیانی منداڵ یا مرۆڤێکیتر دادڕێژێ و بیخاتە ژێر مەترسییەوە، کاتی ئەوەشی دەبێ خێرایی ئوتۆمۆبیلەکەی کەم کاتەوە و لە کاتی خۆیدا قاچ لەسەر تورمزەکە دابنێ. بارودۆخێکی ڕاستەقینەی دژوار ئەو کات پێك دێ کە مرۆڤ نەتوانێ ئیتر هەستی بڕیاردانی خۆی کونترۆڵ بکا. جگە لە مرۆڤی پیاوکوژ، کەسەکان جاریوایە لە بارودۆخێکی ناخۆشدا بەتایبەت بڕیارێکی "ئەخلاقی" دەدەن کە پێشتر بیریان لێ نەکردبێتەوە. چارەنووسێکی ناخۆش و دڵتەزێنە. هەر کەس پێشتر بیری لێ بکاتەوە لە بارودۆخێکی ئەوتۆدا لەجیاتی منداڵێك سێ مرۆڤی بەتەمەن وەبەردا چونکە منداڵەکە تەمەنێکی درێژی لە پێش خۆیەوە هەیە، بە مرۆڤێکی سەرشیت و خۆلیایی دادەنرێ. ئەو کاردانەوەیە سۆزداری نییە کە بۆ ئێمە سەرشێتانە دەنوێنێ، بەڵکوو کەسایەتی مرۆڤە کە بایەخی ژیانی مرۆڤەکانیتر لە بارودۆخێکی خوێنساردانەدا هەڵدەسەنگێنێ.

تاووتوێ کردنی بایەخی ژیان، وەژێر پێ خستنی کەرامەتی ئینسانی لەڕاستیدا ناکرێ لە لایەن ئوتۆمۆبیلی بێ شۆفیرەوە بڕیاری لەسەر بدرێ. جیاوازیی ئەخلاقی نێوان کارێکی پێشتر دادڕێژاو و بە ویستەوە لەگەڵ کارێکی بە پەلە و بێ بیرکردنەوە گەلێك زۆرە. بڕیاری ئەخلاقی زۆر کەم لەسەر شەقامەکان بەڕێوە دەچن، کاتێکیش شتێکی وا بێتە پێشەوە، زیاتر وەك دانی مافی وەپێشکەوتن یا دانی شوێنی پارك بە کەسێك بەڕێوە دەچێ. ئەو ئەرکە ئەخلاقییەی بڕیارە لە داهاتوودا بۆ ئوتۆمۆبیلی تەواو ئوتوماتیك تەرخان بکرێ نەك هەر کارێکی ئینسانی نییە بەڵکوو گەلێکیش نائینسانییە. هیچکەس نابێ بتوانێ یاخود ئیزنی بڕیار لەسەر ژیان یا مردنی مرۆڤێتر بدا. ڕێگاچارەی ئەو چەشنە لە ڕوانگەی ئەخلاقییەوە دەبێ پێشی پێ بگیرێ. ئێمە دەبێ بەدوای دۆزینەوەی ئاڵترناتیڤێکەوە بین کە لانیکەم دادپەروەری بەڕێوە بەرێ. بەداخەوە بۆ هێنانی کەرەسەی پێشکەوتنخوازی و دامەزراندنی کەرەسەی ژیری دەستکرد لە هەموو شوێنە کارییەکان و کۆمەڵایەتییەکان لە من و تۆ پرسیار ناکرێ. چاك یا خراپ، بەکەڵك یا بێکەڵك، ئەرێنی یا نەرێنی تەنیا بڕیار و تاقیکاریی بەڕێوەبەرانی ئەو بوارەن و لە داهاتووشدا هەر ئەزموونێکی خراپی لێ بکەوێتەوە نە بەرپرسایەتی دەکەوێتە ئەستۆی کەس و نە خەڵکی ئاساییش دەرەتانی ئەوەیان بۆ دروست دەبێ کەسێك بە تاوانکار دابنێن.

نووسینی: نادر فەتحی بۆکانی (وشوانە)

پێداویستی ژیری دەستکرد کەڵک وەرگرتن لە لێهاتوویی ئینسانی و ژیرانەی ئەوە. ئەوەی ئایا ئەو کەرەسەیە لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتییەوە وەرگیرابێ باسی متمانەپێکردن دێنێتە گۆڕێ. متمانەکردن و پێداویستی بۆ ناسین، سنووری ڕوونی خۆی هەیە. ئایا ژیرێکی دەستکرد بە بەرنامەی ئەخلاقیەوە دەتوانێ ئەو سنوورانە بناسێ؟ گرنگترین ئەزموون و دەسکەوت بەهۆی دیالۆگ لەسەر ئوتۆمۆبیلی تەواو ئوتۆماتیك و داڕشتنی بەرنامەی ئەخلاقی ئەوەیە، ئێمە ئینسانییەت و هەڵس و کەوتی باش و لۆجیکی مرۆڤی هەمیسان دێنینەوە گۆڕێ. ئێمە هەست دەکەین ناکرێ بە بێ پێشلکردنی ئەرکە ئەخلاقییەکان بەرنامەیان بۆ داڕێژین. ئەگەر ئێمە بە بێ نیاز لە سنووری مرۆڤ خۆشەویستی تێپەڕ بین، دەبێ ماڵئاوایی لە بایەخە سەرەکی و ناوەندییەکانی وەك ئازادی، سەربەخۆیی و کەرامەتی ئینسانی بکەین. لەو حاڵەدا ئیتر ڕێگای ئازادی مرۆڤ پەرەناستێنێ و بۆ لای خوارەوە نزم دەبێتەوە. ئەو پرسیارە هاتۆتە ئاراوە ژیری دەستکرد لە داهاتوودا بڕیار لەسەر ژیان و مەرگی مرۆڤ بدا. خاڵی بڕیاردەر لێرەدایە هەرگیز بەرهەمهێنەران و لایەنگرانی ژیری دەستکرد بە شێوەی گشتی لە کونگرە و کۆنفرانسەکانیاندا باسی خاڵە نەرێنییەکانی ناکەن: هەروەها لەسەر پرسیاری "ئایا ژیری دەستکرد لە داهاتوودا لە بواری سوپاییش کەڵکی لێ وەردەگیرێ؟" باسی لێوە ناکەن و وەڵامی پرسیارەکانی نادەنەوە.

کاتێ ناتوانن لەو تەوەرە چاوپۆشی بکەن، بەرهەمهێنەران و لایەنگرانی ژیری دەستکرد بەردەوام پاساوێك دەدۆزنەوە، بۆ وێنە دەڵێن، ڕۆبۆتێکی نیزامی دەتوانێ یارمەتیدەر بێ مینی سەر شەقامەکان بدۆزێتەوە و لەناویان بەرێ. لەڕاستی و لە کردەوەدا کارێکی گەلێك باشە لەجیاتی ئەوەی مرۆڤ بارودۆخێکی بۆ پێك بێ و ناچار بکرێ خۆی بخاتە مەترسییەوە، مینی سەر شەقامەکان لە لایەن ڕۆبۆتەوە خاوێن بکرێنەوە. بەڵام ئەو ڕۆبۆتانە "ڕۆبۆتی پیاو کوژ" نین. باس لەسەر سیستەمیکی ژیری دەستکردە کە لەسەر ئەو بەرنامەیەی بۆیان داڕێژراوە، بە بێ هەستی ئینسانی وەدوای مەبەستی مەرگهێن و پڕ لە خۆف کەوتوون. سەرباز ئیتر ناچار نییە قامك بە تفەنگدا بێنێ، ئەوە کەرەسەی ژیری دەستکردە هێرش دەکەن و لەسەر ئەو بەرنامەیەی بۆیان دیاری کراوە بە بێ هەستی سۆزداری شەڕخوازی پێك دێنن و پلانی خاوەنەکانیان وەدی دێنن.

ناولێنانی ژیری دەستکردی سوپایی بە چەمکی "ڕۆبۆتی پیاوکوژ" لای بەرهەمهێنەرانی زۆر خۆشەویست نییە. ووشەنامە و فەرهەنگی شەڕخوازانەی سەر زمانی سیاسەتوانان و مێدیاکان ناوی "تێکنیکی ئەمنییەتی" و "لە ئەستۆگرتنی بەرپرسایەتی"یان لەسەر داناوە. هەروەها هەرکەس سەرباز بۆ شوێنێك بنێرێ یا ئیزنی ڕێپێوانیان پێ بدا ناوی "بەرپرسایەتی" لەهەنبەر گیان و ئاسایشی خەڵکی لەسەر دادەنێن. هەموو ئەو کارانە وا دەنوێنن و دەبێ وابنوێنن کە گۆیا بۆ یارمەتی مرۆڤ خۆشەویستی و دامەزراندنی بارودۆخێکی باش بۆ ژیانی مرۆڤ بەڕێوەدەچن.

سەرەڕای ئەوەش نارەزایەتی، نیگەرانی و تووڕەییەکی نێونەتەویی گەلێك زۆر لەهەنبەر چەکی خودکار واتە ڕۆبۆت – سەرباز لە جیهاندا وەڕێکەوتووە. ڕێکخراوە نێو نەتەوییەکان زیاتر لە حەوت ساڵە باسی قەدەغەکردنی ئەو چەکانەیان هێناوەتە گۆڕێ. سەرۆکی نەتەوەیەکگرتووەکان "UN" ئانتۆنیۆ گوتێرێس "António Guterres" سیستمی سۆپایی ژیری دەستکردی لە ڕوانگەی سیاسییەوە دژ بە ئەخلاقی ئینسانی ناساندووە.[٢١] بە گشتی زیاتر لە سەد ڕێکخراوەی غەیری دەوڵەتی لە زیاتر لە پەنجا وڵاتی ئەم جیهانەوە پشتیوانی لە کۆمپانیای وەستانی پرۆژەی "ڕۆبۆتی پیاوکوژ" دەکەن. ڕێکخراوەی ژیانی داهاتوو "Future of Life" لە بۆستۆن ئیمزای دووهەزار و چوارسەد زانا و کارمەندی پیشەی زانیاریی تێکنیکیان کۆ کردۆتەوە کە دژ بە کارکردن لە بواری بەرهەمهێنانی "ڕۆبۆتی پیاوکوژ" وەستاون.[٢٢] لەژێر ئەو ناوانەدا ناوداری وەك ستیون هاوکینگ "Stephen Hawking"، ئیلون ماسك "Elon Musk"، ستیڤ ڤۆزنیاك "Steve Wozniak" و دامەزرێنەری ڕێکخراوەی گووگل دیپمایند "DeepMind"، مستەفا سولەیمان "Mustafa Suleyman" ی تێدایە. هەروەها بیست و یەك کەسی وەرگری خەڵاتی نۆبیل داواکاری ڕاگرتنی "ڕۆبۆتی پیاوکوژ" دەکەن.

سەرەڕای ئەوانەش ئیمزای ئەو ناودارانە گۆڕان بەسەر ڕاستەقینەی بەشداری ڕێکخراوەی گووگل لە پرۆژەی پنتاگۆن بە ناوی "Maven" دا ناهێنێ. بەرنامەی کامپیۆتری ژیری دەستکردی ئەو ڕێکخراوەیە دەبێ یارمەتی هەڵسەنگاندنی گورج و ووردی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان بدا و لەو پەیوەندییەدا و لەساڵی ٢٠١٨دا چەندین

[٢١] https://www.dw.com/de/kein-verbot-autonomer-waffen-insicht/ a-٥٠١٠١٣٣٦.

[٢٢] https://futureoflife.org/open-letter-autonomous-weapons/?cnreloaded= ١.

کارمەندی گووگل نامەیەکی نارەزایەتی دژ بە هالیکاری لەگەڵ وەزارەتی بەرگری ئەمریکایان نووسی و هەستی دژایەتی خۆیان دەربڕی، تەنانەت تاقمێکیش ڕێکخراوەکەیان بەجێ هێشت.[٢٣] هەروەها کاتێ ڕێکخراوەی پێشکەوتوویی زانستی کۆریای باشوور (KAIST) لە داژئۆن "Daejeon" ڕایگەیاند دەیانەوێ پرۆژەیەکی بەرهەمهێنانی چەکی ژیری دەستکرد پێك بێنن، لە لایەن کارمەندانییەوە هیرشیان کرایە سەر.[٢٤] لە لایەکیشەوە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئورووپا لە هەنبەر چەکی ژیری دەستکرد کێشەی ئەخلاقی کەمتریان هەیە. تەنیا وڵاتی نەمسا بە ئاشکرایی خۆی لەو تەوەرە دوور خستەوە. ئاڵمان وەدوای ستراتێژی دوو زمانە کەوتووە. دێری جوانی پەیماننامەی ڕێککەوتنی ساڵی ٢٠١٨ی نێوان حیزبەکانی "CDU, CSU و SPD" دەڵێ: "سیستەمی چەکی ئۆتۆماتیکی سەربەخۆ  کە لە توانای مرۆڤ چۆتە دەرێ، ئێمە ڕەدی دەکەینەوە و دەمانەوێ لە سەراسەری ئەم جیهانە قەدەغە بکرێ، چونکە کارێکی هەڵەیە." ئاڵمان وەك ئەندامێکی گرنگی بەرهەمهێنانی فڕۆکەی ایرباس "Airbus" لە ڕێزی یەکەمدا بۆ پەرەپێدانی چەکی ژیری دەستکرد بەتایبەت لەسەر داهاتووی سیستەمی مودێرنی فەرنسا - ئاڵمان (FCAS)، درۆنە، فڕۆکەی شەڕ و زاتالیت بە چەکی سەربەخۆ، چالاکی دەکا. کارخانەی "SAP" یش بە شێوەی جۆراوجۆر پشتیوانی سوپای ئەمریکا بۆ پەرەپیدانی چەکی ژیری دەستکرد دەدا.

ویدەچێ پێشگرتن بە پێشکەوتوویی سەرکەوتووانەی چەکی ژیری دەستکرد کارێکی دژوار بێ. بەردەوام بەهۆی کێبەرکێی چەکوچۆڵ لە نێوان وڵاتاندا و پێشکەوتن لە ڕوانگەی سوپاییەوە تەنیا بۆ پێشگرتن بە خراپترین بارودۆخ واتە شەڕ، پاساو بۆ چالاکییەکانیان دێننەوە. لەڕاستیدا پێشکەوتوویی تێکنیکی بارودۆخێکی لەبار بۆ شەڕی مان و نەمان دروست دەکا. هەر کام لەو وڵاتانە چەکی ژیری دەستکردیان بەدەستەوە بێ ئیتر ناچار نین سەربازی بۆ قوربانی بکەن. هەر حکوومەتێك بتوانێ ئەرکە سوپاییەکانی بە "ڕۆبۆتی پیاوکوژ" بسپێرێ، لە ڕوانگەی ئەخلاقییەوە بە بێ

---

[٢٣] https://www.manager-magazin.de/digitales/it/kuenstlicheintelligenz- elon-musk-zu-ai-verbot-bei-waffen-a-١٢١٩٠١٥-٢.html.
[٢٤] https://www.theguardian.com/technology/٢٠١٨/apr/٠٥/killerrobots- south-korea-university-boycott-artifical-intelligencehanwha.

مەترسی ڕووبەڕووی خەڵکی وڵاتەکەی دەبێتەوە. هەڵسو کەوتی شەڕخوازانە لە ڕوانگەی حاکمانەوە وەك یارییەکی کامپیۆتیری لێدێ.

تا ئێستا نیازێکی ئەوتۆ نەبووە کە تا چ ڕادەیەك "ڕۆبۆتی پیاوکوژ" دەتوانێ وەك کەرەسەیەکی بێگانە و خەونێکی ناخۆشی لێ بێ، بەڵام لە ئەگەری ئەو شەڕەدا ئیتر سەرباز ناکووژرێن و وەك شەڕی ڕاستەقینە نانوێنێ بەڵکوو زیاتر لە یارییەکی کامپیۆتری دەچێ. هەموو ئەو هەڕەشە و مەترسییانەی لە شەڕێکی ڕاستەقینە چاوەڕوانی دەکرێ، نامێنن و بەوهۆیەی ڕاستەوخۆ خەڵکی تێدا لەناو ناچن حاکمان بە بێ بەزەیی شەڕەکە هێندەیتر دەگەشێننەوە. دیارە لە کۆتاییدا لە ڕوانگەی ئابوورییەوە خەرجی ئەو چەشنە شەڕانە دەکەوێتەوە سەر شانی مرۆڤی باج دەر، بەڵام هەر وەك ئێستاش گوێ لە مرۆڤی ئاسایی ناگیرێ، بەرهەمهێنەرانی خەونی چەکی ژیری دەستکرد نە خۆیان بە شەڕەوە خەریك دەکەن و نە بە قوربانییەکانی ئەو شەڕانەوە. ئەو شتەی لە ڕوانگەی هێزدارانی تێکنیکییەوە کەمتر مەترسیدارە، لە ڕوانگەی بەرە لاوازەکانەوە گەلێك نادادپەروەرانەیە. بۆچی ئەو هێزە نەتوانێ بۆ کەڵکوەرگرتنی نابەجێ دەرگا و دەروازەی زیاتر بکاتەوە کاتێ لەمڕۆشدا بە بەهانەی جیاواز هەوڵ بۆ ئەو کارە دەدرێ؟

هەرکەس لەڕێگای داڕشتنی بەرنامەوە ئیزن بە ژیری دەستکرد بدا پلان و ویستە شەڕخوازییەکانیان بۆ بەڕاست وەرگەڕێنێ ڕەنگە لە ڕوانگەی ڕۆحییەوە ئازارێکی کەمتر بکێشێ چونکە خۆی پەنجە بە پەلەپیتکەی تفەنگی شەرەوە نانێ. گەلێك ڕوونە پەنجەنان بە دوگمە یا هاویشتنی ڕاکێت لە لایەن فڕۆکەیەکی تەواو ئۆتوماتیک و بێ فڕۆکەوان گەلێك ساکارترە لە خەنجێر لە زگی کەسێ ڕۆکردن یا کوشتنی کەسێك بە تەور. بەو ڕادەیەی سیستەمەکان لە ڕوانگەی تێکنیکییەوە پەرەسێنراوتر بن نەك هەر بۆ کەڵکلێوەرگرتنیان بەڵکوو گەلێك بێ مەترسی بۆ ئەو کەسە دەبێ کە بەکاری دێنێ. ئەگەر چەکێك تەواو سەربەخۆ بێ ئیتر پرسیاری تاوانکارییش بە شێوەی ڕادەیی سەیر دەکرێ. چ کەسێك لە ڕوانگەی ئەخلاقی و دادپەروەرییەوە بە بەرپرسی تاوانێك دادەنرێ کاتێ "ڕۆبۆتی پیاوکوژ" کەسێکی بێ تاوان بکووژێ؟ ئەو کارخانەیەی دروستی کردووە، فەرماندەی عەمەلیاتەکە یا سەرۆکی وڵاتەکە؟ هەرکەس لە بەشێکی

بچووکی ئەو پرۆژەیەدا بەشدار بێ "ڕۆبۆتی پیاوکوژ"بە هەڵەکار دادەنێ و زۆر بە ساکاری دەتوانێ بەرپرسایەتی بۆ کاری نالەبار لەسەر خۆی لا بەرێ.

## ژیان لە جیهانێکی مەجازی(ناڕاستەقینە)دا

ژیان لە جیهانێکی مەجازیدا تەنانەت بۆ بەرنامە داڕێژی کامپیۆتێریش وێناچێ ئیدەیەکی گونجاو بێ. لە لێدوانێکی زانستی کە مانگی فوریەی ٢٠١٨ بە بەشداری زیاتر لە هەزار کەسی بواری بەرنامە داڕێژەرانی کامپیۆتر لە شاری مونیخی ئاڵمان بەرێوەچوو، پرسیار کرا، "کێ دەتوانێ خۆی لە چوارچێوەی ماتریکسێکدا وێنا بکا؟": "ماتریکس" (Matrix)[٢٥] رابرت نۆزیك "Robert Nozick" فەیلەسۆفی ئەمریکایی خوڵقاندوویە و هەرکەس بچێتە ناو ئەوەوە هەر زانیارییەك پێیخۆشبێ لە ماوەیەکی کەمدا فێری دەبێ.[٢٦] بەختەوەری ڕۆژانە، بێ مەترسی، بە بێ چالاکی و بێ ئێش و ئازار لە لایەن ئەو جیهانە مەجازییەوە پێشکەش بە مرۆڤ دەکرێ. تەنانەت ١٠ لە سەدی پسپۆرانی زانستی کامپیۆتری و بەرنامەڕێژی ژیری دەستکردی بەشدار لەو کۆبوونەوەیە ئیدەی ژیانی ناو ماتریکسیان لەجیاتی ژیان لە جیهانی ڕاستەقینەی خۆیان پێ باش نەبوو.

ئەزموون، پێویستی و نیازی بە ڕوونکردنەوە هەیە. بێ متمانەیی لەجێگای متمانەکردن، شانس و مەترسی ژیان لەجیاتی بەختەوەری هەمیشەیی – ئەوە تەواو ئەو هەڵس و کەوتانەن کە لەمرۆدا لایەنگرانی دیجیتالی بە مشتەرییەکانی خۆیانی بەڵێن دەدەن. هەروەها بە شێوەیەکی بەرچاو دەیسەلمێنێ ئەو شتەی وێدەچێ بۆ مرۆڤ گرنگتر لە بەختەوەرییە، لە لایەن قازانجخوازانەوە ئیدەعای بۆ دەکرێ. دیارە ڕوونە

---

[٢٥] ماتریکس جیهانێکی ناڕاستەقینەی کامپیۆترییە کە لە لایەن پێکهێنەرانی فیلمی خەیاڵی هولیوودەوە زانیاریی و ئەزموون لەسەر هەر تەورێك لە کاتێکی کەمدا دەخرێتە مێشکی مرۆڤەوە.

[٢٦] Robert Nozick: Anarchie, Staat, Utopia, Olzog ٢٠١١.

زۆربەی مرۆڤ گرنگی بە سەربەخۆیی و بڕیاردانی کەسی خۆیان دەدەن. هەر کەس نەتوانێ بڕیار لەسەر ژیانی ئازادانە و سەربەخۆی خۆی بدا، گەلێك ڕوونە زۆر بە خێرایی هەست بە بێ مانایی لەژیاندا دەکا. هەرکەسیش بزانێ بەردەوام سەرکەوتوو دەبێ و لە هەر چەشن خراپە و زیان پارێزراوە، زۆر زوو هەستی ماندووکەرەوەی تێدا پەروەردە دەبێ. لودویگ ویتگنشتاین "Ludwig Wittgenstein" فیلەسۆفی ناوداری سەدەی بیستەمی نەمساو دەڵێ: "ئێمە نازانین بۆچی لەسەر ئەم پلانێتەین، بەڵام بە دڵنیاییەوە بۆ بەختەوەربوون نەهاتووینە ئێرە." مێشکی مرۆڤ نە بەهۆی گوشاری هەڵبژاردەی سروشتی، نە بۆ ڕاستەقینەیەکی تەواو و کامیل و نە بۆ بەختەوەرییەکی تەواو، بیچم و شێوازی بەخۆیەوە گرتووە. خاڵی بڕیاردەر بە ئاشکرایی پێکهێنان و فۆرمدان بە ڕۆڵی "من"ی هەموو مرۆڤێکە. گەلێك ڕوونە، بۆ ئیمە ئەو شتانەی ئەزموونی دەکەین، بە بەر هەمی خۆمانی دادەنێین و لامان جێی باوەڕن، هەروەها ئەو شتانەی دەیانبینین، گوێمان لێیان دەبێ، بۆنیان دەکەین، هەستیان پێ دەکەین و چێژیان لێ وەردەگرین، خەون و خەیاڵ نین، ڕاستەقینەی ژیانن و گەلێك لامان گرنگن.

نیازی قووڵی زۆربەی مرۆڤ بۆ گەیشتن بە ئازادی تەواو و کامیل– لانیکەم ئەگەر لە ڕوانگەی بەرژەوەندیخوازان یاخود قازانجخوازانەوە سەیر بکرێ، لەڕاستیدا گەلێك نالۆجیکی و ناڕاستەقینەیە. بۆچی مرۆڤی تایبەت لەناو حکوومەتە دژ بە دێموکراسی و نادادپەروەرەکان هەن کە سەرەڕای هەبوونی ژیانێکی پڕ لە ئاسایش و ئارام دەستەو یەخەی حکوومەتە نادێموکراتەکان دەبنەوە؟ بۆچی کاتێ زۆرینەی خەڵک لەژێر کردەوەی تێرۆریستیدا ئازار دەکێشن، مەترسی تێرۆرکردنی مرۆڤی دیکتاتۆر نایانسڵەمێنێتەوە. هیچ بیرمەندێك بەقەرا جان ستوارت میل "John Stuart Mill"[٢٧] بیری لە کردنەوەی ئەو گرێ پووچکەیە نەکردۆتەوە. لە باوکیەوە کە دۆستێکی نیزیکی جێرمی بنتهام "Jeremy Bentham"[٢٨] بوو و هەر لە منداڵییەوە ئاوێتەی قازانجخوازی ببوو، ڕاهینرابوو، و بۆ هەمیشە بەو قوتابخانە باوەڕدارییە وەفادار مایەوە. لە لایەکیتریشەوە تامەزرۆیی بۆ ئازادبوونی مرۆڤ هەبوو. بنتهام لێرەدا وەك خۆفریودانێك، لە لایەکەوە

---

[٢٧] جان ستوارت میل(١٨٠٦ - ١٨٧٣)، سیاسەتوان، لایەنگری ژینگە و فەیلەسۆف و بیرمەندێکی ئینگلیزی.
[٢٨] جێرمی بینتهام(١٧٤٨ - ١٨٣٢)، دادوەرێکی ئینگلیزی بووە.

نووسینی: نادر فەتحی بۆکانی (وشوانە)

خۆی بە ئازادیی بورژوازییەوە هەڵواسیبوو، هاوکاتیش هاوکاریی دەوڵەتی دەکرد بۆ بەهێز کردن و کونترۆڵی دەسەڵات بەسەر خەڵکدا.

"جان ستوارت میل"ی چارەڕەش بە بێ سەرکەوتوویی هەموو ژیانی خۆی بۆ ئەوە بەخت کرد نیازی ئازادی مرۆڤ و قازانجخوازی ئاوێتەی یەکتر بکا. پرەنسیپی قازانجخوازی کە بەردەوام پەیوەندیی بە بەختەوەری تاقمێکی زۆری مرۆڤەوە هەیە، لەگەڵ پرەنسیپێ ئازادیخوازی هیچ هاوئاهەنگییەکی نییە. ئازادیی تەواو و کامیل هەر وەك ئیمانوئیل کانت دەڵێ، بەو مانایەیە: بە هەر نرخێك کە تەواو بێ، مرۆڤ دەبێ ماڤی یەکپارچەبوون لە ژیانیدا و سەربەخۆیی هەبێ، مەگەر ئەوەی کەسێك یاسا پێشل بکا. قازانجخوازی لەڕاستیدا بە مانای ئامانجێکی پێویست و چاوچنۆکانە بۆ مرۆڤی تایبەتە. مرۆڤ ناتوانی لیبرالێکی سەرسەخت و هاوکاتیش قازانجخوازێکی بەردەوام بێ. مرۆڤ دەبێ یا خۆی لەسەر ئازادیی کەسیی چڕکاتەوە یا باوەڕی بە ئاسایشی گشتی بۆ مرۆڤ هەبێ – ئارەزوو و ویستی هەردووکیان هاوکات، کارێکی نەگونجاوە.

تێگەییشتوویی لە کارێك بە دوو ئامانجەوە بەسترابیتەوە، کارێکی گەلێك دژوارە. چونکە زۆربەی مرۆڤی لیبرال، کێشەکان نە بە داڕشتنتی بەرنامەی قازانجخوازی و نە بە هێزگرتنی بەردەوام و گەورەبوونەوەی کونترۆڵی خەڵکی نابەستنەوە. بەڵام کاتێ توانایی دادپەروەری و بڕیاردان بە خۆمان بسپێردرێ، ئازادی بەتایبەت لەم سەدەمە دیجیتالییەدا گەلێك مەترسی بۆ دروست دەکرێ. بەو ڕادەیەی ژیری دەستکرد بڕیاری زیاتر لەسەر بایەخەئینسانییەکان بدا کە دیارە لە لایەن بەرنامەڕێژانەوە بۆی دیاری کراوە، بەو ڕادەیەش ئازادی کەسیی مرۆڤ کەمتر و بەرتەسکتر دەکاتەوە. ئەوەیکە ئەو کارە هێرشێکی ڕاستەوخۆ دژ بە ئازادی مرۆڤە، زۆرجار بە ڕوونی هەستی پێ ناکرێ. گۆڕان گەلێك بە خێرایی بەڕێوەدەچێ، بەڵام بەهۆی ملیۆنان هەنگاوی بچووکەوە. دەروونناسانی کۆمەڵایەتی باس لە گۆڕانێك دەکەن پلە بە پلە و بە سەبرایی بەڵام گەلێك جیددیتر لەوەی ئێمە لە بارودۆخی ئاساییدا هەستی پێ دەکەین، بەڕێوەدەچێ. هەڵبژاردن و دانانی ژیری دەستکرد بۆ بڕیاردان لەسەر هەڵس و کەوتی مرۆڤ، زیاتر دەبێتە هۆی شکاندن و تووناکردنی کەسایەتی، مانا و بایەخە ئینسانییەکان. ئەو بایەخە ئینسانییانەی تا ئێستا بڕیاردەری کەسایەتی کۆمەڵگای لیبرال

– دێموکراتیک بوون، وەك ئازادی، سەربەخۆیی، ماڤی مرۆڤ و پارێزگاری لە هەریمی کەسیی، کاتێ لە لایەن بەرنامەداڕێژەرانی ژیری دەستکردەوە بڕیاریان لەسەر بدرێ، بە ئەگەری زۆر هەموویان لاواز و کەمبایەخ دەکرێنەوە.

ئەگەر ئەو کارە ڕاست بێ کە مرۆڤ سەر بۆ بڕیاری هەڵەی ژیری دەستکرد دانەوێنێ، ئەو بڕیارانە دەتوانن لە داهاتوودا داوێنی خودی مرۆڤ بگرنەوە: ماڤی بڕیار دان بە کەرەسە و ژیری دەستکرد لەجیاتی بڕیاردانی خودی کەسەکان لە داهاتوودا بڕیاری گرنگ لەسەر مرۆڤایەتی دەدات؛ بەڵگەیەکی ساکار بۆ ئەو بۆچوونە ئەوەیە کاتێ مرۆڤ نەتوانن خۆیان بڕیارەکانی ژیانیان دەربڕن و توانایی دادپەروەرییان بۆ هەڵسەنگاندنی عاقڵانە و لۆژیکی لەدەست بێتە دەر، دەبێ چاوەڕوانی ئاکامی خراپ و هەڵەی گەلێك زۆری دادپەروەری بن. سەرەڕای ئەوەش ئەو ئیدەیە کە ژیری دەستکرد دەتوانێ ئاکامی کردەوەکان پێشتر هەڵسەنگێنێ، خەون و خەیاڵێك زیاتر نییە. گێڕاوەیەکی ناودار لەسەر ژیری دەستکرد دەڵێ لێهاتوویی، توانایی و هێزی پێشبینیکردن بەو شێوەیەی بۆ وێنە لە یاری شەترەنجدا بەڕێوەدەچێ، دەتوانێ لە هەنبەر هەموو هەڵس و کەوتە ئینسانییەکانیش بەڕێوە بچێ. پێش ئەو چیرۆکە هیچ کەس نەهاتۆتە سەر ئەو ئیدەیە ڕووداوەکانی ژیانی پێشبینی بکا. بۆ وێنە لە ژیانی ڕاستەقینەدا کاتێ تاوانبارێك تاوانی کردەوەکەی لە بەندیخانەدا داوە و هاتۆتە دەرێ، کێ دەتوانی پێشبینی بکا ئایا هەمیسان تاوان نەکاتەوە؟ یا کەسێك کە بەدوای کاردا دەگەڕێ، کێ دەتوانێ پێشبینی بکا کار بدۆزێتەوە؟ ئەو کارەی لە ژیانی ڕاستەقینەی ئێمەدا نەگونجاوە، بۆ بەرنامەڕێژی ژیری دەستکردیش هەر نەگونجاو دەمێنێتەوە.

کۆمەڵگای لیبرالی لەو دیکتاتۆرە ئینسانیانەی دژ بە ئازادی مرۆڤ دەوەستن، ترسیان هەیە، بەڵام تا ئێستا لە هەنبەر دیکتاتۆری دیجیتالی هیچ ترسێکیان لەخۆیان نیشان نەداوە، بۆچی؟ ئایا هۆکارەکەی ئەوەیە دیکتاتۆری دیجیتالی بە دوژمن داناندرێن، چونکە ئێمە ناتوانین هێزەکەیان وێنا بکەین؟ یا ترسمان لەوەیە لە کێبەرکێی مودێلی پیشەیی داهاتوو، ئەگەر لەڕادەبەدەر بیر لە چەمکی ئازادی بکەینەوە، وەدوا کەوین؟ یا لەوە دەترسین نەتوانین ڕێگاچارەیەکی باش بۆ کێشە کۆمەڵایەتییەکانمان بدۆزینەوە، جا خۆڕاگری و بەربەرەکانی لە هەنبەر کارەساتی تیرۆریستی بێ یا هەڵس و کەوت دژ بە تاوانباران؟ خاڵی بڕیاردەر لێرەدایە کە زۆر کەم دەتوانین کارتێکەریی

کۆمەڵایەتی ژیری دەستکرد بە شێوەیەکی متمانەپێکراو تاقی کەینەوە. ئەو کارە هەم بۆ ئوتۆمۆبیلی تەواو ئوتوماتیك، بۆ پێشبینی ئاماریی لەسەر هەڵس و کەوتی مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانە و شوێنی کار و هەم بۆ ڕۆبۆتی پیاوکوژ وەك یەك وایە. تەنانەت پێشکەوتنخوازی گەلێك ساکاری وەك چەتکردن "نووسینی دیجیتالی" نێوان دوو مرۆڤ کە لە ڕێگای کامپیۆتر، تەلەفۆنی مۆبایل یا کەرەسەکانیترەوە پەیوەندیان دەدا یا گەڕان بەدوای وەڵامی پرسیارێك لەناو گووگلدا دەتوانێ لە کونترۆڵ دەرچێ. پلاتفۆرمی وەك گووگل بەرنامەیەکی تایبەتین و مرۆڤ دەتوانێ پرسیار بکا و لە لایەن لۆگاریتمی گەڕان بەدوای پرسیارێکی گۆنجاودا کە پێشتر چەندین ئاڵترناتیڤی تێدا پاشەکەوت کراوە، وەڵام وەرگرێتەوە. بەهۆی پلاتفۆرمێکی گلۆبالی کە کونترۆلی گەلێك دژوارە، دەکرێ باسی نامرۆڤانە، نەتەوە پەرەستانە و زانیاری گەلێك نادروست بڵاو بکرێتەوە و بۆ مەبەستی خراپ کەڵکی لێ وەرگیرێ. کامپیۆتر دەتوانن زۆر گورج حیساب بکەن، پاشەکەوت بکەن و زانیارییەکی گونجاو بە مرۆڤ بدەن، بەڵام ئەوان لە کۆنتێکستی کۆمەڵایەتی ئاڵۆز تێناگەن. هەست بە بەستێنی ئاڵۆزی کۆمەڵایەتی ناکەن و لە هەستیاریی کۆمەڵایەتیی بێ بەشن. لە نێوان مرۆڤدا ماف بەو کەسە نادرێ هێزێکی باشتری پێشبینی و لێهاتوویەکی باشتری هەبێ. لەجیاتیان، باس لەسەر تامەزرۆیی و بایەخە مرۆڤییەکان، بارودۆخ، دڵ ڕاکێشی و ڕازی بوون دەبێ. ئەو تایبەتمەندییانە بە پاشەکەوت کردنی زیاتری داتای کامپیۆتری یا بردنە سەری هێزی تێکنیکی کامپیۆتێرەکە بەرهەم نایەن. هاوکات لەگەڵ ئەو خەیاڵە کە "بەو ڕادەیە زانیاریی زیاتر پاشەکەوتی کامپیۆتر بکرێ بە هەمان ڕادەش لە هەڵس و کەوتی ئینسانی مرۆڤ نیزیك دەکاتەوە"، شتێك زیاتر لە کردنەوەی دووکان و بازاڕێکی نوێ نییە کە تەنیا لە بەهرە گەیاندن بە بەشێکی بچووکی حەشیمەتی سەر ئەم هەردەدایە و زیانێکی گەلێك زۆر لە کۆمەڵگاکان دەدا. لەمڕۆدا ئەو چەشنە زانیاریی کۆکەدنەوەیە و دووکان کردنەوانە وەك ئایینێکی نوێی لێ هاتووە، بەڵکوو لە سنووری مافی هەریمە کەسییەکانیش تێپەڕ بووە. زۆر ڕوونە هەرکەس لە ژیانیدا چ سەرکەوتوو بێ و چ نا، ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ لەسەر مێدیاکان شوێن بە شێوەی دیجیتالی لەخۆی بەجێ دێڵێ و بە زۆربەی مرۆڤ ئیزن دەدا بەشداریی لە ژیان و هەریمی کەسی خۆیان بکەن. جا لە ئینتێرنێت، تەلەفۆن، کامێرای سەر شەقامەکان و ناو دووکانەکان کە زۆر بە گورجی ژمارەیان زیاتر دەبێتەوە – زانیارییە کەسییەکان لە هەموو شوێنێ

کۆدەکرێنەوە و پاشەکەوت دەکرێن. بەشێکی هەرەزۆری ئەو زانیارییانە لە خزمەت کڕین و فرۆشتنی کاڵا، پێکهێنانی بارودۆخێکی ئەمن بۆ داڕشتنی پلانی سەرمایەداران و بەرزکردنەوەی قازانجی ئابووری خۆیاندایە. سیستەمی یاسایی جیهانی زۆر کەم دەتوانن پێش بە کۆکراوەی داتای بازرگانی بگرن و یاسایەکی گشتییان لەهەنبەردا بدۆزنەوە. هەر وەك پێشتریش باسمان لێوەکرد، ئەو چەشنە کڕین و فرۆشتنە دیجیتالییە کە لە لایەن سەرمایەدارانی گەورەی وەك ئامازۆن، عەلی بابا و ... بۆتە هۆی تووناکردنی دووکان و بازاڕی مرۆڤی ئاسایی و چونکە ناتوانن لە ڕوانگەی داراییەوە بەربەرەکانیی ئەو ڕێکخراوە جیهانییانە بکەن، زۆربەیان ناچار بە داخستنی دووکانەکنیان کراون و نابووت بوون. لەو ڕوانگەیەوە نە ئەو کەسانەی زانیارییە کەسییەکانیان بۆ هەموو کەس ئاواڵە هێشتۆتەوە و نە ئەو کەسانەی دەستیان بەسەر زانیارییە کەسییەکانی خۆیاندا گرتووە، هیچیان ناتوانن گۆڕان بەسەر ئەو ڕاستییەدا بێنن کە مافی سەربەخۆیی کەسەکان لە جیهانی دیجیتالی سەرمایەدارایدا نەگونجاوە. لەمڕۆدا پیشەی تەبلیغاتی بە بێ ئامانجی دەستبەسەرداگرتنی هەریمی کەسەکان کارێکی نەگونجاوە. هەروەها تێکنۆلۆژیای چاوەدێریکرنی مرۆڤ لە جیهانی ئابووریدا بە گورجی پەرە دەستێنێ. ئەو کارانەی ئێستا لە ئەمریکا و لە خزمەت بە سەرمایەداراندا بەڕێوە دەچێ بە ئەگەری زۆر ماوەیەك دواتر لە ئوروپا و وڵاتانیتری ئەم جیهانە لاسایی دەکرێنەوە. بۆ وێنە زنجیرەی دەرمانفرۆشانی "Walgreen" لە ئەمریکا کامێرا و سنسۆریان دامەزراندووە کە لەڕووی شێوەی جووڵانەوەی ڕوخساری مرۆڤەوە و دوای ئانالیزەکردنی، دەتوانن تەمەن، جنسییەت و تایبەتمەندییەکانیتری مرۆڤ دیاری بکەن. دیارە ئەو شتانەی دەشیکڕن سکەن دەکرێن و دەزانن چ شتێك زیاتر کڕیاری هەیە کە لە داهاتوودا بەرهەمیان بێنن.[٢٩] تەنانەت بەرنامەیەکی کامپیۆتریان دۆزیوەتەوە کە دەتوانێ بزانێ کام مشتری سەیری کام کاڵا دەکا و بە ئانالیزەکردنی ئەو زانیارییانە خاونی سۆپێرمارکتەکە دەتوانێ بزانێ مشترییەکان تامەزرۆییان بۆ کام کاڵا زۆرترە. لەو ڕێگایەوە بۆ وێنە سۆپێرمارکتی "Real" لە ئاڵمان بە کەڵکوەرگرتن لە سیستەمێکی هاوچەشن خەریکی تاقیکردنەوەی

---

[٢٩] https://www.theatlantic.com/technology/archive/٢٠١٩/٠١/walgreens-tests-new-smart-coolers/٥٨١٢٤٨/.

مشتەرییەکانیەتی.[٣٠] تەنانەت ئیدارەی پۆستی ئاڵمانیش لەو سیستەمە کەڵك وەردەگرێ.[٣١] لەمڕۆدا کەرەسەی ئەلکترۆنیکی بە نرخێکی هەرزان دەدرێ بەو مشتەرییانەی وا زانیارییە کەسییەکانی خۆیان لە خزمەت سەرمایەداران دابنێن کە دەکرێ وەك "قەرزی هەریمی کەسی" سەیر بکرێ.[٣٢] ئەو کارەی کەرەسەی "ئالێکسا"ی ئامازۆن بەڕێوەی دەبا واتە گفت و گۆی ناو ماڵەکان لەسەر کامپیوترەکانی ڕێکخراوەی ئامازۆن پاشەکەوت دەکا، ئێستا زۆربەی ڕێکخراوەکانیتریش لاسایی دەکەنەوە. دەبێ بڵێم چەند ساڵ بەر لە ئێستا خۆشم ئەو هەڵەیەم کرد و ئەو کەرەسەیەم زیاتر بۆ پرسیاری زانیارییە گشتییەکان کڕی. دیارە ئێمە لە ماڵی خۆماندا بە کوردی ئاخافتن دەکەین و نازانم تا چ ڕادەیەك ئەو کەرەسەیە دەتوانێ لە زمانی کوردی تێبگا، بەڵام جارێکیان میوانی ئاڵمانیمان هەبوو. لە ناوەڕاست قسەکانمان دا و بە بێ ئەوەی داوای زانیاریمان لە "Alexa" کردبێ، خۆی تێکەڵ باسەکە کرد و پرسیارێکی کرد، کە تەواو لەسەر ئەو تەوەرە بوو کە ئێمە باسمان لەسەر دەکرد. میوانە ئاڵمانییەکەم بە سەرسووڕمانەوە سەیرێکی کردم و هەموومان گەلێکمان پێ سەیر بوو. لە ڕاستیدا بەو شێوازانە بارودۆخێکیان پێکهێناوە کە لەسەر ڕەزامەندیی خۆمان تەنانەت کونترۆڵی ناو ماڵەکانیشمان دەکەن، کارێك کە دیکتاتۆرانی پێشوو بە هەڵس و کەوتی توندو تیژییەوە ئارەزووی ئەو کارەیان دەکرد.

ئابووریناسی ئەمریکایی شوشانا زۆبۆف "Shoshana Zuboff" لە زانستگەی بازرگانی هاواردەوە کتێبێکی ئەستووری حەوتسەد لاپەڕەیی لەسەر چلۆنایەتی شوێندانانی سەرمایەداری بە ناوی "چاوەدێریی سەرمایەداری"نووسیوە و لەوێدا ڕوون دەکرێتەوە چلۆن سەرمایەداران بە شێوازێکی گەرموگوڕ خۆیان تێکەڵ بە ژیانی مرۆڤ دەکەن.[٣٣] ژیری دەستکرد بە شێوەیەکی بەربڵاو یارمەتیدەری سەرمایەدارانن بۆ پێشبینی هەڵس

---

[٣٠] https://www.welt.de/wirtschaft/article١٦٥٠٧٥٢٣٦/Supermarktkette -Real-laesst-Gesichter-von-Kunden-analysieren.html.

[٣١] https://www.sueddeutsche.de/digital/videoueberwachungaktivisten- wollen-real-und-post-wegen-gesichtserkennunganzeigen- ١,٣٥٣٩٣٢٤.

[٣٢] So die Formulierung von Adrian Lobe: https://www.sueddeutsche.de/digital/ueberwachungskapitalismu snsasmarttv١,٤٣١٤٢٩٩. Zu digitaler Datenmacht und allgegenwärtiger Kontrolle siehe auch Lobes Buch: Speichern und Strafen. Die Gesellschaft im Datengefängnis, C. H. Beck ٢٠١٩.

[٣٣] Shoshana Zuboff: Das Zeitalter des Überwachungskapitalismus, Campus ٢٠١٨.

و کەوتی کڕیارەکانیان. لۆژیکی کارەکەیان تەواو وەك مەبەستی ڕێکخراوە ئەمنییەکانە. ئەوەش دەزانن کە پێشکەوتنخوازییەکانی ڕێکخراوە سەرمایەدارییەکان و ڕێکخراوە نیزامییەکان سیستەمێکی وەك یەکیان هەیە. بۆ وێنە سیستەمی ئینترنێت بۆ یەکەم جار بە مەبەستی نیزامی دروست کرا، کە ئێستا هەموو مرۆڤێکی ئاسایی سەر ئەم هەردە کەڵکی لێ وەردەگرێ. دیارە هەرکەس هێزی بەدەستەوە بێ بۆ بەرژەوەندی خۆی کەڵکی لێ وەردەگرێ. لەو ناوەدا ڕێکخراوە گەورەکان گەورەتر دەبنەوە و بە پێی کات ڕێکخراوە بچووکەکان قووت دەدەن و سەرمایەدارییەکی گلۆبالیی جیهانی یەکپارچە پێك دێ کە بە ئیشتیای خۆی و بە بێ لەمپەر دەتوانێ بڕیار لەسەر ژیانی مرۆڤی ئەم جیهانە بدا.

ئەو پارادۆکسە ناتوانێ لەوە گەورەتر بێتەوە. لە کاتێکدا کڕیارانی ئۆتۆمۆبیل داوای شوشەی ڕەنگی و شاردنەوەی ناوەوەی ئۆتۆمۆبیلەکەیان دەکەن و ناوی "هەریمی کەسیی" لەسەر دادەنێن، هاوکاتیش کامێرا و چرای تیشکی ئیکس لە پێش و دواوەی ئۆتۆمۆبیلەکانیان دادەمەزرێنن کە گەلێك ساکار دەکرێ هەریمی کەسییان پێ کونتڕۆڵ بکرێ. دیارە زانیارییە کەسییەکانیان لە لایەن شەریکاتی بیمە، بانکەکان و لە کۆتاییشدا خانووی بەتەمەنەکان کەڵکی لێ وەردەگیرێ و دەتوانن بە ووردی بزانن کێ چی کردوە، چی پێخۆشە و لە چێ بێزارە. ڕۆبۆتی پەرستار ئاگایان لە مرۆڤی لاواز و نەخۆش دەبێ و هاوکاتیش هەموو زانیارییە کەسییەکانیان هەڵدەلووشن و پاشەکەوتی دەکەن. دامەزراندنی هەموو ژیرە دەستکردەکان بێ گومان خاڵی باشی خۆیشیان هەیە، ژیانی مرۆڤ ڕاحەتتر دەکەنەوە. سەرەڕای ئەوەش لە جیاتی دروستکردنی بەندیخانە بۆ ژیان و شوێنی ناخۆشی کاریی، دەرفەتێکی تا ڕادەیەك باش بۆ مرۆڤی ئاسایی پێك دێ و بە چالاکی و ئالیکاریی گشتی هەمووومان: سەرمایەداران و بەڕێوەبەرانی سیستەمەکەی پێ دەوڵەمەندتر دەکەینەوە. مرۆڤی ئاسایی بەڕادەیەك خوو بەو ژیانە ئاسودە ڕێژەییە دەگرن کە ئیتر بایەخ بە مافی سەربەخۆیی و کەسیی خۆیان نادەن. سەربەخۆیی بۆچی، کاتێ لە ئاسوودەییدا ژیان دەکەن؟ ئەو کارەی وەك هەنگاوێکی بەرز زۆربەی مرۆڤ ڕازی نابن ئازادیی خۆیان بۆ بەختەوەریی قوربانی بکەن، لە هەزاران هەنگاوی بچووکدا بەڕێوەی دەبەن. هەروەها ئەو بایەخانەی وا تێکنۆلۆژیا لە ئێمەی مرۆڤی دەستێنێت بۆ هەمیشە لە کیسمان دەچن و چیتر نایانبینینەوە.

بارودۆخەکە گەلێك بێگانە و هاوکاتیش مەترسیدارە. لەمڕۆدا زۆربەی مرۆڤی لیبرال و خۆپارێز بە هەر چەشن پێشنیارێکەوە بۆنی "نەبوونی ئازادی" و ""توتالیتاریسم"یان لێ دێ و ئەو کونترۆڵە مەزنە لەژێر ناوی ئەمنییەت بە خەڵکی دەفرۆشن و زۆربەشمان بە بێ بیرلێکردنەوە بە کارێکی ئاسایی دادەنێین و سەریان بۆ دادەنەوێنین. ئەوەیکە ئایا باس لەسەر دۆزراوەیەکی ژیری دەستکردی زانستگەی "Stanford" بێ کە لەڕێگای ئۆنلاینەوە دەتوانێ هەڵس و کەوتی خەمووکی نەخۆشەکان بناسێ و لەڕێگای تەلەفۆنی مۆبایلەوەرکونترۆڵیان بکا؛ یا ئەو نەخۆشانەی لەژێر بارودۆخی ناخۆشی جەستەییدا ئازار دەکێشن؛ یا دیاریکردنی قوتابی کە ئایا سەرکەوتوو یا سەرنەکەوتووە، دەکرێ بەڵگەیەکی گونجاو بۆ کەڵکوەرگرتن لە ژیری دەستکرد بۆ مرۆڤ بسەلمێنن و مەترسییەکانی داهاتووی دیاری بکەن؟ ڕەنگە ئەو کارە دروست نەبێ کە نەخۆشی خەمووکیی من، لە لایەن مرۆڤی دەوروبەرم، بەهۆی تەلەفۆنە مۆبایلەکەمەوە بناسرێ. ڕەنگە باشتر وابێ پزشکەکان لە کەرەسەی پێشکەوتوو بۆ یارمەتیدان بە نەخۆشان کەڵك وەرگرن و قوتابیان نابێ وەك ئەسپی کێبەرکێیان لێ بێ و بە پێشگۆیی ژیری دەستکرد لەسەر چلۆنایەتی داهاتوویان بڕیاری نەگونجاویان لەسەر بدرێ. ئەگەر شێوازێکی ئەوتۆ بەسەر ژیانی مرۆڤدا زاڵ بێ، تەنانەت ناتوانین بیر لەو ڕاسییە بکەینەوە ژیری دەستکرد بەهۆی ئاماری کۆکراوە بڕیار لەسەر هەڵس و کەوتی نێوان قوتابی و مامۆستا، پزشك و نەخۆش سەرمایەدار و کرێکار ... و بە گشتی هەموو ژیانی ئێمە بدا.

ئەگەر کەرەسەی دەستکردی مرۆڤ ئەو ئەرکانە لە ئەستۆ بگرێ کە پێشتر هاودڵی و هاودەردی و دادپەروەریی ئینسانی بە گرنگ دادەنا، خاڵە ئەرێنییەکانیان زۆر بە گورجێ دەکرێن بە خاڵی نەرێنی و کەموکورتی و ئیرادیان تێدا پێك دێ. ئالگاریتم و کەرەسەی دەستکرد نۆرم و یاسای ئاماریی پێك دێنن کە زۆر ساکار دەکرێ بڕیاری هەڵە لەسەر کارێکی گرنگ بدرێ و ژیانی کەسێکی پێ تیوونا بکرێ. لەسەر ئەو شێوازە پرۆسەی هەڵاواردن نەك هەر لەناو ناچێ بەڵکوو گورجتریش دەبێتەوە. ئەو هەڵاواردنە دەکرێ لە لایەن بەرنامەداڕێژانی ژیری دەستکردەوە دڵخوازانە و بە ویستەوە یا لەڕووی نەزانیی و هەڵەوە پێك بێ. هەڵاواردن دەکرێ بەهۆی کەمبوونی زانیاریی ژیری دەستکرد بەڕێوەبچێ بە شێوەیەك کە مرۆڤی تایبەتیی لە سنوورێکی دیاریکراودا ڕاگرێ. زۆر جاریش تاقمێك لە زانیارییەکان بۆ گرووپێکی تایبەت لە

بەرنامەکەدا نەگونجێندراون. لەوەش خراپتر هەڵس و کەوتی مرۆڤ بە شێوەیەك بە ستاندارد دەکرێ کە تاقمێك مرۆڤ بە بێ لەبەرچاوگرتنی کۆنتێکستی هەڵس و کەوتەکانیان یاخود سەرنجدان بە بەستێنی کردەوەکانیان بڕیاریان لەسەر دەدرێ. لە کۆتاییدا بەستراوە بەوەوە چ کەسێ و لە چ ڕوانگەیەکەوە زانیاری بە ژیری دەستکرد دەدا، دەتوانێ زۆر بە خێرایی و بە بێ هەستپێکردنی مرۆڤ هەڵس و کەوتی نەتەوەپەرەستانەی تێدا بگونجێنێ.

لە نێوان هەموو ئەو سنوورانەی بۆ ئازادی و سەربەخۆیی مرۆڤ لە لایەن ژیری دەستکردەوە هەڕەشەی لێ دەکرێ، هەڵاواردن باسێکی گەلێك سەرنجڕاکێش و گرنگە. ئەزموونە ئامارییەکان نیشاندەری ڕاستەقینەی گرنگایەتیی جیهانی مرۆڤ نین. هەروەها بڕیارەکانی ژیری دەستکرد نە سەداسەد زەینین و نە حەتمەن لەگەڵ نیازەکانی مرۆڤدا ڕێک دێنەوە. کەسەکان نەك هەر ئەندامی گرووپێکی تایبەتن، بەڵکوو ئەو شتەی بۆ گرووپەکە ڕاست بێ بۆ ئەوانیش هەر ڕاستە. ئازادی کەسەکان لەسەر ئەو ڕەوتەیە کە بتوانن جیاواز لەگەڵ ئەو نۆرم و یاسایانەی بۆیان دیاری کراوە بڕیار لەسەر هەڵس و کەوتی خۆیان بدەن. هەڵاواردنی مرۆڤ بەهۆی پێشگرتن و وەستان لەهەنبەر نۆرمەکان تەنیا کێشەی گەورەی بەرنامەداڕێژانی ژیری دەستکرد نییە. ئەوە کێشەیەکە کە جیا لە کامپیۆتر لەو شوێنانە پێکدێ کە مرۆڤ بۆ تامەزرۆیی بەدوای سەرکەوتوویی لە منداڵییەوە تا پێکهێنانی ژیانی ئاڵۆزی بنەماڵە پێی دەپێورێ. هەموو ئەو قۆناخانەی ژیانی بە ویست و ئیرادەی خۆی بەڕێوەدەچێ. تەنانەت بورۆکراسی کلاسیکیش شوێنێکی مامناوەندیی ژیری دەستکردە کە لەوێدا ستاندارد، سیمبۆل، تۆڕی پەیوەندایەتی و ڕێگاچارە دیاریکراوەکان لەسەر کێشەی هەڵس و کەوتی مرۆڤ زۆرجار بە بێ کەڵکوەرگرتن لە ژیریی مرۆڤ بڕیاریان لەسەر دەدرێ. گرنگترین و مەزنترین نۆرمی بەرابەربوون لە بەرانبەر یاسادا بەهۆی هەڵس و کەوتی سروشتی مرۆڤ دەتوانێ کێشەی هەڵس و کەوتی ئینسانی کەم کاتەوە و لەمپەری بۆ دروست بکا. ئەگەر لەو ڕوانگەیەوە سەیری بکەین، ژیری دەستکرد بۆ بەڕێوەبردنی ئەو زانیارییانەی بۆیان دیاری کردووە، شتێکی نوێ نییە. زوو یا درەنگ دەبێتە هۆکار بۆ ڕادیکاڵکردنەوەی بۆرۆکراسی و هاوکاتیش شوێن لەسەر هەڵس و کەوت و پیشەی مرۆڤ دادەنێ.

سەرەڕای ئەوەش مەزنترین کێشەی بەرنامەداڕێژی ژیری دەستکرد ئەوەدەبێ، خەڵک نەتوانن ئیتر ڕەخنە لە هەنبەر ئەو چەشنە ستاندارد و یاسای بێ ئەملا و ئەولای ژیری دەستکردە بەڕێوەبەرن، چونکە سیستەمی ژیری دەستکرد هۆکارێکی عەقڵانییان بۆ دادپەروەری لەسەر مرۆڤ بەدەستەوە نییە و تەنیا وەدوای هەنگاوەکانی ئەو بەرنامەیە کەوتوون کە بەرنامەداڕێژان بۆیان دیاری کردوون. ئەو مودێلە هەڵسەنگاندنانە کە گەلێك جێی باسن و لە ڕوانگەی ئەخلاقییەوە دەتوانن کێشەیەکی زۆر بۆ مرۆڤ دروست بکەن، لە هەموو ئەو شوێنانەی کەڵکیان لێ وەردەگیرێ جێی و شوێنی خۆیان لە کۆمەڵگاکاندا قایمتر دەکەن. تەواو بەو هۆیانەوە ئەو بڕیارانەی بەپێی نۆرم و یاسای پێشتر داڕێژراو لەسەر پڕۆسەی ژیانی مرۆڤ یا مەترسییە کۆمەڵایەتییەکان دادوەری دەکەن نابێ لە لایەن کەرەسەی دەستکردی مرۆڤەوە بڕیاریان لەسەر بدرێ. سەرەڕای ئەوەش ئەو کارە پێویستیی گرنگی بە یاسای ڕوون و ئاشکرا هەیە کە بەداخەوە هێشتا بوونیان نییە.

مەترسی هەڵاواردن تەنیا بەشێکی کێشەکەیە، کە دەبێتە هۆکاری سەرەکی بۆ ئازاری زیان لێ کەوتووەکان و بەرزبوونەوەی دەنگی لایەنگرانی هەڵس و کەوتی ئەخلاقی. بەشەکەیتری بە ئەگەری زۆر کەمتر دەبێتە هۆی هاندانی مرۆڤ چونکە ڕاستەوخۆ کەمتر مرۆڤ بەرپرسایەتی لە ئەستۆی خۆیان دەگرن. ئەو کارە دەبێتە هۆکارێکی سەرەکی بۆ نەبوونی دێمۆکراسی لە داهاتوودا و بەستراوەتەوە بەوەی تا چ ڕادەیەك بەرنامەداڕێژی ژیری دەستکرد بۆ هەموو بوارەکانی ژیان یاسای نەگۆڕ دیاری بکا، کە ڕەنگە لە کردەوەدا ڕووخان و تووناکردنی دێمۆکراسی ناو کۆمەڵگا بەرەو لێژی هەڵدێران ببات.

هەوڵدان بۆ لغاوکردنی دێمۆکراسیی زیندووی ئەوڕۆیی لە هەموو شوێنەکانی جیهاندا دەبینرێ – دیارە تەنیا بە بەهانەی خێرخوازی و نیازی باش. بۆ وێنە هەرکەس بیری لێ بکاتەوە لە داهاتوودا یاسا و نۆرمەکان بە شێوازی بەرنامەی کامپیۆتری بۆ ژیری دەستکرد دیاری بکا، هەوڵی زیاتر بۆ بەزەینی کردنیان دەدا. لێرەبەولاوە نەك هەر دادپەروەریی بەڵکوو دادوەر و پارێزەرەکانیش ئیتر بێ مانا دەکرێنەوە. ماف، لێهاتوویی و شارەزایی دادپەروەریی لە بەرنامەی ژیری دەستکرددا ناگونجێن چونکە ژیانی مرۆڤ لەوێدا ناگونجێ. هەر بەو شێوەیەی ڕوونمان کردەوە ژیری دەستکرد

تەنیا دەتوانێ لە کاناڵیکی دیاریکراودا خۆی بجووڵێنێتەوە، بەڵام بە پێچەوانە ڕاستەقینەی کۆمەڵایەتی سنووری بۆی نییە. بڕیاری ئۆتوماتیک و چێکراو گەلێك ڕوون و شەفافن بەڵام ڕاستەقینەی ژیان نین.

بۆ کردنی یاسا بە کۆدی کامپیۆتری لە پێش هەمووشتێکدا دەبێ ڕاستەقینەی کۆمەڵگای لەگەڵدا بگونجێنین. لەڕاستیشدا ئەو مەترسییە بوونی هەیە. هەر وەك چلۆن لایەنگرانی "مرۆڤی سەرووی مرۆڤ" هەوڵ دەدەن بەرە بەرە و زیاتر لە هەموو شتێك هەڵس و کەوتی مرۆڤ و زانیاریی کامپیۆتری لێك نیزیك کەنەوە بۆ ئەوەی خۆیان لەو جیهانەدا بتوێننەوە و ئارەزوو و نیازەکەیان وەدی بێنن کە کامپیۆتر دەتوانێ بڕیارەکانی ژیان لە مرۆڤ باشتر دەرببڕێ. کامپیۆتر گۆڕان بەسەر ڕوانگەی جیهانبینیماندا دێنن و بەهۆی تۆڕی گەلێك وردی کۆمەڵایەتی ئاستەم و تیژی دەکەنەوە. ئەوان دەبنە هۆی ئەوەی زۆر بە وردی و کامیلتر سەیری شتەکانی دوەروبەرمان بکەین. هاوکاتیش زۆرجار قووڵایی مەیدانی کاریی لە دەستمان دەردەچێ، شتی گرنگ لە هی ناگرنگ جێا ناکرێنەوە و پەیوەندایەتییەکانیان بەهۆی لابردن یا لێکدانەوەیان ڕوون دەکرێنەوە. بەردەوام گەورەبوونەوەی زانیاریی زیاتر نابنە هۆی ژیربوونەوەی زیاتری مرۆڤ بەڵکوو زیاتر گۆڕان بەسەر هەستی چڕبوونەوەی مرۆڤدا دێنن. سەرەڕای ئەوەی کە ژیرانە نییە بەڵکوو تەنیا شێوازێکیترە، بەردەوام ژیری دەستکرد ئەرکی زیاتری مرۆڤ وەردەگرێ و مرۆڤ هیواداره بتوانێ خۆی لەگەڵ ئەو بارودۆخە نوێیەدا بگونجێنێ. بەڵام ئەگەر کەرەسەکانی ژیری دەستکرد بە تێپەڕبوونی کات لەناو پانتۆڵەکانماندا، ئەو کورسییەی لەسەری دادەنیشین، ئەو پلیکانانەی بەسەریدا وەسەر دەکەوین و وەك بەرگێك پڕ بە بەرمان بۆمان بدووردرێ، ڕۆژ بە ڕۆژ ژمارەی بڕیارە ئازادەکانمانی پێ کەم دەکرێنەوە. ئینجا لە جیهانێکی پڕ لە پرسیاردا دەژین کە هۆکارەکانی بۆ کەس ڕوون نابێ.

شتێکی ڕوونە هەموو ئەو هەڵس و کەوتە نوێیانە شوێن لەسەر ژیانی کاریی مرۆڤیش دادەنێن. کونترۆڵی بەردەوام، مرۆڤ دەکەنە کۆیلەی پرۆسەکانی ژیانی، هەروەك گونتێر دێك "Gunter Dueck" بەڕێوەبەری پێشووی کارخانەی "IBM" دەڵێ.[٣٤]

---

[٣٤] Sklaven der Prozesse«, Interview mit Gunter Dueck, in: Der Spiegel, ٧/٢٠٢٠.

نووسینی: نادر فەتحی بۆکانی (وشوانە)

بۆ وێنە ئەو مرۆڤانەی پاکێت(پۆست) بۆ مشتەرییەکان دەبەنە بەر دەرکی ماڵەکانیان، هەنگاو بە هەنگاو کونترۆڵ دەکرێن. کارمەندانی هەموو کارخانە و ئیدارەکان ناچار دەکرێن بەردەوام بتوانرێ پەیوەندیان لەگەڵدا بگیرێ، چرکە بە چرکە وەڵامی ئیمەیلەکان بدەنەوە یا لە کۆنفرانسی ویدیۆیی بەشداری بکەن. ئەگەری ئەوەی کە کونترۆڵ جێگای متمانەپێکردن بگرێتەوە، باشتر کردنی ڕەوتی کار دەخاتە ژێر پرسیارەوە. لە هەر حاڵدا چاوەدێریی بەردەوام بۆ پەرەپێدانی نوێخوازی یا خوڵقاندن زۆر بایەخدار و بەکەڵك نییە. شوێندانانی بەردەوامی کاتیی جیهانی کونترۆڵکراوی کاریی – لەدەستدانی ئازادی، پێکهاتنی ناڕەزایەتی و هەڵگرتنی باری زیاتر بۆ مرۆڤ بەدیاری دێنێ.

هەوڵدان بۆ وەستاندنی چالاکیی چاوەڕواننەکراو و ئەسپاردنی کونترۆڵیان بە ژیری دەستکرد ئەو ڕیسکەی کە مرۆڤ دەیەوێ پێشی پێ بگرێ گەلێك گەورەتر دەکاتەوە. ئەو کارە لە لایەکەوە دەبێتە هۆی ئازار و سەرئێشەی کرێکاران کە لێکۆڵینەوەی گەلێك دژوارە و لە لایەکیتریشەوە دەبێتە هۆی لەدەستدانی کونترۆڵی پرۆسەی کاریی. چونکە ئەو کارە بەتەواوەتی دیالێکتیکی ژیری دەستکردە لە کۆمەڵدا. هەرچەندە ماف کونترۆڵی زیاتری پی بدرێ بە هەمان ڕادەش زیاتر لەژێر کونترۆڵ دەردەچێ. بەڵام ئەو هەڵس و کەوتانە ڕەنگە وەدوای ئامانجی خراپیش نەکەوتبێ و تەنیا زێدەڕۆییەك بێ. مەترسیدار تەنیا ئەوە دەبێ کە بەهۆی ئەو ئاڵۆزییەوە ئازادیی مرۆڤ سنووردار بکرێتەوە و نەتوانین لە عەقڵانییەتی ئەو کارە تێبگەین. بەردەوام خەریکی گواستنەوە و دانی زانیاریی بەو کەرەسانەین کە نازانن و ناتوانن تێبگەن چ کارێك بەڕێوەدەبەن. لەو ڕوانگەیەوە ڕوونبوونی ڕووکاری ڕووداوەکانیش کەڵکێکی ئەوتۆیان نابێ. دیارە بێ گومان جیهانی کامپیۆتری ئەو نهێنیانەی شاراوە مابوونەوە، لە چاڵی نەوتی ژێرزەوییەوە بگرە هەتا هەستکردن بە هەڵس و کەوتە ئاستەمەکانی مرۆڤ، گەلێك باشترمان بۆ وێنا دەکەن، بەڵام ئەو کارانە کەڵکیان نابێ کاتێ هاوکات کەمتر متمانە بە هێزی بڕیاردانی خۆمان و زیاتر ئەو متمانەیە بە کەرەسەی ژیری دەستکردی دەسپێرین؟

لەدەستدانی ئەو کونترۆڵە گەلێك بەربڵاوە و ڕەنگە مەزنترین و بەهیزترین کارخانە و ڕێکخراوەکانیش تەنانەت بە تیکنۆلۆژیای پێشکەوتووشەوە بگرێتەوە و بیسەلمێنێ

کە ئیتر کونترۆڵیان لە دەست خۆیاندا نییە. لە جیهانێکدا کە بەردەوام ژیری دەستکرد بریاری زیاتری ژیان بەدەستەوە دەگرێ و کەرەسەی دەستکرد خۆی کەرەسەی نوێیتر ڕادەهێنێ، لە بارودۆخێکی ئاوا ئاڵۆزدا چلۆن دەکرێ کونترۆڵێکی گشتی بەڕێوەبچێ؟ گەورەبوونەوەی بەردەوامی کۆدی کامپیۆتری تەقینەوەیەکی جیهانی پێکدێنێ و لەو جیهانەدا مرۆڤ ئەو کار و هەڵس و کەوتە بەجێ دێنێ کە لە لایەن کامپیۆترەوە بۆی دیاری دەکرێ. بەڵام هەر کارێك کە مرۆڤ بەڕێوەی بەرێ، شوێن لەسەر جیهانی کامپیۆتر دادەنێ و پرۆسەیەکی ئاڵۆزی ئەوتۆ وەڕێدەخا کە نەك هەر مرۆڤ بەڵکوو کامپیۆترە مەزنەکانیش ناتوانن ئیتر بەتەواوی کونترۆڵی بکەن.

ئەو شتانەی ئیمە تا ئەمڕۆ بە ڕاستەقینەی ژیانمان دادەنان ئێستا بە شێوەی بەرزبوونەوە لە ڕێگای کەرەسەی دیجیتالییەوە بریاریان لەسەر دەدرێ. ئەو کارە لە چوارچێوەیەکی بچووکەوە دەستپێدەکا، بۆ وێنە کاتێ سیستەمی ڕێگاپیشاندەری ئۆتۆمۆبیلەکەمان هەواڵی ترافیکی ڕێگامان پێ دەدا، بەڕادەیەك خۆمان ئالوودە و هۆگری ئەو سیستەمە کردووە، زۆربەی ئێمە بۆ دۆزینەوەی ڕێگایەکی نوێ بە بێ ڕێنوێنی و یارمەتی ئەو لە بارودۆخێکدانین متمانە بە خۆیان بکەین و سەربەخۆ ڕێگاکەمان بدۆزینەوە. ئەگەر لێرەدا دوو ڕاستیی لەهەنبەر یەکتردا بەربەرەکانی دەکەن، بەداخەوە ڕاستەقینەی پێشوومان لەمێژە خۆی تەسلیم کردووە. مرۆڤ لێرەدا تەنیا دەبێ بیر لە کەرەسەی بەدواداگەڕانی گووگڵ بکاتەوە. ئەو جیهانە بە شێوەیەکی کلاسیکی وەك نەخشەی جوغرافیایی یا ووشەنامە نییە بەڵکوو جیهانێکمان بۆ دروست دەکا کە بەهۆی لۆژیکی کامپیۆترییەوە ڕێك و پێك کراوە و بە شێوەیەکی تا ڕادەیەك کامیل لە پشت شانۆی تایبەتیی "ڕاستەقینە" بەشێوازێکی نوێ خۆی شاردۆتەوە. موتوڕی گەڕان لە ڕوانگەی ئیمەوە تەنیا وێنە نییە بەڵکوو وەك زانیارییەکی گلۆبالی دەنوێنێ و بەشێوەیەك وەك شوڕشێکی نوێ سەیر دەکرێ. مودێلی زانیاریی کامپیۆتر ئیتر مودێل نین. ئەو شتەی بە مەبەستی یارمەتیدان بە مرۆڤ دەستپێکرد، ئێستا کونترۆڵی خودی مرۆڤ دەکا و لە لایەکەوە زانیاریی دەداتێ و لەولاشەوە بیر و باوەڕی لەژێر کونترۆڵی خۆی داناوە.

بەڵام یارییەکە دوولایانەیە. لە لایەکەوە پێشکەوتنخوازیی بواری ژیری دەستکرد و کامپیۆتر بە شێوەی بەرزبوونەوە پەرە بە گەورەبوونەوەی خۆی دەدا و دەست بەسەر

بیر و بۆچوونی ئیمەدا دگریّ و لە لایەکیتریشەوە ئەو ڕاستییە کە بە کەڵکوەرگرتنی ملیۆنان مرۆڤ لە مێدیا دیجیتالییەکان ڕۆژ بە ڕۆژ ئاڵۆزتر دەبێ و کونتڕۆڵی بۆ مرۆڤ گەلێك نەگونجاو دەکا. چونکە ئەگەر هەر کەس بە هەڵس و کەوتی خۆی یارمەتیی بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، زانیاریی ناو گووگل یا کەرەسە گشتییەکانیتر دەدا، بە پێی کات جیهانێکی ڕاستەقینەی دیجیتالی پێك دێنی کە ئیتر دەربازبوون لەو جیهانە گەلێك بۆی دژوار دەبێ. جیهانی ڕێک و پێك و پیکهاتووی چێکراو نەك هەر بەگورجی ئاڵۆزتر دەبێتەوە، بەڵکوو مرۆڤ کەمتر و کەمتر دەتوانی کونتڕۆڵی بکا.

سیستەمە دیجیتالییەکان کەرەسەیەکی تەواو نوێن و لە بازاڕی کەسیی پاوانکراو و بە بێ کونتڕۆڵدا کار دەکەن و لەو ڕێگایەوە سنوورەکانی نێوان جیهانی ئانالۆگ و دیجیتال بە تەواوی دەشۆنەوە و توونایان دەکەن. ئەوان بە شێوەیەك لە شێوەکان هەنگاو بۆ توانەوەی مۆدێل و ڕاستەقینەی ژیان لە ناو یەکتردا هەڵدێننەوە. بارودۆخێکی ئەوتۆی ژیان تەنانەت لە لایەن ڕێکخراوە و بەرپرسانی خولقێنەری ژیری دەستکردیشەوە جێی کۆنترۆڵکردن نییە. هەستە ڕاستەقینەکانی ئینسانیی زۆر بە ساکاری ناتوانرێ لە لایەن ژیری دەستکردەوە وێنابکرێ. تەنیا لە قووڵاییەوە دەهیندرێتە ڕووکار. خۆهەڵواسینی تەواو بە ژیری دەستکردەوە بە مانای هەڵس و کەوتی جیاواز لەهەنبەر ئەم جیهانە، پەیرەوی لە عەقڵانییەتێکی جیاواز و ماڵئاوایی لەگەڵ عەقڵی سالم یا لانیکەم لە زۆربەی بیرکردنەوە سەربەخۆکانی خۆدی مرۆڤە. هەموو کەس لەجیاتی متمانە بە عەقڵانییەت و یاسا و هەڵس و کەوتی خۆیان، بەو حوکم و بڕیارانە متمانە دەکەن کە لە لایەن ژیری دەستکردەوە دەدرێ. جیهانی چاوەدێریی کامێرایی، بەرنامەی ناسینی ڕوخسار، فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان، ئوتۆمۆبیلی بێ شۆفیر و کەرەسەی شەڕکەر نیشانی دەدەن کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکان بە پێچەوانەی کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتییەکان ئامادەن ئیزن بە ژیری دەستکرد بدەن کە دادوەری لەسەر ژیان و مەرگی خەڵکی بکەن. لەو شوێنانەی بەهرە و قازانج لە کردەوادا بە ئازاری کۆمەڵگاوە لکێندراوە، سەیر نییە لە پلەی یەکەمی ئامانجی سەرمایەی جیهانیدا وەستابێ. باشییەکانی چاوەدێریکردنی خەڵکی بەهۆی کامێرای سەر شەقام و ناو بازاڕەکانەوە گەلێك دیار و بەرچاون بەڵام زیانەکانی تووناکردنی ئازادی هەریمی کەسیی زۆر کەم هەستی پێ دەکرێ. کەوابوو عەقڵانییەتی دادوەریی کۆمەڵایەتی مرۆڤ زۆر لە هی کەرەسەکان دەچێ. پۆلیس، ڕێکخراوەی ئەمنی و کارخانە و

بەگشتی سەرمایەداران لە لۆژیك و سیستەمی بەرژەوەندی و بەهرەی خۆیان کەڵك وەردەگرن: لە ڕوانگەی منەوە – ئەمنییەت یا بەهرە – باشترین قازانجی بۆ من چییە؟ لە زۆربەی ئەو بارودۆخانەدا مەبەست لەو کارانەیان قازانجی گشتی کۆمەڵ یا بەرژەوەندیی کۆمەڵگا نییە.

کەوابوو هەڵس و کەوتی داهاتوو لەسەر ژیری دەستکرد تەنیا پرسیارێکی ڕاهێنانە. ڕەنگە ئێستا پێویستییەکی زیاتر لە جیهاندا بە بەرنامەداڕێژانی کامپیۆتری هەبێ بەڵام لە داهاتوودا پێویستیمان زیاتر بەو مرۆڤانە دەبێ ئەو شتانە ببینن کە بەرنامەڕێژان سەرنجیان نەدابێتێ یا هەستیان پێ نەکردبێ. لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتییەوە داڕشتنی کام بەرنامە دروست یا هەڵە بێ، پرسیار بۆ زانایانی کامپیۆتری نییە. ئەگەر لە یەك کەلامدا کورتی بکەینەوە، ئێمە دەبێ فێر بین گەلێك ژیرانە هەڵس و کەوت لەگەڵ کامپیۆتردا بکەین یاخود کەڵکی لێوەرگرین، خاڵی لاواز و بەهێزی بەراوەرد بکەین، بەستێنی کارکردن بەوان دیاری بکەین و دەرەتان و مەترسییەکانی بە باشی بناسین. چونکە بەوڕادەیە ئەو تێکنیکە ژیرە زۆرتر شوێن لەسەر پێکەوە ژیانی ئێمە دانێ بەو ڕادەیەش کەمتر فەزایەکی ئازادمان بۆ دەهێڵێتەوە کە بتوانین بڕیارە کەسییەکانمانی تێدا بدەین و ماناکانی ژیانمانی تێدا بدۆزینەوە. کاتێ سینسۆر یاخود هەستپێکەرە ئەلکترۆنییەکان زانیاریی لەسەر خەوتن، بیۆڕیتم، لێدانی دڵ و هتد... سەبارەت بە مرۆڤ بدەن و لەسەر بنەمای ئەو زانیارییانە ژیانی ڕۆژانەی دیاری بکەن، مرۆڤ بەرە بەرە کەمتر بیر لە سلامەتی خۆی دەکاتەوە. لایەنگرانی ژیری دەستکرد دەتوانن لێرەدا بڵێن مرۆڤ کاتی زیاتری بۆ کارەکانیتر دەبێ. بەڵام ئەو کارانەیتر کامانەن؟ یاریکردن؟ شتو مەك کڕین؟ هەر وەك زانایان ڕوونیان کردۆتەوە، کات ماکەی خاو یاخود کانزا نییە، مرۆڤ ناتوانی پاشەکەوتی بکا.[٣٥]

لە جیهانێکدا ژیری دەستکرد ڕۆژ بە ڕۆژ ئاڵۆزتر دەبێتەوە و ئەرکەکانی مرۆڤ یەك بەدوای یەکدا لە ئەستۆ دەگرێ، مرۆڤ لەداهاتوودا بە ئەگەری زۆر وەك ئاژەڵی نێو باخچەی ئاژەڵان بارودۆخێکی گەلێك ماندووکەرەیان بۆ دروست دەکرێ. پلەی سەرەوەی ئەمنییەتی ژیان و چاوەڕوانیکردنی ئازادیی تەواو لە داهاتوودا گەلێك جێی

---

[٣٥] Hartmut Rosa: Beschleunigung und Entfremdung. Entwurf einer kritischen Theorie spätmoderner Zeitlichkeit, Suhrkamp ٢٠١٣.

پرسیارە. دیارە سروشتییە بەڵگە و ئارگۆمێنتی بەرپرسان و بەڕێوەبەرانی باخچەی ئاژەڵان سەبارەت بە مرۆڤیش بەڕاست دەگەڕێ. زۆربەی ئاژەڵان بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ سروشتدا، لەناو باخچەی ئاژەڵان تەمەنی زیاتر دەکەن. چونکە بە باشی زاو زێ دەکەن، کەمتر نەخۆش دەکەون و مەترسی ئاژەڵانی دڕندەیان لەسەر نییە. بەڵام ئایا بەو هۆیانە باخچەی ئاژەڵان تەمەنی زیاتر دەکەن، بۆ مرۆڤ جیهانێکی گونجاوترە؟ لێرەدا وەبیر فیلمی خەیاڵی کەشتی فەزایی ئینترپرایز کەوتمەوە: ئەگەر مەبەستێکی گرنگ لە ئارادا نەبێ، سپاك و هاوکارەکانی هەموو کات لە ژوورێکدا کە بۆیان وەك زیندان وایە، چ کارێك بەڕێوە دەبەن؟

سەرەڕای ئەوەش سەفەری مرۆڤ لەمڕۆدا ڕەنگە بە هەنگاوی بچووکەوە بەڵام تەواو بەرەو ئەو شوێنە دەئاژوێ. کێشە و گۆڕانکاریی بێ وەستان، گەورەکردنەوەی تەوەرەکان کە دەبنە هۆی گرنگیدان بە شتێکی ئاسایی و تامەزرۆکردنی کڕیار و لەبەرچاو شیرینکردنی کالاکان لەسەر حیسابی نەزانی و زانیاریی کەمی خەڵکی ئاسایی بوونەتە هۆکار بۆ وەدیهێنانی ویست و ئارەزووی بەپەلەی بەڕێوەبەران و دروستکردنی فەزایەکی ماندووکەرەوە، کە بەردەوام بۆ مرۆڤ ناخۆشتر و بچووکتر دەبێتەوە. هاوکاریکردنی ئەو سیستەمە ویستی ئازادی مرۆڤ نییە بەڵکوو ناچارکردنێکە. هەرکەس نەتوانی خۆی لەگەڵ ستاندارده تێکنیکییەکان و پەیوەندایەتی کۆمەڵایەتی مودێرنی ئەمڕۆیی بگونجێنێ، وەك تاوانێک، پەیوەندی خۆی لە دەست دەدا. لە جیهانێکی تەواو ئوتوماتیکیدا زۆر زوو خۆڕاگریی نامینێ و تەنانەت سکالاکردنیشی لێ قەبووڵ ناکرێ. ئیتر چونکە دەستیان بە سیستەمە کۆنەکە ڕاناگا، بەرە بەرە تoونا دەکرێ و مرۆڤ ناچار دەکرێ بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ سیستەمی نوێ خۆی ڕێك بخا. هیچکام لەو کارانە لەخۆوە ڕوو نادەن. لانیکەم دەکرێ لە کۆمەڵگا دێموکراتییەکاندا پێشیان پێ بگیرێ کە مرۆڤ ناچار بە وەستان لەسەر دووڕێیان نەکرێ. سەرەڕای ئەوەش ئەوان لەسەر ئەو ڕاستییە ژیان دەکەن کە سیاسەت بە بێ ئاڵترناتیڤ نییە، گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی پێك دێ و بە ساکاریش بەڕێوە ناچێ. هەر بەو شێوازەی یەکەمین سەردەمی کەرەسەی ماشێنی بەرە بەرە سیاسەتوانان پێویستییان بە یاسای حکوومەتی هەبوو بۆ ئەوەی چەوسانەوە لە لایەن سەرمایەدارانەوە پێشی پێ بگیرێ، بیمەی دەرمانی کۆمەڵایەتی باو کرا و هەوڵیان بۆ زۆرکردنی داهاتی کرێکاران دا، لە دووهەم سەردەمی ماشێنی واتە سەردەمی ژیری دەستکردیشدا

کارێکی گەلێك مەزن دەکەوێتە سەر شانی سیاسەتوانان و حیزبە سیاسییەکان. مرۆڤ تەنیا دەبێ هیوادار بێ ئەوان وەك لە سەدەی ١٩ بووە هۆکار بۆ هەژاریی، نائارامی کۆمەڵایەتی و پێکهاتنی ئیدیۆلۆژی هەمەڕەنگ، دەرس وەرگرن (ئەو کارەی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا کەمتر بەڕێوە چووە) وەك کار و هەڵس و کەوتێکی تاقانە بتوانن پێش بە کاولکاریی داهاتووی مرۆڤایەتی بگرن. بەو شێوەیەی کرێکاران لە دەسپێکی یەکەم شۆڕشی پیشەسازی وەك ئاژەڵ سەیر دەکرا و هیچ مافێکی نەبوو، لە سەدەی بیست و یەکەمدا وەك بەکاربەری تۆڕی گلۆبالی کەڵکی نابەجێ لە زانیارییەکانی وەرنەگرن و سیستەمی کۆمەڵایەتی پێ نەخەنە ژێر مەترسییەوە.

## شوێنی ژیانی بوونەوەران

شوێنی ژیانی مرۆڤ و بوونەوەرانیتر لەسەر زەوییە. ئەوە هەمان ئەو شوێنە گونجاوەیە کە بە درێژایی تەمەنی گەشەسەندن مرۆڤ خۆی لەگەڵ کەش و هەوا، خواردەمەنی، پارێزگاری لەهەنبەر ئاژەڵانی وەحشی و درێژەدان بە ژیان ڕاهێناوە و پلەی یەکەمی سەروەریی ئەم جیهانەی لەدەست خۆیدا ڕاگرتووە. ئەم جیهانەی وەك فەزایەکی ناوەوەی خۆی لێ کردووە، فەزایەك کە بە هەموو هەستەکانییەوە ئەزموونی دەکا و بەهۆی لێهاتوویی خۆناسینیەوە هەستێکی خۆش و بەکەڵك، بەنرخ و جوان و ژیانی بەکۆمەڵی تێدا پێکهێناوە. لەسەر زانیاریی ئەمڕۆیی، زانست هێشتا شوێنێکیتری جیاواز لە زەوی بۆ ژیانی بوونەوەران لەم ئونیوێرسامەدا پێ نەناساندووین. مرۆڤ خۆیشی هێشتا لە بارودۆخێکدا نییە بتوانێ پلانێتێکیتر بۆ ژیان گونجاو بکا. ژیان لە ناوەندێکی فەزایی یا پلانێتی دەرەوەی زەوی وێران و خاڵییە. بەهۆی بەرزبوونەوەی حەشیمەتی سەر زەوی لە لایەکەوە و تووناکردنی کانزا سروشتییەکان و ماکە پاشەکەوتکراوەکان لە لایەکیترەوە مەترسی لەناوبردنی ئەم شوێنە گونجاوەی ژیان بە ڕادەیەکی زۆر بەرز بۆتەوە.

لەو کاتەوە هۆمۆساپێیەن قاچی لەم جیهانە ناوە مەترسییەکی گەلێك مەزن بۆ تووناکردنی زەوی و ژینگەی بوونەوەران پێکهاتووە. هەوڵ و تەقەلا لەهەنبەر پێشگرتن بەو کارەساتە مەزن و خۆ سووتاندنە نەك هەر پێویستیی بە دۆزینەوەی تێکنیك، سەرچاوەی وزەی نوێ و وەڕێخستنی ناوەندی پاشەکەوتکردنی وزە و کەمکردنەوەی کەڵکوەرگرتنی جیهانی لە کارەبا هەیە، هاوکاتیش دەبێ گۆڕانێکی شۆڕشگێڕانە بەسەر هەڵس و کەوتی مرۆڤی سەر ئەم هەردەدا بهێنرێ، واتە فەرهەنگێکی تەواو نوێ بۆ هەڵس و کەوتکردن لەهەنبەر ژینگە و شوێنی ژیانی

بوونەوەران بخولْقێندرێ. مرۆڤ لە وڵاتە پیشەسازییە دەوڵەمەندەکان ماوەیەکی زۆرە دەزانن ئەو شێوە ژیانەی پیشەیان کردووە تەنیا بۆ ژمارێکی کەمی سەر ئەم هەردە مسووگەر دەبێ لەکاتێکدا هەموو حەشیمەتی زەوی ناتوانن کەڵکی لێ وەرگرن. کەڵکوەرگرتن لە کانزا سروشتییەکان بەو شێوازەی مرۆڤی دەوڵەمەند پیشەی خۆیان کردووە، ناتوانێ و ناکرێ بۆ زیاتر لە حەوت ملیارد مرۆڤی سەر زەوی گونجاو بێ. بەڵام ئێستا ئەو مرۆڤە دەوڵەمەندانەش هەستیان کردووە ئیتر ناتوانن وەك پێشوو ژیان بکەن.

هەموو ئەو کارانە شوێنێکی گەلێك گرنگ و بەرچاو لەسەر ڕۆڵی تێکنیك و تێکنۆلۆژیای ئەم جیهانە دادەنێن. سروشت ئیتر وەك چەندین سەدە بەر لە ئێستا ناتوانێ کانزا و ماکەی پێویست بۆ ژیانی حەشیمەتی چاوەڕواننەکراوی ئەمڕۆیی دابین بکا. بەرزترین قۆناغی گەشەسەندن تەنیا مرۆڤ نییە و هەر وەك نیچە باسی لێوە کردووە، هاوکات بەرزترین پلەی گەشەسەندنی ئەم جیهانەش نییە، بەڵکوو بەرەو توونابوونە و ئەوەش تەنیا مرۆڤی ئاسایی وەك پێشکەوتنخوازی هەستی پێدەکەن. ئەو ڕاستییە کە بەرزبوونەوەی پێشکەوتنخوازی جیهانی بەهۆی گەشەسەندن مرۆڤ ناچار بە خولْقاندنی تێکنیکی نوێ دەکا، لەمڕۆدا دەخرێتە ژێر پرسیارەوە. کاتێ ئیتر ئەو کردەوانە بۆ کامیلکردنی مرۆڤ و مرۆڤایەتی قانعکەرەوە نەبن ئیتر ئیدە، تێئۆری و بۆچوونەکان ماڵئاواییان لێ دەکرێ. کارەساتی ئێکۆلۆژیکی کە بە گورجییەکی لەڕادەبەدەر بەڕێوەیە بە زمانێکی گەلێك ڕوون و ئاشکرا ئاخافتن دەکا: بەها و نرخی ژیانی ئارام و ڕاحەت کە بە شێوەی خەون و خەیاڵ لەمڕۆدا تەبلیغی بۆ دەکەن ژیانێکی گەلێك ناخۆش و هەژاریی بۆ زۆرینەی مرۆڤی سەر ئەم زەوییە بەدیاری هێناوە. بەڵام ئەو ڕوانگەیە نەك هەر بۆ بواری تێکنیکی بەڵکوو بۆ "سیستەمی سەرمایەداری"ش بە مانای مەزنترین ململانێی مێژوویی لە سەردەمی یەکەم شۆڕشی پیشەسازییەوە.

خاوەن کارخانەکانی سەدەی نۆزدەهەم لەهەنبەر شوڕشی کۆمەڵایەتی کە بزووتنەوەی کرێکاریی داوایان دەکرد، بە شێوازێکی گەلێك تووڕە و نامرۆڤانە هەڵس و کەوتیان لەگەڵدا کردن – لە کۆتاییدا بە قازانجی ملیۆنان مرۆڤ تەواو بوو و شێوازی سەرمایەداریی ئەو سەردەمەی کردە بازاڕی ئابووریی کۆمەڵایەتی. پێویستی و ململانێی بۆ پێکهێنان و گۆڕانی بارودۆخی بازاڕێکی ئابووری بەردەوام و قایمی

کۆمەڵایەتی لەمڕۆدا هەوڵی جیددی بۆ دەدریٚ. بەڵام هێشتا وێدەچێ لە ڕوانگەی لیبرال و سوسیالیستەکانەوە پارادۆکسێکی مەزن هەر وەك هی سەردەمی سەدەی نۆزدەی سەرمایەداری بوونی هەبێ. بۆ زۆربەی مرۆڤی لیبرال قەیرانی کەش و هەوا تەوەرێکی مێدیاکانە، لە ڕادەبەدەر زێدەڕۆیی تێدا دەکریٚ و هیوادارن بە زوویی ئەو کۆسپە کۆتایی پێ بێ، چونکە لە ڕوانگەی ڕەواناسییەوە ڕێگاچارەیان بۆی نییە و ناچار بە پێداچوونەوەیەکی بنەڕەتیان دەکا. لەولاشەوە زۆربەی مرۆڤی چەپ بیر لە بارودۆخێکی سەوزی ئابووریی نویٚ دەکەنەوە کە بەگورجی دەتوانێ سەرمایەداریی توونا بکا. بەڵام سرمایەدارییش نە خیاڵی جیابوونەوە لە کۆمەڵی هەیە و نە ئاڵترناتیڤێکی گونجاو لەسەر ڕێگای مرۆڤ دادەنێ. ئەو شتەی بوونی نییە چالاکیی بۆ ڕاگرتن و پێشگرتن بە توونا‌کردنی سیاسەتی ڕاستەقینەیە کە ئیتر مرۆڤ ناتوانێ پێکهاتن و ئاشتییەکی تایبەتیی بۆ پێك بێنێ. ڕێگاچارەی گونجاو بۆ درێژەدان بە ژیانی بوونەوەرانی سەر زەوی شتێك نییە لە ناوەڕاست و چەقی ڕێگا وەستابێ. جێگۆرکێی ئەو کێشەیە بۆ دێمۆکراسیی بەکەڵکی ڕۆژئاوایی کارێکی هاسان نییە. "ناوەڕاست" و "پێوەر" بایەخە خۆشەویستە سیاسییەکانی ئەون. بەڵام کاتێ زەوی دەست بکا بە قەڵەشین بارودۆخی "ناوەڕاست" و "پێوەر" ئیتر دیاری ناکرێن. بارودۆخی ژینگە و سەردەمی ژیری دەستکرد پێویستییان بە کاناڵی ئامادە بۆ بازاڕی سیاسی نییە. باوەکوو ئەوان ئێمە ناچار دەکەن سیستەمی ئابووریی کۆمەڵگای پیشەسازی ئەوڕۆیی بخەینە ژێر پرسیارەوە. ئەوان پێویستیان بە وەڵامدانەوەی نوێیە لەسەر هەموو پرسیارەکانی ژیانمان.

گۆڕانی ئەو پێکهاتە مەزنە تەنیا ئەوکات جێی وێناکردنە کە بیرکردنەوە، فەرهەنگ، ئاگاداری و وشیاری زۆربەی مرۆڤ گۆڕانێکی بنەڕەتی بەسەردا بێ. سەرەڕای ئەوەش نیزیکەی دووسەد ساڵی خایاند بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێ بنەڕەتی خۆی قایم کا و بەردەوام خۆی نۆژەن کاتەوە: بەهۆی بەرهەمی بەکاربەری گونجاو، پێشکەوتوویی پیشەیی، پێکهێنانی بارودۆخی بەربڵاو بۆ پشوودان و ئاسایش و کەم یا زۆر هەڵبژاردن و خووگرتن بە سیستەمی سەرمایەداری کە بارودۆخێکی باشی ئابووری، سەرکەوتوویی، تامەزرۆیی بۆ ژیان و دۆزینەوەی ناسنامەی کەسیی تێدا گەلێك گرنگە. چەندەی کات خایاند خەڵکی ڕازی کرێن و لەمڕۆشدا هەر قەناعەتیان پی بێنن کە بەردەوام سنوورەکان بشکێنن، پێشوازی لە ئاڵۆزی بکەن و ڕێگای نوێی بەکاربەر

بدۆزنەوە، نەك بەو هۆیەی ویستویانە بەو ئامانجە بگەن یا بیانەوەی شتی كۆن لەناوبەرن بەڵكوو بەهۆی شكاندنی سنووری یاسا سەرەكییەكانی ئابووری كە هێشتا دیاری نەكرابوون – تەنانەت ئەگەر هەر وەك پێشبینی دەكرا هەرگیز بە ئامانجی ڕاستەقینە ناگەین و تەنیا سنوورێكی نوێ دیاری دەكەین. لەولاشەوە فەرمانی نوێ ئەوەیە: سنوورەكان سەر بۆ فێربوون دادەنەوێنن! دیارە كارێكی ئەوتۆ واتە دەروونسازی زۆر ساكار نییە. بەرزەفڕی و مەقامخوازیی یۆنانی كەون ڕاهێنانێك بوو؛ باشتركردنی بارودۆخی ژیان و پێكهێنانی دۆخی گونجاو بە مانای ئاسوودەیی زیاتر بۆ مرۆڤ بوو. تا ئەمڕۆ چەندە مەودامان لەوە گرتووە خۆشەویستی بە هۆی ئازار و كێبەركێ مانا نەكەینەوە و بەردەوام شتێكی نوێ بۆ خۆ ترازاندن لە خۆشەویستیی ڕاستەقینە و بەختەوەریی كورتخایەن بخولقێنین، بەڵام هەرگیز هەوڵ نەدەین شتێكی ئاسایی، ئاشنا و جێی متمانە بدۆزینەوە؟

لەڕاستیشدا ئەمڕۆ لە هەموو شوێنەكان بە سنووری خۆمان گەیشتووین. نەك هەر لە فەزایەكی فیزیكی كە لەوێدا بە بێ چالاكی پێشكەوتنخوازی كە زۆرجار ئازادبوونیشمان دەخاتە ژێر مەترسییەوە و ژیانمان لێ تاڵ دەكا، هەروەها نەك لە ڕوانگەی تووناكردنی ماكە كانزا سنووردارەكانمان و هەڵس وكەوتی ئاستەم لەگەڵ شتە زیندوو و مردووەكانی دەوروبەرمان لەسەر ئەم زەوییە؛ نەك بەهۆی شێواندنی ژینگەی خۆمان و بوونەوەرانیتر بەڵكوو بەهۆی شێواوی و كاولكاریی مرۆڤی ئەم سەردەمە كارەساتێك دروست كراوە كە تا ئەمڕۆ لە مێژووی مرۆڤایەتیدا نەبینراوە. ئێمە بە سنووری بیركردنەوەكانیشمان گەیشتووین، بۆ ئەوەی بتوانین خوو و خدە، فەرهەنگ و بارودۆخێكی ئابووری جیاواز وێنا بكەین و پەرە بە مەدینەی فازیلەیەك بدەین كە گەلێك دڵاوا و بەخشندەیە و هەل و مەرجێكی لەبار و گونجاو بۆ تێكەڵبوونی بارودۆخی نالەبار و نائەمنی ئەمڕۆیی لەگەڵ دۆخی ئاسایش و خۆشی ڕابردوومان پێك بێنێ. پەیوەندایەتی نێوان پێشكەوتنخوازیی و مرۆڤخۆشەویستی وەك شتێكی نادیار و ڕاگرتن و پارێزگاریكردن لە بایەخەكانیان بە بێ هەبوونی ئاڵترناتیڤێتر كارێكی ساكار نییە. بەڵام لانیكەم پشوودانێك لە ئوقرەگرتنی هەستپێكراوی ئەم جیهانە كە ڤایرووسی كرۆنای لە وڵاتە پیشەسازییەكاندا خولقاند، دەبوو ئەو هەستە لە مرۆڤدا پێك بێ كە لە خەوی ژیانی ساكار و بزۆز ڕایچڵەكێنێ.

ئیمە دەبێ فێربین داواکارییەکانی خۆمان لەگەڵ داهاتوویەك گرێ بدەین کە ناچار بە بەڕێوەچوونی بێ ئەملا و ئەولامان نەکا، بەڵکوو بەم یا بەو شێوەیە بەڕێوە بچێ. ئەو هەڵس و کەوتە بەتایبەت لە پەیوەندایەتی لەگەڵ پێشکەوتنخوازیدا گەلێك ڕاستە. خوڵقاندنی ژیری دەستکرد نە دەتوانی ڕێگاچارەیەکی گونجاو بێ و نە کارێکی شەیتانییە. ئەرکی ژیری دەستکرد چ چاك و چ خراپ، بەستراوەتەوە بە ئامانجی ئەو کەس، ڕێکخراوە یا وڵاتانەوە کە کەڵکی لێ وەردەگرن. ژیری دەستکرد زۆر کەم دەتوانێ پەیوەندیی بە بەختەوەربوونی مرۆڤەوە هەبێ، بەتایبەت هەر پێشکەوتنخوازییەك زۆر بە گورجی خۆی ئاوێتەی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ دەکا و گەلێك زووش کەم بایەخ دەکرێتەوە. تەنیا بۆ مرۆڤێکی کەم، سەفەرێکی ئاسایی بە ئوتۆمۆبیل یا فڕین بە فڕۆکە ڕووداوێکی بزوێنەر و شادی هێنەرە، هەر وەك چوونە ناو ئینتێرنێت، بە تەلەفۆنی مۆبایل لەگەڵ کەسێك قسەکردن یا وێنەیەك بە ئیمەیل بۆ کەسێك ناردن. دڵەکوتەی سەبارەت بە تێکنیکی نوێ تەمەنێکی گەلێك کورتی هەیە و کەمتر پەیوەندی بە بەختەوەریی بەردەوامەوە هەیە.

ئەرکی تێکنیک ئەوەیە بەکەڵکهاتوو بێ، بەڵام نەك بۆ بەختەوەر بوون یا مانادان بە ژیان. ئەو هەڵس و کەوتە لەگەڵ ژیری دەستکردیش دەبێ هەر بەو شێوەیە بێ. بەهرە لێوەرگرتنی بەردەوام بڕێك سەرتر لە قازانجی ئابووریی کورتخایەنە. هەروەها بەستێنی یارمەتیدەر، مەترسیدار و پرسیار لەسەر ژیری دەستکرد دەبێ بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ ڕابردوو، گەلێك وورد‌تر و جیاوازتر بێ. مرۆڤ دەبێ زیاتر خۆی بە نیشانە، ئولگوو و لێکدانەوەی داهاتووی ژیری دەستکرد بۆ بەڕێوەبردنی ئامانجەکانی کارخانە و سیاسەتوانانی لایەنگریەوە خەریك بکا. دەبێ هەوڵ بدەین بە دەهۆڵکوتان وەدوای ئامانجەکانی ئەو تێکنیکە نوێیە کەوین تا داهاتوویەکی ناخۆشمان بۆ دروست نەکا. بە کەڵکوەرگرتن لە ژیری دەستکرد دەبێ پێشتر مەترسییەکان و ئەگەری پێکهاتنی کارەساتەکانی هەڵسەنگیندرێ، چونکە یا دەبێتە هۆکار بۆ گۆڕینی بارودۆخی ژیانی مرۆڤ و بوونەوەران یاخود هەڕەشە لە ئازادی هەریمی کەسیی مرۆڤ دەکا. ژیری دەستکرد لە ئاسۆی دیاریکردنی کێشەکانیدا دەبێ کەڵکی لێ وەرگیرێ. بەستێنی بێ کێشە و ئەرێنی کەڵک لێوەرگرتنی لە خزمەت ئینسانییەت دا دەبێ چونکە ئەو هەڵس و کەوتانە کۆسپ بۆ مانا و بایەخە سەرەکییەکانی ژیان پێك ناهێنێ. دیارە هیچ کێشەیەك نابێ ئەگەر ژیری دەستکرد بتوانێ بە شێوەی ئوتوماتیك

ئەرکی کارخانەکان و ناوەندە بەرهەمهێنەرەکان بەڕێوەبەرێ. پرۆسە و ڕەوتی لۆژیکی لە ئەستۆ بگرێ، پلان بۆ کەڵکوەرگرتن لە کانزا سروشتییەکان دانێ و مودیرییەتی چلۆنایەتی بەرهەمەکان کونترۆڵ بکا بەو مەرجەی هەوڵی کونترۆڵی بەتەواویی کرێکاران و بەرێوەبەرانی ئەو ناوەندانە نەدا. دەبێ مەرجێکی هاوچەشن بۆ سیستەمە یارمەتیدەرەکان بۆ نۆژەنکردنەوەی ڕەوتی کار و کونترۆڵیان بەڕێوەبچێ. ئایا ڕۆبۆتەکان کاری بەرهەمهێنانیان لەسەر شانە، یا خۆیان بە خاوێنکردنەوە و لابردنی زبڵەوە خەریك کردووە، لەو بوارانەدا سیستەمی ژیری دەستکرد پێویستی بە زانیارییە کەسییەکانی مرۆڤ نییە. هەروەها کەڵکوەرگرتن لە ژیری دەستکرد لە زۆربەی بوارە زانستییەکاندا کارێکی گەلێك بە مانا و بایەخدارە.

لە بواری پزشکی و لە زۆربەی بەستێنەکانی ئەو زانستە پێشوازی لە ژیری دەستکرد دەکرێ چونکە گەلێك گورجتر و ووردتر دەتوانێ بڕیار بدا. چەند ڕۆژ پێش، لە هەواڵەکاندا بیستم، باندێکی بڵاوکەرەوەی وێنەی سێکسی منداڵان لەسەر تۆڕی ئینتێرنێت گیراون و بۆ ئەوەی بتوانن سزایان بەسەردا بسەپێنن، دەبوو هەموو ئەو وێنانەی لەسەر کامپێترەکانیانە کونترۆڵ بکرێن. لەبەر ئەوەی ژمارەی وێنەکان لەڕادەبەدەر زۆرن، ئەگەر مرۆڤ بیهەوێ خۆی ئەو کارە بەڕێوەبەرێ کاتێکی گەلێك زۆر دەگرێ، بەڵام بۆ ئەو کارە بەرنامەیەکیان دروست کردووە کە لە ماوەیەکی کەمدا وێنەکان هەڵدەسەنگێنێ و ئەزموونی کارەکە بە گورجی دەخاتە بەر دەستی مرۆڤ. یا بۆ هەڵسەنگاندن و دۆزینەوەی د. ن. ئای مرۆڤی تاوانکار کە لە کامپیۆتردا پاشەکەوت کراون، بە گورجییەکی زۆر و لە کاتێکی کەمدا ئەو کارە بەڕێوەدەبا کە مرۆڤ ناتوانی کێبەرکێی لەگەڵدا بکا، ئەو چەشنە کارانەی ژیری دەستکرد گەلێك ئەرێنی و یارمەتیدەرێکی بەرچاون و مرۆڤ تەنیا دەتوانێ پێشوازیان لێ بکا. بەڵام مەترسیدار دەبێ کاتێ زانیارییە کەسییەکانی مرۆڤێکی زۆر وەك، بۆچوونی سیاسی، زمان، فەرهەنگ، نەتەوە، ڕەنگی پێست، ئایین یا تایبەتمەندییەکانیتری بۆ وێنە ژمارەی حیسابی بانك و هتد... لەسەر کامپیۆتر یا پلاتفۆرمی وەك فەیسبووك، گووگل یا کەرەسەکانیتر پاشەکەوت بکری و کەڵکی نابەجێیان لێ وەرگیرێ. لێرەدا ئەو پرسیارە بۆ مرۆڤ دروست دەکرێ کێ و کام ڕێکخراوە و بۆ چ ماوەیەك ئیزنی پاشەکەوتکردنی زانیارییە کەسییەکانی مرۆڤیان هەیە؟ سەرەڕای ئەوەش دەبێ لە ڕوانگەی یاساییەوە متمانە بە مرۆڤ بدرێ کە کەڵکی نابەجێ لەو زانیارییانە

وەرنەگیرێ. بۆ وێنە لەمڕۆدا لاوازی و بێدەسەڵاتیی دادپەوروەرانە لەهەنبەر ڕێکخراوە و پلاتفۆرمی بیانی و کەڵکی نابەجێ وەرگرتن لە زانیارییە کەسییەکان بۆ وڵاتی ئاڵمان گەلێك دژوارە. کاتێ ئێمە هەوڵی پاتفۆرمێکی گلۆبالی بۆ هەموو جیهان دەدەین، دەبێ یاسای جیهانیشی بۆ بدۆزینەوە بۆ ئەوەی نەتوانرێ یاری بە زانیارییە کەسییەکانی مرۆڤ بکرێ. هەموو ئەو بەرنامانەی لەوێدا ژیری دەستکرد بتوانێ چارەنووسی مرۆڤی پێ دیاری بکا، بە هەموو مەترسی و کەموکورتییەکانییەوە کارێکی تەواو نایاسایییە. هەر بۆیە پێویستییەکی جیددی بۆ دانانی یاسایەکی گشتی بۆ هەموو جیهان دەبێ لە ئارادابێ.

ڕوونکاریی و شەفافبوونی کەڵك وەرگرتن لە ژیری دەستکرد و ئەرکەکانی لە کۆمەڵگادا لایەکی کێشەکەیە و لایەکەیتری داهاتووی ئاکام و ئەزموونی بەڕێوەچوونی جیهانی کارییە. کاتێ بە شێوازی گشتی باس لە ژیری دەستکرد دەکرێ زۆرجار وەك تووناکەر یاخود بکوژی کار وبار، مەترسیدار دەنوێنێ. دیارە کەڵکوەرگرتنی بەردەوام و زیاتر لە ژیری دەستکرد ژمارێکی زۆری پیشەی مرۆڤ لە ئەستۆی خۆی دەگرێ و کارەکان لە دەست ئەو مرۆڤانە دەردێنێ.

بەڵام مەترسی لەدەستدانی پیشە زۆر لەمێژە ئیتر باسی سەرەکی بەرپرسان نییە. حیزب، ڕێکخراوە کرێکارییەکان و سیاسەتوانان بە شێوەی گەلێك ئاسایی هەڵس و کەوت لەگەڵ ئەو کارە دەکەن کە گوایە جیهانی کاریی ئەمڕۆیی بە تەواویی وەك خۆی دەمێنێتەوە و پارێزگاریی لێ دەکرێ. ئایا لەڕاستیدا وایە؟ دیارە گەلێك گونجاو دەبێ ئەو شوێنە کارییانەی بۆ مرۆڤ مەترسی پێك دێنن لە لایەن ژیری دەستکردەوە بگیرێتەوە. پرسیار لەسەر مانای ژیان بە سروشتەوە نەلکێندراوە کە مرۆڤ لە بەیانی زووەوە تا ئێوارێ بۆ ووەرگرتنی پارە کار بکا. لەڕاستیدا پەیوەندی نێوان مانای ژیان و پارەوەرگرتن شتێکی گەلێك نوێیە. پرسیار لەسەر مانای ژیان ڕەنگە تەنیا لە سەردەمی دایك و باوە گەورەکانماندا کارێکی باو و ئاسایی بووبێ. ئەو ڕاستییە کە لەمڕۆدا هەمیسان ماناداربوونی ژیان ژمارێکی زۆری لاوانی بەخۆیەوە خەریك کردووە بە دڵنیاییەوە پێشکەوتوویی و ئەزموونێکی جوان و ئازادیخوازیی کۆمەڵگای سەرمایەدارییە. بەڵام کار لە نانەواخانەیەکی گەورە، ناوەندی بەستەبەندی کالا یا سندووقی سۆپیرمارکێتێك لەمپەر لەسەر ڕێگای دادەنێ. هەرچەند بەهێزتر بۆ پرسیار

لەسەر مانای ژیان لە کۆمەڵگایەکی کلاسیکی حەقدەست سکالا بکا، بەوڕادەیەش کەمتر ئەو دوانە لەگەڵ یەکتر دەگونجێن. لەجیاتی خۆ نووساندن بە کۆمەڵگا کۆنەکەوە، کاردانەوەی نەریتی و حەقدەستی ئەو پرسیارە دروست دەکا: ئایا کۆمەڵگایەکی چالاکی داهاتوو چلۆن دەبینرێ کە پڕبایەختر لە کۆمەڵگای حەقدەستی ئەمڕۆیی بێ؟

ژیری دەستکرد ئەو لێهاتووییەی هەیە بتوانێ مرۆڤی کرێکار بکاتە کۆیلەی پرۆسەکان – بەڵام هاوکاتیش لێهاتوویی ئازادی پێدانی بۆ ئەو مرۆڤانە هەیە کە کاری مانادار بەڕێوە نابەن. ئایا بەکارهێنانی ژیری دەستکرد دەبێتە هۆکاری سەرەکی بۆ گەورەتربوونەوەی مەودای نێوان چینی هەژار و دەوڵەمەند، یاخود کۆمەڵگایەکی تەواو نوێ بە سیستەمی جیاوازی متمانەپێکراو و ناسینی کۆمەڵایەتی زیاتر پێك دێنێ؟ – ئەو پرسیارانە لە لایەن بەرنامەداڕێژانەوە دیاری ناکرێ بەڵکوو لە لایەن سیاسەتوانانەوە بڕیاری لەسەر دەدرێ. هەر ئەو سیاسەتوانانەشن کە دەبێ بڕیار بدەن ئایا بازاڕی ئابووری کەسیی لەژێر کۆنتڕۆڵی چەند کارخانەی پێشکەوتوودا دەمێنێتەوە یا لەژێر دەسەڵاتی بازاڕی ئازادی ئابووریی کۆمەڵایەتی بەردەوامدا. بەوڕادەیەی مرۆڤ زیاتر ناچالاك و غافڵ بێ و گوێ نەداتە سیاسەت و خۆی لە چاوەدێریکردنی بۆچوونە جیاوازەکانی سیاسەتوانان بدزێتەوە، بەهەمان ڕادە زیاتر ڕێگا بۆ سیاسەتوانان خۆش دەکرێ بۆ ئەوەی بتوانن بە ساکاری بڕیارمان لەسەر بدەن. ئەگەر سیستەمی ژیری دەستکرد بەهۆی پێشکەوتنخوازی لە داهاتوودا بەردەوام کونتڕۆڵی لە دەست مرۆڤ بچێتە دەر – کە بە ئەگەری زۆر بەرەو ئەو ئامانجە دەڕوا – تەوەری سیاسەتی میزانکردنی ڕێساکان لە لایەن یاسای نوێوە ڕێگاچارە بۆ تاقمێك لە کێشەکان دیاری دەکا. ئەو بارودۆخە دەکرێ لەگەڵ بەربەرەکانی لە هەنبەر کارەساتی کەش و هەوادا هەڵسەنگێنرێ. ئەو کارانەی لەمڕۆدا نەتوانین بە هێزەوە پێشیان پێ بگرین، لە داهاتوودا بەڕادەیەك بەهێز دەبنەوە کە ئیتر نەتوانین بەربەرەکانیان لە هەنبەردا بکەین.

بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کێشەکانی داهاتوومان نە هۆکارێك بوونی هەیە بە قەزا و قەدەری بسپێرین و نە ئێمە کاتی ئەوەمان دەبێ خۆمانی پێوە خەریك بکەین. دیارە لاپەڕەی مێژووی داهاتوو هێشتا هەر سپییە و هیچی تێدا نەنووسراوە. ئەگەر کەوانەی گەشەکەر و سنووردارکردنی گەشەسەندنی زانیاریی تێکنیکی تەنیا وەك ئەفسانەیەك خۆی نیشان بدا، لەپڕێکدا مەیدانێکی گەورەی کاریمان بۆ دەکرێتەوە، کە

لەوێدا کۆمەڵگاکان لەسەر خۆیان، بایەخ و بەها ئینسانییەکان و ئامانجەکانیان، تێگەیشتوویی و متمانەیان بۆ پێك دێ. ژیری دەستکرد نەك هەر سنوورەکانی، بەڵکوو لایەنە بەهێزەکانیشی بۆ مرۆڤ دیاری دەکا. سەفەری بچووکی ئیمە بۆ ناو دڵی مرۆڤایەتی دەبوو نیشانی بدا کە خەڵک، ڕووداوە ڕاستەقینەکانی جیهان بە چ شێوەیەکی خەیاڵی، سۆزداری و زۆرجار نەگونجاو سەیر دەکەن.

لە لایەکیتریشەوە دەبێ گومانی ئەوە بکەین کە پسپۆران و زانایانی تێکنیکی زانستی و ئابووری بە لێهاتوویی کاریی خۆیانەوە – بەتایبەت لەسەر ئەو شتانەی لێیان دەبیستین، زیاتر لەسەر کڕین و فرۆشتنی بەرچاوی بازاڕیی بۆمان بدوێن، نەك لەسەر ئەو شتانەی ژیان بایەخدار دەکەن. کەوابوو لە ڕوانگەی ئابوورییەوە گەلێك بەهێزن، بەڵام لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتییەوە گەلێك لاواز. بەتایبەت لە پەیوەندایەتی لەگەڵ سیلیکۆن ڤالی کە یەك لە شوێنە هەرە گرنگ و پێشکەوتووەکانی تێکنۆلۆژی جیهانە، ناکرێ ناکۆکی هەبێ. ماناداان بە ژیان لەسەر خۆ بڵاوکردنەوەی بێوچان و سوودوەرگرتن لە کانزا سروشتییەکان بۆ بەرزکردنەوەی ڕادەی شادکردن و بەختەوەربوونی مرۆڤ نییە. مانای ژیان خودی ژیانە بەڵام نەك لە ڕوانگەی بیۆلۆژیکییەوە بەڵکوو بە مانای ڕاستەقینە. هیچکەس لایەنێکی دیاریکراو بۆ سروشت و مرۆڤایەتی دیاری ناکا جیا لە سوودپەرستان و پێغەمبەرانی درۆیین. هەروەها هەرکەس بڕێك لە مانای ڕاستەقینەی ژیانی مرۆڤ تێبگا، تێکنۆلۆژیا و چالاکییەکانی بە شێوەی بیۆلۆژیکی سەیر ناکا بەڵکوو زیاتر لە ڕوانگەی فەرهەنگییەوە دەیانبینێ.

ژیانی ئینسانی و پێکەوەژیانی مرۆڤ زیاتر لەوەی بەهۆی سیستەمی تێکنیکییەوە جێی لێ تێگەیشتن بێ، لە ڕوانگەی فەرهەنگییەوە دیاری دەکرێ. بەرنامەداڕێژانی ژیری دەستکرد و ئەو کەسانەی دەیانەوێ کەڵکی لێ وەرگرن، دەبێ گەلێك وورد خۆیان ڕابێنن و فێری هەڵس و کەوتی دروست بکرین. ڕاگرتنی زەینی ئەمڕۆیی بەو مانایە نییە بە ساکاریی لە هەستی ناسیاوی خۆمان کەڵکوەربگرین. شێوەی کاری ژیانی دیجیتالیی ئێمە دەبێ وەك تۆڕێکی پەیوەندایەتی و ئینسانی بۆ قازانجی خۆدی مرۆڤ کەڵکی لێ وەرگیرێ. بۆ بەشداریکردن یا پێداچوونەوەی کۆمەڵایەتی یاخود سنوور دیاریکردن بۆ هەستە سۆزدارییەکان، ژیری دەستکرد بۆ هەمیشە وەک کەرەسەیەکی بێ بیر و مێشك دەمینێتەوە. ماناداربوون و گرنگایەتی پرۆگرامە داڕێژراوەکانیان

خاڵی کوێر و لاوازی ئەوانە و هیچ هۆکارێك نییە بۆئەوەی گومان بکەین ئەو کەس و ڕێکخراوانە ئازار بدا کە کەڵکی لێ وەردەگرن. هەر کەس تەنیا هەست بە قازانجێکی بکا، لە هەر ڕەهەندێکی مانایی خۆ دەشارێتەوە. ئەو کێشەیە و یەك لایەنەبوونی پێشکەوتوویی تێکنیکی پێشتریش لە سەدەی نۆزدەهەمدا زۆر بە باشی ڕوون کرابۆوە. بۆ فەیلەسۆفی فەرهەنگی ماکس وێبەر "Max Weber" ئەو شتەی ئەو ناوی "ژیری" لێ نا، شمشێرێکی دوو سەر بوو.[٣٦] ئەو لە سەرەتاوە وەك ڕێکوپێکییەکی مەزن و سیستەمێکی بونیاتنەری ئابووری، کۆمەڵایەتی، زانستی، تێکنیکی و یاسایی جێژنی بۆ گرت، بەڵام بەپێی کات زیاتر هەڵس و کەوتێکی ناخۆشی تێدا پێکهات، چونکە ئایا ئەخلاق، فەرهەنگ، هونەر و تەنانەت هەڵس و کەوتی سێکسیش ماوەیەکی زۆرە لەناو مرۆڤدا عەقڵانی نەکراون؟ هەروەها ئایا لەڕاستیدا جیهانێکی بەتەواویی مەجازی، بە بێ چالاکی، بۆچوون و نهێنی و بەشداریکردنی مرۆڤ وەك سەرەکیترین ئەندامی پەرەسێنراوی ناو بوونەوەران، بایەخی ژیانکردنی دەبێ؟

لەڕاستیدا "فەرهەنگی زەینی" تێکنیکی، دەبێ مرۆڤ لە ژیانی ناخۆش و کاری زۆر و قورس ڕزگار بکا. ئەو پێشکەوتنخوازییە دەبێ مرۆڤ لە سروشت و سنوورەکانی ئازاد بکا. بەڵام کەرەسەی ژیر بەو شێوەیەی لە خزمەتکردن بە تاقمێك مرۆڤی سەرمایەداردا بێ و تەنیا بە مەبەستی پارە کۆکردنەوە و چەوساندنەوەی مرۆڤی هەژار کەڵکی لێ وەرگیرێ، نەك هەر ئازادی و سەربەخۆیی بۆ مرۆڤ بەدیاری ناهینێ بەڵکوو بە شێوەیەکی نوێ مرۆڤ دەکاتە کۆیلە و هۆگری خۆی، و تەنیا کێشەکانی ژیانیان لەبیر دەباتەوە. تێکنیکی نوێ مرۆڤ لەسەر ڕێگای ژیانی دەترازێنێ، چونکە بە بێ ئەو ئیتر ژیانی بۆ ناکرێ و وەك ڕاوچییەك بەردەوام و لەهەر شوێنێك وەدوای دەکەوێ. ئەو کەرەسەیە کراوە بە ئامانجێك و لەجیاتی ئەوەی مرۆڤ تەنیا بۆ هاسانکردنەوەی ژیانی کەڵکی لێ وەرگرێ، ئەو کەڵك لە مرۆڤ وەردەگرێ. لەکۆتاییدا کەرەسەی تێکنیکی پەرجۆیەکی وەك پارەی لێ دروست دەکرێ، بە بێ لەبەرچاوگرتنی زیانی کارەکە، خۆی لەخۆیدا بایەخدار دەکرێ. ئایا لەوناوەدا هیچ دەرسێکمان وەرگرتووە؟ یا هەر وەك هەمیشە مرۆڤ تەنیا کاتێ زیانی

[٣٦] Besonders deutlich und kritisch in Max Weber: Gesammelte Aufsätze zur Religionssoziologie (١٩٢٠), Bd. ١., Mohr ١٩٨٨.

لێ بکەوێ، وشیار دەبێتەوە؟ ئایا چاوەڕوان دەمێنینەوە هەتا ژیری دەستکرد سواری کۆڵمان بێ، ژیانی ڕۆژانەمان دیاری بکا و جیهانی کاریمان لێ توونا بکا و کونترۆڵی بەتەواوی لەدەستمان دەرچێ؟ بڕیار لەسەر بەها ئینسانییەکانی ژیانی مرۆڤ بدا، بە بێ ئەوەی بزانێ یاخود لە هەستی مرۆڤ تێ بگا چارەنووسمان دیاری بکا و دیاردەی دێموکراسیمان لێ لاواز بکا، کە ساڵیانی درێژە خەباتی بۆ دەکەین و قوربانی بۆ دەدەین؟

تەواو بەو هۆیانەوە ژیری دەستکرد مرۆڤ ناچار دەکا وێنەیەکی نوێ لە خۆی بخولقێنێ و بە ووردی بزانێ نیازە ڕاستەقینەکانی چین. ئێمەی مرۆڤ نابێ داهاتووی خۆمان بخەینە دەست توانایی بەرنامەداڕێژان و خاوەنە سەرمایەدارەکانیان. ئەوە پێشکەوتوویی زانستی دیالکتیکییە. وانەی ژیری دەستکرد لەسەر ئەوە ساغ نەبۆتەوە وەك کەرەسە ژیرانە بیر کەینەوە، بەڵکوو هەست بەو ڕاستییە بکەین کە عەقڵانییەت چ کارێك دەتوانی بکا. بەتایبەت لەم سەردەمەدا و بە هەڵسەنگادن لەگەڵ کەرەسەکان دەکرێ بایەخ و مانای ژیانی مرۆڤ ووردتر و باشتر لە هەر سەردەمێك وێنا بکرێ. لەجیاتی ئەوەی بیر لە پێکەوەژیان لەگەڵ کەرەسە بکەینەوە، دەبێ زیاتر لەگەڵ مرۆڤ و بوونەوەرانیتر ژیانی هاوبەش پێك بێنین. بە درێژایی ملیۆنان ساڵ، گەشەسەندن مرۆڤ و بوونەوەرانیتری بە باشی لەگەڵ بارودۆخی ئەم پلانێتە ڕاهێناوە، ژیری دەستکرد ئەگەر جەهەننەمێکمان بۆ ساز نەکا ناتوانی لە ماوەیەکی کەمدا بەهەشتی سەر زەویمان بۆ بخولقێنێ.

ئەگەر وەدوای ڕێنوێنی مرۆڤی زانا بۆ هاسانکرنەوەی ژیان و ڕێگاچارە دۆزینەوە بۆ کێشەکانی دەوروبەرمان کەوتووین، دەبێ بە چاوی کراوەوە ئاگاداربین پێشکەوتنخوازی لەخزمەت هەموو چینەکانی کۆمەڵگادا بێ و تەنیا لە چوارچێوە و بازنەی تاقمێك مرۆڤی چەوسێنەردا بەرتەسك نەکرێتەوە. ئەگەر بەختەوەرییەك هەبێ، دەبێ تەنیا لێرە و لەسەر ئەم پلانێتە بەدوایدا بگەڕێین. دیارە پێشکەوتوویی و زانستێکی زۆر لە داهاتووی ژیانماندا لەسەر ڕێگامانە، کەوابوو دەبێ لە هەنبەریاندا بوێرانە خۆڕاگری بکەین. خەون و خەیاڵی ژیان لە داهاتوویەکی نیزیك لە شوێنێکیتری جیا لە زەوی لە لایەن مرۆڤی سەرووی مرۆڤەوە بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ هەوڵدان بۆ پێکهێنانی زەوییەکی سالم و بێ کێشە گرنگایەتی نییە. با دەست بدەینە دەستی یەکتر و

لەجیاتی فانتازیا و خەونی خەیاڵی هەست بە بارودۆخی ڕاستەقینەی زەوی بکەین و هەوڵ بدەین ژینگەی خۆمان و بوونەوەرانیتر توونا نەکەین. گرنگ ئەوەیە تا ئێستا چ تێگەیشتووییەکی دروستمان لەسەر سروشت و ژینگەی دەوروبەرمان بووە و بە ئەزموون وەرگرتن لە خاڵە نەرێنییەکانی، چلۆن دەتوانین بە باشی ژینگەیەکی سالم بە نەوەکانمان بسپێرین.

## گوتەی کۆتایی

ژیری دەستکرد دەتوانێ کونترۆڵی مرۆڤ بکا بە بێ ئەوەی هەستی پێ بکەین. تەلەفۆنی مۆبایل لەمڕۆدا ئاخافتنمان لەگەڵدا دەکا، کاتژمیری مەچەکی دەستمان هەموو زانیارییە سڵامەتییەکانمان تۆمار دەکا، کامپیۆتر هەنگاوە کارییەکانمان بە شێوازی ئوتۆماتیک بەڕێوەدەبا، ئوتۆمۆبیل، فڕۆکە و دڕۆنە خۆیان سەربەخۆ هیدایەت دەکەن و ڕۆبۆت و کامپیوتر زۆربەی پیشەی مرۆڤیان لە ئەستۆ گرتووە و تەنانەت بۆ پشکنینی پلانیتی دەوروبەرمان کەڵکیان لێ وەردەگیرێ. ئورگانیزمی بیۆلۆژیکیش نموونەیەك لە سیستەمی هزر و ژیرن کە وەك مرۆڤ لە ڕەوتی گەشەسەندندا پێکهاتوون و دەتوانن سەربەخۆیانە کێشەکانی خۆیان چارە بکەن. زۆرجار سروشت مودێلێکە بۆ پێشکەوتوویی تێکنیکی. زۆرجاریش زانست و زانایان ڕێگاچارەیەکی باشتر لە سروشت دەدۆزنەوە. کەوابوو شتێك بە ناوی "هزری کامیل" بوونی نییە بەڵکوو دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەکی گونجاوە کە دەکرێ لە لایەن سیستەمی تێکنیکی یا سروشتییەوە دامەزرێ. لە پشتیانەوە جیهانێکی ئالگاریتمی وەستاوە کە ڕۆژ بەڕۆژ قایمتر، ئاڵۆزتر و بەهێزتر دەبێتەوە. ئێمە هەموومان ڕۆژانە شاهیدی پرۆسەی جیهانی ئینترنێتین و دەبینین کارێکی وا مەزنی گلۆبالی بە بێ بەشداری ملیۆنان سنسۆری هەستپێکەری ئەلکترۆنیکی نەگونجاو دەبێ. هەروەها پشکنینی زانستی پزشکییش بە شێوەیەکی بەرچاو لە ئالگاریتمی ژیری دەستکرد بۆ دۆزینەوەی یاسا و مێتۆدە نوێیەکانی دەرمانی و سڵامەتی کەڵکی لێ وەردەگیرێ. پشکنین و تاقیکاریی لەسەر ژیری دەستکرد بۆ هاسانکردنەوە و گۆرجکردنەوەی کاری مرۆڤ داهاتوویەکی ڕووونی بۆ خولّقاندووە.

تاقمێك مرۆڤ لەمڕۆدا باس لە ژیرێکی لەڕادەبەدەر بەهۆش دەکەن کە لە داهاتوودا دەتوانێ ترس و ناهومێدی لەمرۆڤدا پێك بێنێ. مرۆڤ دەبێ لە سەرەتاوە لە تێکنیکی ئەو بوارە تێ بگا ئینجا دەتوانێ توانایی و سنوورەکانی گومان بکا. تەنیا لەڕووی ئەو تێگەیشتووییەوە دەکرێ شوێندانانی کۆمەڵایەتی هەڵسەنگێندرێ.

ناکرێ چاوپۆشی لە کارە زانستییەکان و چالاکیی مرۆڤی ئەو بوارە بکرێ. بەڕاستی، لە چەند دەیەی داهاتووەوە هەنگاوێکی بەرزی زانستی لە هەموو بوارەکاندا هەڵێنراوەتەوە. هەر وەك پێشتریش ئاماژەمان پێکرد، بەو مەرجەی پێشکەوتنخوازی لە خزمەتکردن بە هەموو مرڤێکی سەر ئەم هەردەدا بێ، داهاتوویەکی گەلێك پیرۆزە و دەبێ هەر مرۆڤێك پێشوازی لێ بکا. بەڵام ئەگەر ئەزموونی ئەو پێشکەوتووییانە هەر وەك گومان دەکرێ، تەنیا لە خزمەتکردن بە تاقمێك مرۆڤی سەرمایەداردا بێ و بارودۆخی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی پێ کونترۆڵ بکرێ کە مرۆڤ بکەنە کۆیلەی مودێرنی سەدەی بیست و یەکەم، دەبێ گەلێك ڕوون و ئاشکرا هەر وەك سەردەمی دیکتاتۆرانی پێشوو هەڵوێستی لەهەنبەردا بگرین و نەهێڵن دیکتاتۆریی دیجیتالی بخوڵقێندرێ و کۆنترۆڵی سەر وماڵمان بکا.

تەواو

www.rojhalat.de

www.bokan.de

redaktion@rojhalat.de